# گۆڤاری
# گیرفان


**وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی سەربەخۆیە**
**کۆمەڵێك روناکبیر لەگەرمیاندا دەریدەکەن**
**ژمارە (٩)ساڵی دووەم، بەهاری ٢٠٠٨**



خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر
**مەلا تەحسین گەرمیانی**
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢)

بەرێوەبەری نوسین
**ئومێد بەرزان برزۆ**
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢

دەستەی نوسەران
**پەخشان محمد     سامان کەریم**
**کەریم ئەحمەد تایشەیی**

ستافی وەرگێران
**رەحمان عەلی**
**عومەر عەبدولکەریم قادر**

ماڵپەری ئینتەرنێت
www.dengekan.com

E-mail
govarigirfan@yahoo.com

ناونیشان
**کەلار - کتێبخانەی بێدار**


**گۆڤاری گیرفان لەم کتێبخانانە دەست دەکەوێ:**

**سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی–کتێبخانەی شەعب–
کتێبخانەی وەزارەی رۆشنبیری)
**کەلار** (کتێبخانەی بێدار–کتێبخانەی خاك)
**کفری** (کتێبخانەو پەڕاوگەی ئاری)
**دەربەندیخان** (کتێبخانەی رەسەن)
**هەڵەبجەی شەهید** (خانەی کتێبی هەڵەبجە)
**هەولێر** (کتێبخانەی خەیام)
**سۆران** (کتێبخانەی سۆران)
**سەیدسادق** (کتێبخانەی رێبین)


دیزاینی بەرگ:
**ئارام لوقمان**
**٠٧٧٠١٥٠٨٢٥٣**

دیزاینی ناوەوە:
**هاوار محەمەد**

چاپ:
**چاپخانەی رەهەند**
**سلێمانی-شەقامی مەولەوی بازاڕی بەرهەم**


## .. پێڕست ..


**ناوبانگترین تاوانەکانی تیرۆری سیاسی لەئەمریکا**
وەرگێڕانی: ئاسۆ وەهاب ———— ٥
**بۆچی ئەمریکا هێزێکی سۆپەر پاوەرە**
ئامادەکردنی: سامان عەزیز ———— ١٣
**ئایە (نزهە القلوب) یەکەم کتێبە ناوی کوردستانی تیادا هاتووە؟**
وەرگێڕانو ئامادەکردنی: خالد مەحمود کەریم ———— ٢١
**قەتڵو عامەکەی ئەرمەن ئەو ڕەشە کوژییەی کەملیۆنو نیوێك مرۆڤی تیادا کوژرا**
وەرگێڕانی: فاتح سەلام ———— ٢٦
**گروپی کفری لەنێوان داهێنانو بەردەوامی مانەوەدا**
د.عادل گەرمیانی ———— ٤٦
**گچکە گەشتێك لەئەتڵەسی بەندو باو و سیحرو نوشتەو فاڵو ئیدو باوەڕو جادوودا**
لەتیف هەڵمەت ———— ٥٠
**فڕین بۆ نەگەڕانەوە**
عومەر شەریف ———— ٥٧
**سێبەر**
عیسا چیایی ———— ٦٠
**بڕیاردان.. چۆن بڕیار بدەین**
نووسینی: ئەندازیاری دەروونی NLP (زانا خەیام) ———— ٦٩
**جلوبەرگو کاریگەرییە دەرونیو کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیان**
نووسینی: م.مستەفا سەعید ———— ٧٤
**توندوتیژی خێزانی**
ن: د.عبداللە بن دهیم     و: رەحمان علی ———— ٨١
**نامۆیيو لاوەکی منداڵ**
ن: د.لطیفة حسنی الکندری   و: د.فاروق نەقشبەندی ———— ٩٢
**فیمینیزمو خەبات بۆ یەکسانی**
نووسینی: هیوا ئەحمەد ———— ١٠٢
**ئافرەت لەڕوانگەی پیاوەوە**
پەرشی شێخ صاڵح ———— ١٢٣
**کچێك لەنمونەی وەفایدا**
پەخشان محمد ———— ١٢٧
**پێنج کابینەی حکومەت نەیتوانی کارەبا چارەسەر بکات!!**
مەلا تەحسین گەرمیانی ———— ١٣٤

# ناوبانگترین تاوانەکانی تیرۆری سیاسی لە ئەمریکا



**وەرگێڕانی ئاسۆ وەهاب**
asowahab@maktoob.com



بە بەراورد لەگەڵ مێژوی کورتی دروستبونی ئەمریکا، تێبینی ئەوە دەکرێت کە چەندان تاوانی ناوبانگی تیرۆرکردنی سیاسی لەم وڵاتەدا ڕویداوە، کە دیارترینیان تیرۆرکردنی سەرۆك ئیبراهام لینکۆڵینە لەساڵی (١٨٦٥)ز، هەروەها لە ماوە جیاجیاکانی مێژوی ئەمریکا چەندان پلانی تیرۆرکردنی سیاسی سەرنجی هەموان ڕادەکێشێ، کە دیارتریان ئەمانەن: تیرۆرکردنی سەرۆك جیمس ئای گارفیلد، سەرۆك ولیام ماکینلی، سەرۆك جۆن ئیف کینیدی، هەڵسوڕاوی سیاسی مالکۆم ئیکس، ڕابەری مافە مەدەنییەکان مارتن لۆسەر کینگ، هەروەها چەندان هەوڵی شکست خواردوی تر کە لەماوەی جیاجیادا ئەنجامدراوە، کە بەناوبانگتریان هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆك ڕۆناڵد ریگان بو لەساڵی (١٩٨١)ز.

تیرۆری سیاسی بەوە پێناسە دەکرێت، کە هەوڵی کەسێکە یان



لایەنێك بۆ تیرۆرکردنی کەسێکی دیاریکراو بۆ ئامانجی سیاسی، تاوانبار تیایدا هەڵگری چەندان ئەجیندای سیاسی و ئایدۆلۆژی دیاریکراوە.

**تیرۆرکردنی سەرۆك ئیبراهام لینکۆڵین** (١٨٩٥):

یەکەم سەرۆکی ئەمریکایە کە تیرۆر بکرێت، هەروەها دیارترین ڕوداوە لە مێژوی ئەمریکا و مشتومڕێکی زۆری لەبارەوە کراوە، چونکە لینکۆڵین سەرۆکی یەکێتییەکە بو لە کاتی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکادا، هەروەها ڕاگەیەنەرەی ئازادکردنی قولەکانی ئەمریکا بو لە کۆنفدرالییەکەی باشور، ئەمەش وایکرد لەو کاتەدا وەکو ئامانجێکی شەرعی جەنگ تەماشا بکرێت.

لەگەڵ هەڵبژاردنی بە سەرۆکی شانزەهەمی وڵاتە یەکگرتووەکان، نامەی هەڕەشە پێدەگەیشت، ئاگاداری دەکردەوە لەوەی کە پلانێك



هەیە بۆ کوشتنی.

جۆن ویلکس بۆس توندڕەوێکی هاوسۆز بو بۆ ویلایەتە باشورییەکان لە کاتی جەنگی ناوخۆییدا، پەیوەندیکردە گروپێکی پلانگێڕی کە پێکهاتبو لە سامۆیل ئارنۆڵد و جۆن سوارت و مایکڵ ئۆلۆگین و لویس پاوڵ و جۆرج ئەتزیرودت و دیڤید هیرۆڵد، ئەمانە بە ڕابەری بۆس پلان و جێبەجێکردنی پلانی تیرۆرکردنی سەرۆك ئیبراهام لینکۆڵین ئەنجامداوە.

بۆس ڕق و کینەیەکی زۆری لە دڵا بو بەرامبەر بە لینکۆڵین و بە هۆکاری دواکەوتن و کێشەکانی باشوری دایدەنا، بۆیە لە سەرەتادا بڕیاری ئەوە بو لینکۆڵین بفڕێنێ بۆ شاری ڕچمۆندی پایتەختی ویلایەتی ڤیرجینیا و دواتر لەگەڵ دیلە باشورییەکانی جەنگ بیانگۆڕێ، کاتێك ئەم پلانەی سەری نەگرت بڕیاریدا لینکۆڵین بکوژێت، لە سەرەتادا پلانەکە وابو، کە لەو کاتەی بۆس سەرۆك لینکۆڵین لە هۆڵی فۆرد تیرۆر دەکات، ئەتزیرودت و پاوڵ لە شوێنی جیاوازدا هەر یەك لە جێگری سەرۆك ئەندرۆ جۆنسۆن و وەزیری دەرەوە ولیام سیوارد تیرۆر بکەن، پێشبینییەکانی ئەو گروپەش ئەوە بو، کە ئەم کردەوەیە دەبێتە هۆی شڵەژانی دۆخی سیاسی و لاوازکردنی یەکێتییەکە و بوار دەڕەخسێنێ بۆ جیابونەوەی باشور.

لە شەوی (١٤ی ئەپرلی ١٨٦٥) واتا پێنج ڕۆژ دوای کۆتایهاتنی جەنگی ناوخۆ و تەسلیمبونی دوا جەنراڵی کۆنفدرالییەکەی باشور ڕۆبەرت لی، کاتێك سەرۆك ئیبراهام لینکۆڵین لە هۆڵی فۆرد ئامادەی نمایشێکی شانۆیی بو، بۆس توانی خۆی بگەیەنێتە ئەو شوێنە



تایبەتەی کە ئیبراهام لینکۆڵین لێوە سەری نمایشەکەی دەکرد و لە دواوە بە فیشەك تیرۆری بکات، بەڵام پلانی تیرۆرکردنی جێگری سەرۆك و وەزیری دەرەوە سەری نەگرت..

دوای تێپەڕبونی دوازدە ڕۆژ بۆس و هاوڕییەکانی لە لایەن دەسەڵاتی فیدراڵییەوە دەستگیرکران و لە سێدارە دران .. پلانەکەشیان سەری نەگرت بۆ جیابونەوەی باشور.

**تیرۆرکردنی سەرۆك جیمس ئای گارفیلد لە** (١٨٨١):

کارلس گیتۆ کە یەکێك بو لە هەوادارە توندڕەوەکانی پارتی کۆماری ئەمریکا، لە (٢ی یۆلیۆی ١٨٨١) لە تەرمیناڵی هێڵی ئاسن لە واشنتن دی سی پایتەخت چەند فیشەکێکی ئاراستەی سەرۆك جیمس ئای گارفیلد کرد، لە ئەنجامدا فیشەکی یەکەم بەر دەستی کەوت و برینێکی ڕوکەشی هەبو، بەڵام فیشەکی دووەم لای چەپی سینەی کەوت و لەلای ڕاستی بڕبڕەی پشتی جێگیربو، دوای چەند هەفتەیەك لە چارەسەرکردن سەرۆك جیمس ئای گارفیلد بەهۆی بەربونەوەی خوێن لە ناوەوە و پیسبونی گیانی لەدەست دا، کارلس گیتۆی پاریزەر دوای ڕەتکردنەوەی داوایەکی بۆ دامەزراندنی وەکو باڵوێزی ئەمریکا لە فەرەنسا لە لایەن گارفیلدەوە زۆر تورە دەبێت و دەچێتە ئەو شوێنەی کە سەرۆکی لێیە و فیشەکی پێوە دەنێت، هەر لە شوێنی ڕوداوەکە دەست بەجێ لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت، دوای دادگایکردنی لە (٣٠ یۆنیۆی ١٨٨٢) لە سێدارە دەدرێت، زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە هۆکاری مردنی سەرۆك گارفیلد دەگەڕێتەوە بۆ ئیهمالی ئەو تیمە پزیشکییەی کە چارەسەریان کردووە.

**تیرۆرکردنی سەرۆك ولیام ماکینلی لە (١٩٠١):**

لە (٦ی سیبتەمبەری ١٩٠١) لەکاتێکدا سەرۆك ماکینلی سوپاسگوزاری خۆی بۆ هەوادارانی لە پێشانگای دەوڵەتانی ئەمریکا دەربڕی، ئاژاوەگێڕێك بەناوی لیۆن کازلگۆسز تەقەی لە بیست و پێنجەمین سەرۆکی ئەمریکا ولیام ماکینلی کرد، سەرەڕای ئەوەی کە سەرۆك ماکینلی تەنها برینداربو لەو ڕوداوەدا، کەچی دوای شەش ڕۆژ مرد، جارێکی تر مردنی ڕابەرێکی وەك ماکینلی خرایە ئەستۆی ئەو گروپە پزیشکییەی کە چارەسەریان دەکرد، بەڵام دواتر بەڵگە پزیشکییەکان ئەو تۆمەتانەیان ڕەتکردەوە.

لە سەرەتادا بڕوا وابو کە تیرۆرکردنی ماکینلی دەرئەنجامی پلانگێڕییەکی گەورەیە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو بزوتنەوە ئاژاوەگێڕییەی کە ئەمریکا و پێشتر ئەوروپای گرتووەتەوە لە پشت ئەو ڕوداوەیە، تەنانەت کازلگۆسز لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا ئەو وتانەی دوەتەوە کە (بۆچی تاکە پیاوێك ئەو هەمو دەسەڵاتە گەورەیەی هەبێت، بەڵام پیاوێکی تر هیچی نەبێت)، لە (٢٩ی ئەکتۆبەری ١٩٠١) لیۆن کازلگۆسز لەسێدارە درا.

**تیرۆرکردنی سەرۆك جۆن ئیف کینیدی لە (١٩٦٣):**

لە (٢٢ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣) لەو کاتەی کاروانی ئۆتۆمبیلەکەی کینیدی بەناو شاری دەڵاسی ویلایەتی تکساس بە نێو ئاپۆڕەی جەماوەرێکی زۆردا گوزەری دەکرد و خودی سەرۆك و ژنەکەی لە ئۆتۆمبیلە بێ بانەکەوە سڵاویان لەو جەماوەرە دەکرد، تەقە لە سەرۆك کینیدی کرا، تەقەکان ڕاستەوخۆ بەر سەر و ملی لە پشتەوە کەوتن و دوای یەك کاتژمێر مردنی کینیدی ڕاگەیەندرا،



تیرۆرکردنی کینیدی دەوڵەت و پارتەکەی و تەنانەت نەیارانی سیاسەتەکەی توشی شۆك کرد.. دوای چەند کاتژمێرێك ئەفسەرێکی هێزی دەریایی بەناوی لی هارڤی ئۆزواڵد تەمەن ٢٤ ساڵ دەستگیرکرا و تاوانی تیرۆرکردنی کینیدی درایە پاڵ و دوای دو ڕۆژ کوژرا، تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەو ڕوداوە لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت، تاوانی کوشتنی کینیدیش دەدرێتە پاڵ لایەنی جیاجیا و هەندێکیش لەو بڕوایەن، کە لی هارڤی ئۆزواڵد بێتاوانە و تەنها ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵ تا تاوانبارانی ڕاستەقینە بشاردرێتەوە.

وێڕای ئەوەی کە بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە، بەڵام ئەوانەی کە بڕوایان بە تیۆرەی پلانگێڕی هەیە، ئەو تاوانە دەدەنە پاڵ لایەنی جیاواز، ئەوویش بەپێی ئەو خەیاڵاتانەی کە خۆیان دەیکەن لەبارەی کوشتنی کینیدییەوە، تاوانبارەکانیش بریتین لە: دەزگای هەواڵگیری یەکێتی سۆڤێتی جاران KGB، ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی FPI، دەزگای ناوەندی هەواڵگیری ئەمریکی CAI، پۆلیسی نهێنی یان مافیا، تەنانەت هەندێك دەڵێن کە جێگیرەوەی سەرۆك کینیدی لیندۆن بی جۆنسۆن ڕەنگە دەستی هەبێت لە تیرۆرکردنی کینیدی، چەندان لێکۆڵەرەوەش لەو بڕوایەدان، کە حکومەتی سێبەر یان نهێنی خودی ئەمریکا دەستی هەبووە لە لەناوبردنی کینیدی.

**تیرۆرکردنی هەڵسوڕای ڕەشپێست مالکۆلم ئێکس (١٩٦٥):**

مالکۆلم ئێکس یان حاجی مالکی شەباز یەکێکبو لە سەرکردە توندڕەوەکانی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا، وتەبێژی سەرەکی بزوتنەوەی ئومەتی ئیسلامی ئەمریکی بو، ئەم بزوتنەوەیە



بانگەوازی بۆ جیابونەوەی ڕەشپێستەکان دەکرد، دواتر مالکۆلم لەو بزوتنەوەیە جیابووەوە و دەزگای مزگەوتی ئیسلامی ڕێکخراوی یەکێتی ئەمریکییە ئەفریقییەکان لە ١٩٦٤ دامەزراند، ناوبانگی مالکۆلم بۆ ئەو بانگەشە سیاسی و ئایدۆلۆژیانە دەگەڕێتەوە کە مشتومڕ و هەرایەکی زۆری دەنایەوە.

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردو کاتێك دوژمنایەتی ڕەگەزپەرستی لە ئەمریکا گەیشتە لوتکە، دوژمنەکانی مالکۆلم زۆرەوە بون، کە دیارترینیان دوژمنایەتی ڕکەبەرە موسڵمانە ڕەشپێستەکانی تر بو، لەو ماوەیە چەندان هەڕەشەی کوشتن گەیشتە مالکۆلم تا لە (٢١ی فبرایەری ١٩٦٥) لە ناو ئاهەنگێکی جەماوەری لە هۆڵی ئاهەنگەکانی گەڕەکی هارلم لە شاری نیویۆرك سێ کەس بەناوی تالماج هایر و تۆماس جۆنسۆن و نۆرمان پاتلر گولە بارانیان کرد، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بڕوای وا هەیە کە لایەنی تر دەستی هەبووە لە تیرۆرکردنی مالکۆلم ئێکس، لەوانە بزوتنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی و حکومەتی ئەمریکا.

**تیرۆرکردنی ڕابەری مافە مەدەنییەکان مارتن لۆتەر کینج (١٩٦٨):**

مارتن لۆتەر ڕابەرێکی ئاینی ڤولەکان و سەرکردەیەکی کاریگەریی مافە مەدەنییەکان بو، هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بو بۆ ئاشتی، لە (٤ی ئەپرڵی ١٩٦٨) لەو کاتەی لە بانێژەی ژوری ئوتێلێکی شاری ممفیسی ویلایەتی تینیسی ڕاوەستابو تەقەی لێکرا و کوژرا، لۆتەر کینج بۆ پشتیوانیکردن لە ناڕەزایەتییەکی کرێکارانی بواری تەندروستی چوبووە ممفیس.

کینج ڕۆڵێکی کارای بو لە ڕودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە



گرتنەبەری هەنگاوی ئاشتیانە، دوای تیرۆرکردنی کەسێك بەناوی جیمس ئێرڵی ڕای بە تاوانی کوشتنی کینج گیرا و بۆ دەربازبون لە سزای لەسێدارەدان دانی بە تاوانەکەیدا نا و سزای بەندکردنی هەتا هەتایی بەسەریا سەپێنرا.

تاوانی تیرۆرکردنی کینج هەرایەکی زۆری نایەوە و لە ڕاپۆرتی ئەو لیژنە پەرلەمانییەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکی دایمەزراندبو هاتبو کە ڕای ڕەنگە بەشێك بێت لە پلانێکی زۆر گەورە کە لە لایەن گروپێکی توندڕەوی باشورییەوە ئەنجامدراوە و دور نییە FPI ڕۆڵی هەبێت لە پلانەکەدا، چونکە ئەو ڕۆژەی کە کینج تیرۆرکرا، چاودێریکردنی سپێردرابو بە چەند کارمەندێکی ئەو دەزگایە، هەمان ئەم پێشبینییە لە بارەی تێوەگلانی FPI یاریدەدەری سەرۆکی پۆلیسی ممفیس بە دوری نەزانی، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لە بارەی تێوەگلانی FPI دەست لێکۆڵەرەکان نەکەوت و تاوانەکە تەنها درایە پاڵ جیمس ئێرڵی ڕای.

**سەرچاوە// سایتی ڕاپۆرتی واشنتن ...**




لە ناو سیستەمێکی جیهانی ئاڵۆزدا کە وڵاتێك بە سۆپەرپاوەر ناوببرێت ڕەنگە ئاسان نەبێت، سەرچاوەی ئەو هێزە تۆکمەیەی وادەکات وڵاتێکی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان بە سۆپەرپاوەر دابنرێت، بە دڵنیاییەوە باکگراوندێکی ئاڵۆز و سێستیماتیك لە هەناویدایە، بۆیە دەبێتە خاوەن ئەم نازناوە جیهانییە، ئەم هێزەیە وادەکات کۆی هاوکێشە جیهانییەکان بە بێ ئەمریکا هاوسەنگ نەبێت و لە بەرامبەردا جەمسەرە هەرەگرنگەکەی جیهان هەر دەبێت لە کۆتاییدا کارلێکە گلۆباڵییەکان باڵانس بکات کە ئەویش ئەمریکایە.

زاراوەی "Super Power" کە دەتوانین بڵێین هێز یان



دەسەڵاتی تۆکمە و تەواو دەگەیەنێت، کە ئەمەش هەمو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و تەکەنەلۆژیا و فەرهەنگی و کەلتوری دەگرێتەوە، کە وڵاتێك لە کۆی ئەم چەمکانەوە بە تەواوی تۆکمەیە و بە هۆی کۆی سەرچاوەی ئەم هێزانەوە دەتوانێت بە ئاسانی سنورێکی جوگرافی بەرفراوان ببەزێنێت و بەشداریەکی چالاکی کاریگەریی هەبێت لە سەر کۆی ڕوداوە جیهانییەکان.

لە لایەکی ترەوە لە سەردەمێکدا زاراوەی "Great Power " بەکاردەهێنرا کە بە مانای زلهێز دێت، ئەمەش بۆ خۆی ئەو کاریگەریەتییە دەگرێتەوە کە وڵاتێك هەیەتی و تا ڕادەیەك لە جوگرافیایەکی سنورداردا کاریگەریی بە سەر ڕوداوەکاندا هەیە، بۆ نمونە لە سەردەمێکدا ڕەنگە وڵاتێکی وەك بەریتانیا زلهێز بوبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا هێزێکی سۆپەرپاوەر نەبووە.

بە گشتی و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٣دا ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنرا بۆ "وڵاتانی یەکێتی سۆڤێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا" ، بەڵام وردە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەریتانیا لە ناو هاوکێشەی سۆپەرپاوەربوندا بەرەو نەمان چووە و لەو کاتە بەدواوە تەنها دو هێز وەك سۆپەرپاوەر لە ئاستێکی جیهانیدا دەمێنێتەوە، ئەوانیش یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکایە تاوەکو سەردەمی جەنگی سارد.

بەڵام هەنوکە بیرۆکە و بڕوای باو لەناو ڕۆژنامەنوسان و ئەکادیمییەکانی جیهان و زۆرێك لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە تەنها ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تاکە سۆپەرپاوەری جیهانی



دادەنێن و سیفەتی تاك جەمسەری جیهانیشی پێدەبخشن و تەنانەت جاربەجار بە ( Hyper power) ناوی ئەمریکا دەبرێت، کە ئەمەش سەروی هێز و دەسەڵات دەگەیەنێت لە تۆکمەبون و پتەویدا.

زۆر لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە دەرکەوتەی چین و هیندستان لە سەدەی بیست و یەکدا نزیکە لەوەی وەك هێزێکی سۆپەرپاوەر بەدەر بکەون و پێیان دەڵێن " Near_ Super power"، هەروەها یەکێتی ئەوروپا هێزێکی ئابوریی گەورەی هەیە کە وەك سۆپەرپاوەرێك وایە، هەرچەندە لە دەرئەنجامدا لە ڕوی سەربازییەوە ئەم نازناوە ڕەنگە نەیگرێتەوە بە بەراورد بە هێزی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

هەرچەندە ڕەنگە زۆر ڕون نەبێت، کە بتوانین بە تەواوی بنچینە گرنگەکانی سۆپەرپاوەر بون پێناسە بکەین، بەڵام لە بنەڕەتدا چەمکی سۆپەرپاوەر بون هەیمەنەیە (Hegemony)ە لە زۆر ڕوی جیۆپۆلیتیکەوە . لە ڕاستیدا ئەم هەیمەنەیە پەیوەندیدارە بە دو جۆر پاوەرەوە کە ئەوانیش (هاردپاوەر) و (سۆفتپاوەر) ( Hard power & Soft power) و سۆپەرپاوەر بون هەیمەنەیەکە دەتوانێت پرۆژە بە ئەنجام بگەیەنێت لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت، کە ئەمەش لە دنیای نوێدا تەنها پێویستی بە هێز و پلانی سەربازی نییە، بەڵکو پێویستی بە هێزی ئاسمانی و زەمینی و دەریای و توانایەکی بەهێزی بڵاوبونەوەی هەیە بە کۆی ناوچە و هەرێمە جیاجیاکانی جیهاندا، بە مەرجێ ئەم پرۆژانە لە توانایدا



بێت کە کۆی پێداویستییەکانی بەجێهێنانی ئەرکەکانیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئایندەیەکی دور مەودا، ئەمەش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکاندا.

لە لایەکی ترەوە بازاڕ واتە (ساغکردنەوە و کڕین و فرۆشتنی شتومەك) کاریگەرییەکی گەورەی هەیە و هێزی ئابوری یەکێکە لە کارئەکتەرە گرنگەکانی پەیوەندیدارە بەم چەمکەوە، بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا توێژینەوە لە بواری ( بۆشای ئاسمانیدا) ئاماژەیەکی ڕون بووە بۆ دەرخستنی توانای ئابوری.

لە کاتێکدا دەبینین لە ماوەی شەڕی ساردا بەشێکی سەرەکی لە ململانێکان لە بواری پێشبڕکێی توێژینەوە و گەشتی ئاسمانیدا بووە بۆ دەرخستنی هێز و توانای ئابوری، هەروەها کاریگەریی فەرهەنگی سیمایەکی تری دەرخستنی سۆپەرپاوەر بونە لە جیهاندا، فەرهەنگ و کەلتوری پێشکەوتو و عەقڵانی کاردانەوەی گەشەسەندن و شارستانییەت و فەلسەفە و ئایدلۆژیایەکی مۆدێرنە و بە ئاسانی دەتوانین ئەم جیاوازییە فکرییە لە ململانێی و شەڕی ساردا لە نێوان هەردو ئایدلۆژیای سەرمایەداری و کۆمۆنیزم ببینین، کە هەریەکەیان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی ئایدیای جیاوازییانەوە بلۆکی فکری جودا بەرهەم بهێنن.

لە سەردەمی نوێدا توانای بەدەستهێنان و گەیشتن بە ئەنجامەکان لە زۆرترین و فراوانترین ناوچەی زەویدا کاریگەرییەکی ئەکتیڤی هەیە بۆ بەدەستهێنانی نازناوی سۆپەرپاوەردا، زۆر لە چاودێرانی سیاسی و ئابوری و ئەکادیمی لە ئێستادا تەنها ویلایەتە

یەكگرتووەكانی ئەمریكادا بە تاكە سۆپەرپاوەری جیهان دەزانرێت، كە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆكارانەی لای خوارەوە:

یەكەم/ فاكتەری جوگرافی: ئەمریكا لە ڕوی فراوانی جوگرافییەوە بە سێیەم وڵات دادەنرێت لە ڕوی پێوانەیی جوگرافییەوە لە دوای هەریەك لە ڕوسیا و كەنەداوە، لەگەڵ ئەمەشدا كوالیێتی هەرێمە جوگرافییەكەی لە ڕوی بەپیتی و دەوڵەمەندییەوە كاریگەری هەبووە لە ڕوی بەهێزبونی ئەم وڵاتەوە.

دووەم/ فاكتەری دیموگرافی: ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتە یەكگرتووەكان نزیكەی سێ سەد ملیۆن زیاترە، كە ئەمەش دەكاتە ٤,٥٪ ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی، هەروەها لە ڕوی گەشە و پێشكەوتنی چەمكی ( H.D.I) واتە ( Human Devebpement Indix )ەوە بە یەكێك لە وڵاتە هەرە باڵا و گەشەسەندووەكان دادەنرێت، لە ڕوی پەرەسەندنی توانای مرۆییەوە چەمكی ( H.D.I) هەر یەكە لە پێشبینی تەمەن درێژی تاكی ئەو وڵاتە و بەرزی ئاستی خوێندەواری و پێشكەوتنی فەلسەفەی پەروەردە و فێركردن و هەروەها بە گشتی پێشكەوتوی ستانداردی ژیانی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە كە لە ئاستێكی مۆدێرن و خۆشگوزەراندا ژیان بەسەر دەبەن.

سێیەم/ فاكتەری سیاسی: ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كە ولاتێكی كۆماری فیدرالی دەستوری سەقام گیرە و ئەم شێوازە سیاسییە لە بەڕیوەبردنی كاروباری ولأتدا گەورەترین هۆكار بووە بۆ ڕەخساندنی هەلێكی گونجاو و سەقامگیر و دیموكراسی ئارام بۆ



گەشەكردنی سەرجەم بوارەكانی ئابوری و سیاسی و سەربازی و كشتوكاڵی و مەدەنی و پەروەردەی و تەكنەلۆژیا و هەروەها ولایەتە یەكگرتووەكان بە ڕێژەی ٢٢٪ بەشداری دەكات لە پشكی نەتەوە یەكگرتووەكاندا، هەروەها یەكێكە لە ئەندامە هەمیشەییەكەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی و خاوەن پاوەری ڤیتۆیە لەو ئەنجومەنەدا، لە ئاست زۆربەی كێشە نێو نەتەوەیەكاندا و لە بەرامبەر هەر هەڵوێستێكی سیاسیدا لەلایەن چەندین ولأتی زلهێزەوە پشتگیری لە ئەمریكا دەكرێت، لەوانە ( بەریتانیا، كەنەدا، نیوزلەندە، ئوستڕالیا، ئەڵمانیا، ژاپۆن، كۆریای باشور، ئیسرائیل).

چوارەم/ فاكتەری ئابوری و دارایی: ئەمریكا خاوەن گەورەترین ئابورییە لە جیهاندا لە ئاستی نەتەوەیدا كە ڕێژەی داهات و بەرهەمی نیشتمانی واتە ( GDP)ی ئەمریكا نزیكەی (١٢) تریلیۆن





دۆلارە بۆ ساڵێك، هەروەها ئەمریكا بە ڕێژەی نزیكەی (٣٠٪) بەشداری دەكات لە گۆڕانكاری و بازرگانی شتومەك لە ئاستی بازاڕەكانی جیهاندا، كە ئەمەش نیشانەیەكی دیاری گەشەی ئابوری مۆدێرین و پێشكەوتووە لە جیهاندا، تەنها لە (٢٠) ساڵی ڕابردووە تا ئێستا گەشەی ئابوری ئەمریكا هەمو ساڵێك بە تێكڕای و بە ڕێژەی (٣٪) زیادی كردووە بە بەردەوامی.

بارەگای سەرەكی هەرە زۆری دامەزراوە دەزگا ئابوریی پەیمانگا جیهانییەكان لە ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادایە، سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی كۆمپانیا ئەمریكییەكان پێشەنگی بەرهەمهێنانی شتومەكن لە ئاستی جیهاندا وەكو مەوادی ئەلیكترۆنی و پەیوەندیی تیلیكۆمۆنێكە زانیاری و تەكنۆلۆژیا و لە ئاستی بۆشایی ئاسمان و وزە و نانۆتەكنەلۆژیا و بایۆتەكنەلۆژی و پزیشكی و بایۆئین فۆرماتیك و ئەندەزای كیمیای و سۆفت وێردا.

ئەمریكا گەورەترین بەرهەمهێنەری بەروبومی كشتوكاڵە لە ئاستێكی گلۆباڵدا و لە ناردنە دەرەوەی نەوتدا گەورەترین كاریگەریی هەیە لەسەر جەستەی دارایی جیهانی وەك دەستی هاوكاری بە تایبەت بۆ بانكی نێو دەوڵەتی جیهان.

پێنجەم/ فاكتەری سەربازی: ئەمریكا یەكێكە لە وڵاتە هەرە پێشكەوتووەكانی جیهان لە ڕوی ئامراز و كەرەستەی سەربازییەوە خاوەنی نوێترین چەك و تەكەنەلۆژیای هونەری جەنگە لە هەمو جیهاندا، هەروەها خاوەنی دووەم گەورەترین دامەزراوەی وزەی ناوەكییە لە جیهاندا لە دوای وڵاتی ڕوسیاوە، هەروەها خاوەن



چالاكترین موشەكی سەربازییە لە جیهاندا دژ بە زۆربەی ئەو موشەكانەی كە نەیارانی ئەمریكا هەیانە و ڕەنگە جێی هەڕەشەی ئەمنی بن لەسەر ئاسایشی نەتەوەی ئەمریكا.

ویلایەتە یەكگرتووەكان توانای بەڕێوەبردنی چەندین پرۆژەی سەربازگەی گەورەی هەیە لە هەر خاڵێكی جیهاندا بێت، تەنها لە ساڵی ٢٠٠٥دا بۆ نمونە بودجەی هێزی سەربازی ئەمریكی نزیكەی پێنج سەد و بیست و دو بلیۆن دۆلار بووە كە لە هەمو جیهاندا ئەم بڕەیە ژمارەیەكی بێ هاوتایە.

شەشەم/ فاكتەری كەلتوری و ڕۆشنبیری: كەلتور و ڕۆشنبیریی ئەمریكی یەكێكە لە هەرە كاریگەرترین فەرهەنگە ڕۆشنبیرییەكان لە جیهاندا، لە سەروی هەموشیانەوە زمانەكەیان كە زمانی ئینگلیزییە بە هۆی دەوڵەمەندی گەشەكردوی ئەم زمانەوە و لە ئەمڕۆدا بە هۆی تۆڕەكانی پەیوەندیی كۆمۆنیكەشینەوە بووە بە زمانی هەمو جیهان و زمانی جیهانگیری.

**سەرچاوە/ سایتي ویكبیدیا بە زمانی ئینگلیزی.**

# ئایە (نزهة القلوب) یەکەم کتێبە ناوی کوردستانی تیادا هاتووە؟

وەرگێڕان و ئامادەکردنی/ خالد مەحمود کەریم
Kardo-2003@ho+mail.com

نیشتیمان و خاکی کورد لە سەرچاوە مێژوویی و جوگرافییەکانی ئیسلامدا بە هەرێمی چیاکان یا وڵاتی شاخ ناسراوە و سنورەکەی زۆرینەی کوردە، بێگومان سنور و ژمارەی شارەکان کە سەر بەم هەرێمەن، بە پێی سەردەم و ڕۆژگار و بە پێی سەرچاوەکانیش کە لە بارەیەوە نوسیویانە گۆڕانی بە سەردا هاتووە و جیاوازییان تێدایە.بۆ نمونە لای (ئیبن حەوقەل)[1] و (ئەستەخری)[2] هەولێر لە ڕیزی شارەکانی هەرێمی چیاکان نییە، بەڵام (قەلقەشەندی)[3] لە سەر ئەم هەرێمەی داناوە.

دانانی هەرێمی چیاکان وەك نیشتیمانێك بۆ کورد ئەوە ناگەیەنێت، کە سەرجەم دانیشتوانی ئەم هەرێمە هەمو کوردن، لە ڕاستیدا ناولێنانی هەرێمەکە بە چیاکان یان چیا زیاتر ناولێنانێکی جوگرافی بووە و دەرئەنجامی پێداویستی دەوڵەتی ئیسلامی بووە بۆ ڕێکخستنی ئەیالەتەکانی بۆ ئاسانکردن و کۆکردنەوەی خیراج و ناسینی ڕێگە بازرگانییەکان و ڕێکخستنی پۆستە و ........ هتد،



سەرەڕای (هەرێمی چیا)ش کورد لە هەرێمی ناوچەکانی تری ئیمپراتۆریایی ئیسلامیدا هەبون، وەك لە سەرچاوە مێژوویی و جوگرافییە ئیسلامییەکاندا ئاماژەی پێدەکەن وەك هەرێمی ئازربایجان و خوزستان و جەزیرە و ئەرمینیا، ئەمانەش تێکڕا هەرێمێکی دراوسێ بە هەرێمی چیاکان بون، لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لای جوگرافیناسە موسڵمانە دێرینەکان دابەشکردنە جوگرافییەکان ملکەچی ڕەگەز و نەتەوە نەبووە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا پێویستە بکرێت، کەی ناوی کوردستان بۆ یەکەم جار بۆ هەرێمی چیا بەکاربراوە؟ یان کەی ناوی کوردستان بۆ یەکەم جار لە سەرچاوە مێژوویی و جوگرافییەکاندا بەکارهێنراوە؟ کوردناسی ناسراو (باسیلی نیکیتین) لە کتێبی (الكورد دراسة سوسيولوجية و تاريخية) دەڵێ یەکەم مێژونوس کە ناوی کوردستانی هێناوە (حمدالله المستوفی القزوینی)یە لە کتێبی (نزهة القلوب) کە ساڵی (٧٤٠ کۆچی - ١٣٤٠ زاینی) بە زمانی فارسی نوسیویەتی[٤].

خاوەن کتێبی (بلدان الخلافة الشرقیة) دەڵێ ئەوەی لەبارەی سەرەتاکان و بنەچەی هەرێمی کوردستانەوە دەوترێت، دەگێڕنەوە کە دەوروبەری سەدەی دوانزە سوڵتان (سەنجەر سەلجوقی) بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان دادەبڕێت ( واتە ئەو بەشەی دەکەوێتە سنوری دەسەڵاتداریەتی کرماشان) و ناوی کوردستانی لێدەنێت[٥] و سلێمان شای برازای دەکاتە سەرپەرشتیاری، ئەمەش لە گێڕانەوەکانی (المستوفی)یە کە دەڵێت کوردستان لە سەردەمی ئەودا بوژانەوەیەکی بەرفراوانی بەخۆوە بینیوە[٦]، ڕەنگە کتێبی (نزهة



القلوب)[٧] یەکەم کتێب بێت ناوی کوردستانی وەك ناولێنانێکی ئیداری دەهێنێت، بەڵام ناوی کوردستان وەك ناولێنانێکی جوگرافی نزیکەی چل ساڵ پێش نوسینی (نزهة القلوب) هاتووە.

لە کتێبی (مراصد الاطلاع) و لە باسکردنی بابەتی لوڕدا هاتووە (لوڕ نەوەیەکن لە کورد و لە شاخەکانی نێوان ئەسفەهان و خورستاندان، ئەو دەوروبەرە بەوانەوە ناسراوە، پێی دەڵێن کوردستان و لە هەمانکاتیشدا لوری پێ دەڵێن)[٨].

کتێبی (مراصد الاطلاع) کە (صفی الدین البغدادی) ساڵی (٧٠٠ کۆچی ـ ١٣٠٠ زاینی) نوسیویەتی بریتییە لە کورتکراوەی کتێبی (معجم البلدان)ی (یاقوت الحموی) نوسەر، تەنها بە کورتکردنەوەی کتێبەکە نەوەستاوە، بەڵکو زانیاریی تری بۆ زیادکردووە و وەك خۆیشی دەڵێت: لە هەندێ جێگە و شوێن کە لە کتێبەکەدا هاتووە کۆڵیوەتەوە و هەر هەڵەیەکیش کە تیا بووە ڕاستیکردۆتەوە (سەرنج و ئاکام بۆ هەر ناوێکی و هەڵەیەك لە ناوهێنانیدا بۆ هەندێ جێگە و شوێن چوبێت ڕاستمکردۆتەوە)[٩]، ناوهێنانی کوردستان لە (مراصد الاطلاع)دا ناکرێت هەڵەیەك بێت و ئەوانە کردبێتیان کە سەر لە نوێ کتێبەکەیان نوسیوەتەوە، چونکە ئەوەی لە کتێبەکەی کۆڵیوەتەوە (صفی الدین البغدادی) ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی زیاد لە چەند جارێك پیاچونەوەی بۆ دەستنوسەکە کردووە[١٠].

جگە لە کتێبی (مراصد الاطلاع) ناوی کوردستان لە کتێبێکی تردا هاتووە، ئەویش کتێبی (جامع التواریخ)ە[١١] کە (ڕەشیدالدین



فەزڵەدین الهمدانی)[١٢] ساڵی (١٣١٠ -١٣١١)ز نوسیویەتی لە لاپەڕە (١٦١)ی ئەم کتێبەدا باس لە ڕۆیشتنی هۆلاکۆ خان دەکات بۆ هەمەدان، دەڵێ : هۆلاکۆ بە یاوەری خانەدان و پیاو ماقوڵانی قولی و بلغە و تومار و میرە پایەدارەکان بوقا تیمور و قدسون و قتار سونجاق و کوکایلکا لە هەمەدان نزیك لە خانەئاباد کە لەوەرگایەکی (کوردستان)ە بنە و بارگەی خۆی خست، شایەنی ئاماژەپێکردنە دانەری (نزهة القلوب) لای ڕەشید الدین فەزڵەدین الهمدانی ئەو کاتەی پلەوپایەکی باڵای لە ئیمپراتۆریای مەغولیدا هەبووە وەك نوسەرێك کاریکردووە..

دەرئەنجام  بە پەلە دەتوانین بڵێین کتێبی (نزهة القلوب) سێیەم کتێبە دوای هەردو کتێبی (مراصد الاطلاع .. و جامع التواريخ) نەك یەکەم کتێب کە ناوی کوردستانی تیا هاتووە وەك لە ئەدەبیات و نوسین و پرۆگرامەکانی خوێندندا لە کوردستان بڵاو و جێگیرە.

### پەراوێزەکان:

١- ئیبن حەوقەل، صورة الارض، ١٩٧٨ ز.

٢- ئەستەخری، المسالك و لمالك .

٣- قەلقەشەندی، صبح الاعشی فی صناعة الانشا، لە (٧٥٦ ك ـ ١٣٥٥ ز لەدایکبووە و لە ٨٢١ ك ـ ١٤١٨ ز کۆچی دوایی کردووە، لە بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا نوسەر بە درێژایی باس لە جوگرافیا و وڵاتی کوردان و گرنگترین شار و هۆزەکانی دەکات).

4- باسیلی نیکیتین، الكرد دراسة سوسيولوجية و تاريخية، وەرگێڕانی: د. نوری تاڵەبانی، دەزگای ئەخیل بۆ چاپەمەنی و

بلاوکردنەوە، ئەسینا، چاپی یەکەم، ١٩٩٨، لاپەڕە (٦١).

٥- ناوی کوردستان بە پێی زانیاریی ئێمە لەو سەرچاوانە نەهاتووە کە مێژووی سەردەمی سەلجوقی نوسیوەتەوە، هەروەها ناوی کوردستان لە (معجم البلدان)ی (یاقوت الحموی)دا نەهاتووە کە ساڵی (١٢٢٥)ز بە زمانی فارسی نوسیویەتی.

٦- کی لسترنج، بلدان الخلافة الشرقية، وەرگێڕانی: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، چاپەمەنی کۆڕی زانیاری بەغداد، چاپخانەی رابيته، بەغداد، ١٩٥٤ ز، لاپەڕە (٢٢٨-٢٢٩).

٧- حمدالله المستوفی القزوینی، نزهة القلوب، (٧٤٠ ك ـ ١٣٤٠ ز).

٨- صفی الدین البغدادی، (مراصد الاطلاع علی اسما الامكنة والبقاع)، لێکۆڵینەوە و پێشەکی بۆ نوسینی: علی محمد البجاوی، دەزگای مەعریفە بۆ چاپەمەنی و بلاوکردنەوە، بەیروت، لوبنان. لە کتێبی (معجم البلدان)ی یاقوت الحموی هاتووە: لوڕ نەوەیەکن لە کورد لە شاخەکانی نێوان ئەسفەهان و خوزستاندا دەژین و ئەو دەوروبەرە بە ئەوان دەناسرێت دەوترێت ولاتی لوڕ، (لوڕستان)یشی پێ دەوترێت، هەروەها بە ناوی لوڕیشەوە ناسراوە.

٩- بڕوانە پێشەکی لێکۆڵیاری کتێبەکە.

١٠- بڕوانە پێشەکی لێکۆڵیاری کتێبەکە.

١١- فواد الصياد، جامع التواريخ، وەرگێڕانی: محمد صادق نشاة ـ محمد موسى هنداوي، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، پێداچونەوە و پێشەکی بۆ نوسینی: يحي الخشاب.

١٢- بڕوانە پێشەکی کتێبەکە کە ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی کاترمید نوسیویەتی، لاپەڕە (٩٠).



# قەتڵ و عامەکەی ئەرمەن ئەو ڕەشەکوژییەی کە ملیۆن و نیوێك مرۆڤی تیا کوژرا

و/ فاتیح سەلام




ئەرمەن ئەو میللەتەی کە لە ناوچەی خواروی چیاکانی قەوقاز و باکوری زاگرۆسەوە بە درێژایی مێژو بە ئاشتی لەگەڵ گەلانی دراوسێیاندا ژیاون و هیچ کێشە و گیروگرفتێکیان نەبووە، بەتایبەت لەگەڵ گەلی کورددا.



ئەرمەنەکان گەلێکی بێوەی بونە و لە مێژوی بونیاندا چاویان نەبڕیوەتە خاك و سامانی هیچ گەل و ولاتێك، تەنها لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئەرمەندا نەبێت، کاتێ کە مەلیك (دیکران) دەسەڵاتداربووە.

ئەم ساڵ (٩٢) ساڵ و چەند مانگێك بەسەر ئەو ڕەشەکوژییە بێوێنەیە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا تێپەڕ دەبێت، کە بە ناهەق دژ بە گەلی ئەرمەن کرا، بێ ئەوەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا بە فەرمی دان بەو تاوانانەدا بنێن، قەیرانی کوشتار و قەتڵ و عامەکەی ئەرمەن ئەمڕۆ لەسەر ئاستی دنیا کاری بۆ دەکرێت، ئەویش بەرەو دانپیانانی و خستنەڕوی ڕاستییە مێژوییەکانی ئەو ڕوداوە و ناساندنی بە گەلانی دنیا، تەنها ئەمەش سارێژە بۆ برینی گەلانی بەش مەینەت و ماف زەوتکراوی پاش جەنگەکان، ئێستا لە دنیادا بەگشتی و لە لوبنانیشدا بەتایبەتی گەڕاونەتەوە نێو مانا جوانەکانی ژیان، پاش ئەوەی پەرتەوازە و گەلێکی تێکشکاوی دوای ئەو کارەساتە خەمناکەی بەسەریاندا هات، سەرەڕای ئەو نەهامەتی و قڕکردنە وەحشی گەرانەش کە بەسەریاندا تێپەری بە چۆکدا نەهاتن و درێژەیان بە ژیان دا، بەلام بێ ئەوەی دان بەو کوشتار و قەتڵ و عامەیاندا بنرێت..؟؟

ئەمەش پێویستییەکی مێژوی گرنگە تا لاپەڕە ڕەشەکانی مێژو بەردەوام وەك دزێوترین و قێزەونترین کاری نامرۆڤانەی کوشتاری بە کۆمەڵی گەلێکی بێتاوانی سەدەی بیستەم بخرێتە بەر چاو و کاری بۆ بکرێت.



لە نێوان ساڵانی (١٩٠٨-١٩١٤) لایەنگرانی (تورکیای کیژ - ترکیا الفتاة) لەنێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا سەری هەڵدا، زۆر بە خێرایی دروستبون و بونە دەستەیەکی توندڕەوی تورك و ئامانجیشیان بە تورککردنی (تتریك) تێکرای گەلانی سنوری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بو، کە گەلی ئەرمەنیش یەکێك بو لەو ئامانجانەیان، لە ساڵی (١٩٠٩)دا (٣٠) سی هەزار ئەرمەنیان لە (کیلیکا) سەربڕی..؟؟، بالوێزی ئەو کاتەی بەریتانیا وای دەگێڕێتەوە:

تەفروتوناکردنی گەلێکە بەدەر لە ڕەگەزی تورك، ئەویش لە حەوزی کەتان و قڕکردنا، لە دەوروبەری ساڵی (١٩١٤)دا سێ کەس سەر بە گروپی کیژی تورکیا جڵەوی دەسەڵاتیان کەوتە دەست، ئەو سێ کەسەش بە ناوەکانی (ئەنوەر، تەلعەت، جەمال) کە تاکە قەناعەتێك کۆی کردبونەوە، ئەویش بە تورککردنی گەلی ئەرمەن



بو، لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەرمەنەکان کەوتنە نێوان ئاگری تورکیا و ڕوسیاوە، بۆ ئەم مەبەستە تورکیا (٢٥٠) هەزار ئەرمەنیان لە ڕیزەکانی سوپای تورکیادا بە سەرباز کرد، تا بەشداری ئەو شەڕەی پێ بکەن، بەڵام تورکیا لەو شەڕەدا دۆڕا، پاش ئەو دۆڕانە (تەلعەت پاشا)ی وەزیری ناوخۆی ئەو کاتەی تورکیا بڕیاری دا بە پەرش و بڵاوەپێکردنی ئەو سەربازە ئەرمەنانە و لایەنگیرییان بۆ سوپای ڕوس، کە پاشتر بەرەو دەشت و بیابانەکانی سنوری سوریا ڕاگوێزرانەوە.

لە (٢٤/نیسانی/١٩١٥)دا تورکەکان زیاتر لە (٢٥٤) زانا و بیرمەندی ئەرمەنیان لە ئەستەنبوڵ گرت بە بیانوی دورخستنەوەیان، بەڵام هەر هەمویان کوشت، پاش چەند ڕۆژێك لەو کوشتارە تورکەکان هەڵیان کوتایە سەر گوندێکی کیایکیا و ئەوەی دەستیان کەوت کوشتیان، ئەوانەیشی توانیان دەرباز بن بەرەو بیابانەکانی سوریا هەڵهاتن، زۆربەی ئەو هەڵهاتووانەش لە بێزاری و برسانا خۆیان هەڵدەدایە ئەو شیوانەوە و خۆیان دەکوشت، و شایەتحاڵێکی وەك (لیلسی دافیس) ئەمەریکا بووە لەو وڵاتە لە (١١ی تەمموزی ١٩١٥)دا نوسیوویەتی: پاش هەڵهاتنی ئەو کەسانەی لە گوندەکەی کیلیکیا ڕزگاربون و لێیان گەیشتە چادرگاکانی بیابانی سوریا، چەند جارێك سەردانی ئەو چادرگایەم کرد و لەگەڵیاندا دوام، هەگیز خەڵکی ئاوا ڕوت و برسی و سەرلێشێواوم نەبینیبو، پێتان سەیر نەبێت، کاتێ کە دەڵێم بۆ دو مانگ بو هەر ئەو جلوبەرگەیان لە بەردا بو و خۆیان نەگۆڕیبو ..؟؟ و لە ژیانێکی سەخت و دژواری کۆلەمەرگیدا بون،





زۆر بە کەمی لەو خواردنانەیان دەخوارد کە بە هەر تالوکە و چاو قایمیەك لەگەڵ خۆیاندا دەریان کردبو، ئاژەڵی دڕندە لەوان دڕندەتر نەدەهاتە پێش چاو، بەجارێك هەر هەمویان پەلاماری ئەو پاسەوانەیان دەدا، کە خواردنی بۆ دەهێنان، ئەوانیش بێ ڕەحمانە بەو کوتەك و چەکانەی کە بەدەستیانەوە بو دەهاتنە سەر و گیانیان و دەستیان لێ نەدەپاراستن، زۆریان بەو لێدان و ئەشکەنجەیە گیانیان لەدەست دا، ئەو دیمەنەش وادەهاتە پێش چاو، کە ئەوانە مرۆڤ نەبن، ئێمە لە بەجێهێشتنی ئەو چادرگایانەدا بوین و چەندین دایکی کۆرپە لە ئامێز دەهاتنە سەر ڕێگەکەمان و داوایان لێدەکردین، کە کۆرپە و مناڵەکانیان بەرین و لە کۆڵیان بکەینەوە، زۆریش لێمان دەپارانەوە و بە توندی بەرۆکیان دەگرتین، تورکەکان وەك پیشەیەکی نامرۆڤانە دەهاتنە ئەو چادرگایە هەرچی کچی



جوان و کوڕی شۆخیان بەر چاو کەوتبا دەیانبرد، تاوەك کەنیزە و کارەکەر یان بۆ مەرامەگڵاو چەپەڵەکانی خۆیان بەکاریان بهێنن، زۆر بە کەمی مابونەوە، ئەوەشی مابووەوە، تەنها پیرەژن و پیرەمێرد و لاڵ و پاڵ و پەککەوتووەکان بون و زۆریان لە ڕێگا تیاچون، کوردەکانیش دەستیان گەیشتبووە تاڵانکردنیان، سروشتی بو کە زۆربەیان بمرن، نەخۆشی و برسێتی و ترس هاورێی هەمیشەییان بو، گەلێك کاروانی ئاوا گەیشتە ئەو دۆزەخە، حاڵەت و دیمەنی ئاوا جەرگبڕ دەمانخاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە بپرسین و بزانین ئەوانەی ڕاپێچ دەکرێن بەرەو نادیار چارەنوسیان بە کوێ دەگات و چییان لێ بەسەر دێت..؟؟؟، تورکەکان جەلادەکانی خۆیان دەنێن، تا بە کۆمەڵ بیانکوژن، وەك من دەیبینم بە بەرنامەیەکی زۆر ڕێکی پێشتر داڕێژراوی سەرکەوتووانە گەورەترین قەسابخانەی بە کۆمەڵ بۆ قەتڵ و عامیان پێکهێنراوە، کە پێشتر دنیا بەخۆوەی نەدیبێت ..؟!.

**ڕوداوە گرنگەکانی مێژوی گەلی ئەرمەن**:

★ ٢٢٠٠پ.ز/ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی پادشای ئەفسانەیی (هایك) کە پێشەوای گەلی ئەرمەن بو لە کۆچکردنیاندا بەرەو خاکی ئێستای ئەرمەن.

★ ٥٩٠پ.ز/ پەیدابونی شاژن (ئۆراتۆ) لە دەوروبەری ڕوباری (وان) و پایتەختەکەشی (توشبا) بو، کە یەکەم پادشاش (ئارامی) بووە.

★ ٧٨٢پ.ز/ دروستکردنی یەکەم قەڵای (ئیریبونی) لە سەردەمی (ئەرحتبش)ی یەکەم کە شاری (یەریڤان)ی ئێستایە.

★ ٦١٢پ.ز/ یەکەم ناوهێنانی ئەرمەن لە مێژودا، ئەویش لە میانەی هاوبەشی کردنیان لەگەڵ کانی و مادەکان لە دەستبەسەراگرتنی



شاری نەینەوای پایتەختی ئاشورییەکان بە سەرکردایەتی (بارویر) پادشا، کە پێشتر نەینەوا وڵاتی کۆنی ئەرمەنیەکان بووە.

★ ٤٠١پ.ز/ دروستبونی دووەمین دەوڵەتی کۆنی ئەرمەن.

★ ١٩٠پ.ز/ دروستبونی سێیەمین دەوڵەتی کۆنی ئەرمەن بە ڕابەری (ئەرتکسیاسی یەکەم).

★ ٩٥پ.ز/ سەردەمی (دیکران) پادشای گەورە، دووەمین پادشای پادشاکان.

★ ٣٤پ.ز/ چوارەمین دەوڵەتی کۆنی ئەرمەن بە ڕابەری (ئەرشەد پادشای یەکەم).

★ ١٣٠پ.ز/ دروستکردنی شاری (فغارشوبات) کە ئێستا شاری (ئەتشمیانزینە).

★ ٣٨٧ز/ یەکەمین دابەشبونی ئەرمەن لە مێژودا، ئەویش بە پێی پەیماننامەی (ئیسیلیسینی) لە نێوان فارس و ڕۆمدا بۆ دو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

★ ٤٠٤ز/ لە داهێنانێکدا قدیس/خواناس (مەسروب مشتوس) پیتەکانی نوسینی بە زمانی ئەرمەنی ڕیزبەند (ابجدیە) کرد.

★ ٧٥١ز/ شەڕی (ئەفرایر) کە ئەرمەنەکان بە سەرکردایەتی ئەمیر (فارتانی یەکەم)ی مامیکونیان بەرەنگاری فارسەکان بونەوە، کە هەوڵی سەپاندنی بتپەرستی بەسەرا دان لە باتی مەسیحییەت.

★ ٤٨٢ز/ بۆ یەکەمین جار لە مێژوی ئەرمەندا و لەسەر دەستی (موسا ئەلحورینی) ناسراو بە (بیهرودوتی ئەرمەن) مێژوی گەلی ئەرمەن نوسرایەوە.

★ ٥٢٢ز/ سەرەتای بەهێزبونی تازەی ئەرمەن.
★ ٦٣٩ز/ سەرەتای داگیرکردنی عەرەب بۆ سەر گەلی ئەرمەن.
★ ٦٤٥-٦٥٠ز/ داگیرکردنی تەواوی گەلی ئەرمەن لەلایەن داگیرکەرانی عەرەبەوە.
★٧٧١ز/ شۆڕشی خێڵەکانی ئەرمەن بەسەر عەباسییەکاندا، کە ئەمیر (موشیغی چوارەم ) ڕابەرایەتی دەکرد.
★ ٨٥٥-١٠٤٥ز/ دروستبونی یەکەمین دەوڵەتی ئەرمەن لە چەرخی ناوەڕاستدا، ئەویش دەوڵەتی ئەرمینیای گەورەی بەحراتیەت بو.
★ ٩٢٨ز/ گواستنەوەی بارەگای کەنیسەی نیشتمانیی ئەرمەن لە (دوین)ەوە بۆ (ئیختمار).
★ ٩٢٢ز/ گواستنەوەی بارەگای کەنیسەی نیشتمانیی ئەرمەن بۆ شاری (ئانی).
★ ١٠٤٦ز/ یەکەمین چونە ناوەوەی تورکە سەلجۆقییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ.
★ ١٠٧١ز/ سەرکەوتنی سەلجۆقییەکان بەسەر ڕۆمەکاندا لە شەڕی (ملازکورد).
★ ١٠٨٠-١٣٧٥ز/ وڵاتێکی بچکۆلەی ئەرمەن یان ئەرمەنێك لە تاراوگە.
★ ١٣٧٥ز/ ڕوخانی ئەرمەنی بچوك لەسەر دەستی دەوڵەتی مەمالیکی میسر.
★ ١٤٤١ز/ گواستنەوەی بارەگای کەنیسەی نیشتمانیی ئەرمەن بۆ (ئەتشمیانزین).
★ ١٥٠٢ز/ دەستبەسەراگرتنی ئەرمینیا لەلایەن سەفەوییەکانەوە و



لکاندنی بە خۆیانەوە.
★ ١٥١٢ز/ بە چاپگەیاندنی یەکەم کتێب بە زمانی ئەرمەنی لە شاری (بندقیە)ی ئیتالیا، کە ئەویش ڕۆژمێری کەنیسە بو.
★ ١٥١٤-١٥٤٨ز/ داگیرکردنی ئەرمینیا لەلایەن عوسمانییەکانەوە.
★ ١٦٠٤ز/ یەکخستنی دەوڵەتی فارس بە ئەرمینیای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی و ئەویش بە پێی پەیماننامەی ئەستەنبوڵ و سەراب.
★ ١٦٠٥-١٧٢٢ز/ جێگیربونی هەر پێنج پادشاکەی ئەرمەن لە (قەرەباخ).
★ ١٦٦٦ز/ بە چاپگەیاندنی کتێبی پیرۆز لە ئەمستردام.
★ ١٧٢٢-١٧٣٠ز/ سەربەخۆبونی هەر پێنج پادشاکەی ئەرمەن لەلایەن (داود بەگ)ەوە لە قەرەباخ.
★ ١٧٨٨ز/ دامەزراندنی یەکەمین چاپخانەی ئەرمەنی لە ڕوسیا لەسەر دەستی (گریگور خالدیران) و بە چاپگەیاندنی یەکەمین فەرهەنگی (ڕوسی ـ ئەرمەنی) پێی.
★ ١٧٩٤ز/ دەرچونی یەکەمین ڕۆژنامەی ئەرمەنی لە جیهاندا و لە شاری (مەدراسی) هیندی.
★ ١٨١٢ز/ دەرچونی یەکەمین ڕۆژنامەی ئەرمەنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەویش (ڕەقیب بیستە) بو.
★ ١٨١٦ز/ کوشتارەکەی ئەرمەن لە هەرێمی زەیتونی خواروی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەسەر دەستی عوسمانییەکان.
★ ١٨٧٢ز/ دامەزراندنی کۆمەڵەی (یەکێتی و دڵسۆزی) کە یەکەمین



کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی ئەرمەنییەکان بو لە دەوڵەتی عوسمانیدا .
★ ١٨٨٥ز/ دامەزراندنی پارتی (ئەرمنگان) لە دەوڵەتی عوسمانیدا کە ڕابەرەکەشی (مکردیش بۆتۆ غالیان) بو.
★ ١٨٨٧ز/ دامەزراندنی پارتی (هەنشاق) بە دەستپێشخەری کچە خوێندکاری ئەرمەنی (ماروفارتابدیان) لە جنێڤ.
★ ١٨٨٨ز/ دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵەی نهێنی گشتیی ئەرمەنەکان لە پاریس بە ڕابەری (حەنا بروسلی).
★ ١٨٩٠ز/ دامەزراندنی پارتی (تاشناق) لە نفلیس لە دامەزرێنەرەکانی ئەو پارتەش (خرستۆڤەر میکایلیان) بو.
★ ١٨٩٤ز/ کوشتارەکەی ئەرمەن لەسەر دەستی عوسمانییەکان و لە هەرێمی (ساسۆنەی چیایی).
★ ١٨٩٦ز/ هەڵۆکانی ئەرمەن دەستیان بەسەر بانکی عوسمانییەکاندا گرت لە قوستەنتینییە، ئەمەش یەکەمین کاری شۆڕشگێڕانەی ئەرمەنییەکان بو لە مێژوی تازەدا.
★ ١٩٠٥ز/ کوشتارەکەی قەوقاز کە ڕوسیای قەیسەری جێبەجێی کرد بە مەبەستی تێکدانی شۆڕش.
★ ١٩٠٩ز/ کوشتارەکەی ئەرمەن لە قلقیلیا.
★ ١٩١٥ز/ کوشتارە گەورەکەی ئەرمەن لە مێژودا.
★ ١٩٢٢ز/ دامەزراندنی یەکەمین کۆماری ئەرمینیای ئیشتراکی سۆڤیەتی و دانانی یەکەمین دەستور بۆی.
★ ١٩٣٩ز/ کۆچی ئەرمەنەکان لە لیوای ئەسکەندەرۆنەی سوریاوە پاش ئەوەی فەرەنسا وازی لێهێنان بۆ تورکیا.



**کورتەیەکی مێژویی**:

چەند سەدەیەك ئەرمەنەکان بە ئاشتی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا دەژیان، ئازادیی ئاینییان هەبو، وەك لە ئەستۆ بونێك بە پێی شەریعەتی ئیسلامی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتدارێتی عوسمانی دادگای تایبەتی بۆ ئەوانەی لە ئەستۆیاندا بون لە غەیرە ئیسلامەکان دانابو، ئەگەر هەرا و ناکۆکییەکیش لە نێوان ئیسلامەکان و ئەرمەنییەکان ڕویدابا، ئەوا بە پێی شەریعەتی ئیسلامی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، ئەرمەنەکان لە ڕاژەی سەربازی بەخشرابون، بەڵام لە بەرامبەردا باجیان دەدایە دەوڵەت، ئەمەش هەر بە پێی شەریعەتی ئیسلامی بو، ئەرمەنەکان سەرقاڵی بازرگانی و زەڕەنگەری و کشتوکاڵ و پارەگۆڕینەوە بون، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم مێژویان هیچ یاخیبونێکی چەکداری بەخۆوە نەبینیبو، بە ڕادەیەك کە تورکەکان نازناوی ( دایکی دڵسۆز) یان پێبەخشی بون، باڵاترین پۆستی دەسەڵاتیان لە بەردەمدا واڵابو، وەزیر و پەرلەمانتار و بەڕێوبەری گشتی و ڕاوێژکاریان لە حکومەتدا هەبو، لە سەرژمێریەکدا کە لە ساڵی ١٩١٢ ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کە ژمارەی ئەو بازرگانانەی کە لە ژوری بازرگانی و پیشەسازی تۆمارکراون لە ئەستەنبوڵ ژمارەیان (٣٠٠) هەزار بازرگان بووە، کە لە (٢٥٪)یان ئەرمەن بووە و لە (٤٥٪)یان ڕۆم و تەنها لە ( ١٥٪)یان تورك بونە و ئەوەشی ماوەتەوە لە نەتەوەکانی تر بونە.

**سەرەتای قەیرانەکە**:

ئەم کێشەیە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە سەرچاوەی گرت، کە بانگەشەی ئەوەی کرد لە دەوڵەتی عوسمانی کە ڕوسیا هەوڵی وروژاندنی ئەرمەنەکانی نیشتەجێی سنوری ڕوسیا ـ عوسمانی داوە، ئەویش بە پڕ چەککردن و هاوکاریکردنی مادی و کردنەوەی سەربازگەی مەشق و ڕاهێنان لەسەر خاکی خۆی بۆیان و دروستکردنی گروپی چەکداری وەك (خنجاق) و (تشناق) و بەریتانیاش کۆمەکێکی زۆری بەخشیوەتە ئەو کۆمەڵە و گروپ و ڕێکخراوانە، ئەویش لەبەر تێکشکان و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەك سەرکردەی میسری (مستەفا کەمال) لە کتێبەکەیدا بەناوی (مەسەلەی ڕۆژهەلاتی)دا دەڵێ: (ئەو ئەرمەنانەی لەسەر ئەرزا مردن بە کارەسات و ڕوداوی ئەرمەنی بونیان بە فیت و دەستێوەردانی ئینگلیزەوە لەناوچون و ئەوانیش هۆکاربون و قایل بونی دەوڵەتی عوسمانی بە دروستبونی دەوڵەتی ئەرمەن لە ناوەندەکەیدا (لە شەش هەرێمەکەی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ) و ئەو ناوچانەی زۆرینەیان موسوڵمانن، وەك کارێکی خۆکوژی وابو بۆ دەوڵەتی عوسمانی) ، لە کاتێکدا بەپێی سەرژمێری دەوڵەتی عوسمانییەکان و بیانییەکان سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەن لەسەر خاکی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان ملیۆن و دو سەد هەزار بۆ ملیۆن و نیوێك کەس بووە، سوڵتان عەبدولحەمید بێگوێدانە فشارە دەرەکییەکان و هەڕەشەکانی ئینگلتەرا هێزێکی ڕەوانەی (جنق قەلا) کرد، ئەو ڕێکخراوە چەکدارانەی ئەرمەنیش لە ساڵی (١٩٠٥)دا هەوڵی کوشتنی سوڵتانیان دا، ئەویش بەهۆی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکەوە



کاتێك سوڵتان لە مزگەوتەوە دەردەچو، بەڵام سوڵتان بە سەلامەتی ڕزگاری بو و کەسەکەش دەستگیرکرا و پاشتر سوڵتان ئازادی کرد و لێخۆش بو.

**ڕاگواستن و قڕکردن:**

پاش تێوەگلانی دەوڵەتی عوسمانی بە شەڕی جیهانی یەکەمەوە کە ڕوسیا سنوری ڕۆژهەلاتی بەزاند، چونکە لە ڕوی زۆری سوپاوە لەشکری ڕوس سێ ئەوەندەی سوپای عوسمانییەکان بو، لەو هێرش و پەلاماردانانەشدا قەتڵ و عامێکی درندانەی ئەو گوندنشینانەی سەر سنوریان کرد بەبێی دەست پاراستن، بۆ ئەم مەبەستەش سوپای ڕوس هەستا بە دروستکردن و پێکهێنانی گروپی چەکداری لە نێو ئەرمەنەکاندا، تاوەك تابوری پێنجەم بەکاریان بهێنێت بۆ شەڕ، لە بەرانبەریشدا موسڵمانەکان کەوتنە خۆ چەکدارکردن، تا بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن لە بەرانبەر هێرش و پەلاماردانەکانی ئەرمەنییەکاندا دەوەستانەوە.

(ئەنوەر کونجوکجو) کە پرۆفیسۆرێکی مێژونوسی تورکە نوسیویەتی: (دەگمەنە گوندێك مابێت لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆلا قەتڵ و عامێکی ئەرمەنییەکانی تیا ئەنجام نەدرابێت)، ئەو کاتەش حکومەتی عوسمانی لە توانایدا نەبو ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، تەنها بە ڕاگواستنی ئەرمەنەکان نەبێت، چونکە بە بۆچونی خۆی بە ڕاگواستنیان ئیتر هاوسۆزییەك لە نێوان سوپای ڕوس و ئەرمەنەکاندا نامێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە پرۆسەیەکی تۆکمە و فراوانی بەربلاودا کەوتە پەرش و ڕاگواستنی هەرچی ئەرمەنە بۆ



سوریا و لوبنان و موسڵ، کە بە نزیکەی (٦٠٠) هەزار کەسێك مەزەندە دەکران، لەبەر کەم دەرامەتی و لێکەوتنی نەیتوانی بە ئاسانی درێژە بەم پرۆسەیەی بدات، هۆکاری ئەم بێ توانابونەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ داتەپیوتر دەبو، ئاکامی شەڕی جیهانی گەورە بو، ئیتر کەوتە پەلاماردانی وەحشییانەیان و بە پاڵپشتی هێزەکانی ناوخۆ کە سەدان هەزار کەس گیانیان لە دەستدا و زۆریش لە برسا مردن، ژمارەی ئەو کەسانەی لەم پەلاماردانەدا تیاچون بە نزیکەی ( ٣٠٠) هەزار کەس مەزەندە کراون، ئەم پرۆسەی ڕاگواستنە تەنها ئەرمەنەکانی نەگرتەوە، بەڵکو موسڵمانەکانی سەر سنوریشی گرتەوە، (سەعید نەورەسی) لە باسی ڕاگواستنی موسڵمانەکاندا دەڵێت: (بەفر سێ و چوار مەترێك کەوتبو، خەڵکەکەش لە ئامادەباشیدا بون بۆ بەجێهێشتنی شوێن و شارەکانیان بە فەرمانی حکومەت، خێزانی واهەبو شەش تا حەوت منداڵی هەبو، بەڵام نەیاندەتوانی لە منالێك زیاتر لەگەڵ خۆیاندا بەرن، بە ناچاری ئەو منالانەی دەمانەوە لەسەر جادە و ژێر کەوانەی پردەکاندا بڕێك خواردنیان بۆ بەجێدەهێشتن و وازیان لێ دەهێنان، لە نێوان کریانی منالی بێ ناز و فرمێسکی بەکوڵی دایکوباوکاندا دیمەنی ئەو کارەساتە خەمناکە دڵێك گەر بەردیش بووایە دەهاتە جۆش و خرۆش، هەندێك لە مێژونوسانی تورك ئەو قوربانیانەی ئەرمەن و موسڵمانەکان لەو کوشتارەدا بە ملیۆنێك کەس دەژمێرن).



**دوای ڕاکواستن:**

کاتێك کە لە (١٣/تشرینی دووەمی/١٩١٩) ئینگلیزەکان هاتنە ئەستەنبوڵ و دەستیان بەسەرا گرت، ئەرمەنەکانیان وروژاند و هەستان بە گرتنی چەندین زانا و بیرمەندی تورك بە مەبەستی دادگایی کردنیان، بەڵام حکومەتی تورکیا داوای کرد، کە ئەو دادگایی کردنە نێو دەوڵەتی بێت و لە وڵاتێکی وەك ئیسپانیا یان سوید دادگایی بکرێن، بەریتانیاش ئەم داوایەی ڕەتکردەوە و خۆی دادگاییەکی سەربازی پێکهێنا بۆ دادگایی کردنیان، بەڵام لەبەر نەبونی بەڵگەنامەی پێویست لەسەر تاوانەکانیان نەیتوانی دادگاییان بکات، دواتر بەتریکی ئەرمەن ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەو تاوانانە پێشکەش بەو دادگاییە کرد، بەڵام هیچ بەڵگەنامەیەکی هاوپێچ نەبو، بۆ ئەم مەبەستەش ئینگلیزەکان کەوتنە گەڕان و پشکنینی ئەرشیفەکانی عوسمانی و ئەمریکا و ئەوانی خۆشیان، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە دژ بەو کارەسات و ڕوداوانەی تورك دژ بە ئەرمەنەکان، بەمەش بەریتانیا ناچار بو بە ئازادکردنی ئەو زانا و بیرمەندانە لە بەرانبەر ئازادکردنی هەندێ گیراوی بەریتانی.

لە ئینسایکلۆپیدیای گەورەی یەکێتی سۆڤیەتدا (چاپی ١٩٢٦)دا هاتووە: (ئەگەر لە دیدی دەرەوە تەماشای کێشە و ڕوداوەکانی ئەرمەن بکەین، دەبینین تەنها هەوڵێکی زلهێزەکانە بۆ لاوازکردنی تورکیا و هیچی تر، ئەویش بە پشتیوانی هێزە ناوخۆیی و جوداخوازییەکانی ناو تورکیا خۆی، تا دەست بەسەر ئەو وڵاتەدا بگرێ و سامان و داهات و بەرەکەتەکەی بۆ خۆی هەڵلوشێ، ئەو

زلهێزانەش وڵاتانی ئەوروپا و ڕوسیای قەیسەری بون، ئەوانەش کە باسی لێوە دەکەن تەنها پێکادانی نێوان ئەو دو لایەنە بە شەڕهاتووە بووە ئەو کوشتارانەی لێکەوتۆتەوە).

جارێکی تر ئەرمەنەکان دەستیان کردەوە بە وروژاندنی (کوشتارەکەی ئەرمەن)، بەڵام بە شێوازێکی بەربڵاو و فراوانتر لەسەر نمونەی (هۆلۆکۆست)ی جولەکەکان، بە گوێرەی سەرژمێرییەك لە ماوەی هەشت ساڵدا (٢٦) هەزار کتێبیان بە هەمو زمانەکانی دنیا لەسەر ئەو کوشتار و ڕوداوانە بلاّوکردۆتەوە و لەمیانەی زۆری هێز و دەسەلاّتیانەوە لە هەندێ وڵات هەستاون بە دەرکردنی کۆمەڵە بڕیارگەلێك کە ئەو گومانانە بڕەوێنێتەوە لەسەر کێشە و کوشتارە بەکۆمەڵەکانی ئەرمەن ئەنجامدراون.

لە ساڵی (١٩٨٥)دا (٦٩) مێژونوسی ئەمریکی بە پلەی پرۆفیسۆر لە بواری دوڵەتی عوسمانیدا کتێبێکیان بلاّوکردەوە، کە ئەنجامدانی هەر قەتڵ و عامێکی ئەرمەنیان لەلایەن تورکیاوە پوچەڵ کردەوە، لە بەرانبەردا و وەك کاردانەوەیەك ئەرمەنەکان کەوتنە هەڕەشەلێدان و هەڕەشەی کوشتن لەو مێژونوسانەوە، هەندێکیشیان سکالاّیان لەسەر تۆمارکرا و درانە دادگا، زۆربەی ئەو مێژونوسانەش زۆر بە سەرکەوتوی کوژران، تەنها (برنارد لویس) و(جوستن ماك) و (ئارسی) و (ئەندر) و (مالکو) نەبێت ڕزگاریان بو.

لە ١٥ی ئازاردا (ڕەجەب تەیب ئەردۆکان) هەستا بە پێهکێنانی لیژنەیەك لە مێژونوسان تا تاوتوێی هەمو ئەرشیفی عوسمانی بکەن و داوای لە حکومەتی ئەرمینیاش کرد بۆ هەمان مەبەست ئەوانیش



لای خۆیانەوە لە مێژونوسانیان لیژنەیەك پێکبهێنن و ڕاستی و دروستی ڕوداو و کێشەکان بخەنە پێش چاو، بەلاّم ئەم داوایەی ئەردۆکان لەلایەن (روبەرت کوتشاریان)ی سەرۆکی ئەرمەنەکانەوە ڕەتکرایەوە، هەر بۆیە ئەو کوشتار و ڕاونان و ڕاگواستنی گەلی ئەرمەنی پەرتەوازەی وڵاتانی وەك سوریا و لوبنان و عێراق کرد، ئێستاش هەمو ساڵێك لە ٢٤ی نیساندا ئەرمەنەکان ئەو یادە بەرز ڕادەگرن و یادی دەکەنەوە.

**فراوانکردنی کێشەکە**:

ئەرمەنەکان بە پیشە و بەرهەمە پیشەسازییەکانی خۆیانەوە سەرقاڵن و ڕۆژانە ژیانی خۆیان دەگوزەرێنن، بۆیە زۆربەیان لە شارەکاندا نیشتەجێ بونە، لەکاتێکدا کوردەکانی دراوسێیان خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالاّت و بەروبومە کشتوکاڵییەکانن، بەو حاڵەوە ئەرمەنەکان مانەوە، تا کەوتنە ژێر چەپۆکی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی وەك زۆربەی گەلانی بندەستەی ئەو دەوڵەتی دەیان ناڵاند، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دەوڵەتی عوسمانی بەرەو لاوازبون دەچو،،تاوای لێهات ناویان نا (پیاوە نەخۆشەکە)، ئیتر وردەوردە گەلانی بندەستەی ئەو ئیمپراتۆرە کەوتنەخۆ بەرەو جیابونەوە تا بکەونە ژێر دەسەلاّتی هەر یەك لە (فەرەنسا و ئینگلتەرا) ، لە سەرەتاوە هەر یەك لە فەرەنسا و ئینگلتەرا و وڵاتانی ڕۆژهەلاّتی ئەوروپا هەوڵیان دا کە سەربەخۆ بن لە دەوڵەتی عوسمانی، لەم کاتەشدا تورکیا بارەگایەکی بۆ خۆی نەدۆزییەوە لە ئەڵمانیای هاوپەیمانی، ئەمەش هاوسۆزانی بەریتانیا و فەرەنسای



بەئاگا هێنایەوە بۆ هەوڵدان بەرەو ئازادی و سەربەخۆبونیان، گەلی ئەرمەنیش لە سەروی ئەو گەلانەوە بون، کە پابەندی مەسیحییەت بون، بۆیە دەوڵەتە داگیرکەرەکان بە بیانوی پاراستنی ئەو گەلانەوە کەوتنە جموجوڵ  تا دەستوەرداتە کاروباری ئەو وڵاتانەوە، لەکاتێکدا هێزە سیاسییەکانی ئەرمەن هاوکاری ئەو دەوڵەتانە بون لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی، لە ڕێگەی هاوکاری کردنی سوپای ڕوسیاوە، هەروەك چۆن پێشوتریش لە شەڕی جیهانی یەکەمیشدا ئەو کۆمەك و هاوکاری کردنە درێژەی هەبو، تا ڕزگاریان بێت لە ستەم و چەوساندنەوە و بندەستەیی دەوڵەتی عوسمانی.

ئەم هاوکاری کردنەش پاساوێکی بەخشییە سەرانی (اتحاد و الترقی)، ئەوانەی کە بەزۆر سیاسەتی بەتورك کردنیان پیادە دەکرد، کە هەستن بە دەرکردنی بڕیارێك بە ڕاگواستنی گەلی ئەرمەن کە لەسەر خاکی دەوڵەتی عوسمانی بلاّوبونەتەوە و نیشتەجێن، دەوڵەتی عوسمانیش ئەم بڕیارەی جێبەجێ کرد، دەستی کرد بە دەرپەڕاندن و ڕاگواستنیان لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان بۆ هەریەك لە سوریا و موسڵ و لوبنان لە ترسی هاوکاری و هاوسۆزی و پەیوەندی کردنیان بە ڕوسیاوە، ئەم ڕاگواستنەش کوشتار و قوربانییەکی زۆری لێکەوتەوە، بەردەوامیش ئەرمەنەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ژمارەی ئەو قوربانیانەی لەو کوشتارە ڕەشەدا تیا چونە نزیکەی ملیۆن و نیوێك کەس بونە، بەلاّم تورکیا ئەو ژمارەیە ئینکار دەکات و دەڵێت ژمارەی ئەو کارەساتە دەیان هەزار کەس زیاتر نییە، ئەوەش پرۆسەی ڕاگواستن و سڕینەوەی نەژدی نەبووە وەك ئەرمەنەکان باسی لێوە دەکەن، بەڵکو تەنها ڕاگواستنیان بووە لە



سنوری وڵاتی تورکیاوە کە بەهۆی فیت و فاتی دەوڵەتی ڕوسیاوە هەوڵی سەربەخۆیی بونیان داوە لە دەوڵەتی عوسمانی و هەر دەستەی جەنگاوەرە ئەرمەنەکان بو قەسابخانەیەکیان دژ بە جوتیارە کورد و تورکەکان لە ناوچەی ئەرززروم و گەلێ ناوچەی تر دروستکرد، ئەرمەنەکانیش ئینکاری ئەوە ناکەن و ئەوەش کردویانە تەنها بەرگری کردن بووە لە گەلی ئەرمەن.

تا پێش لەبەر یەکهەڵوەشاننەوەی یەکێتی سۆڤیەت کێشەی گەلی ئەرمەن بەسەر داخراوی و پشتگوێ خستن مایەوە، تا لەساڵی (١٩٩١) سەربەخۆی خۆی بەدەستهێنا و دوبارە ئەم کێشە گەورەیە سەری هەڵدایەوە و وروژێندرایەوە، تا ببێتە کۆسپێك لە بەردەم  بە ئەندامبونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، بەردوامیش تورکیا ئەو تۆمەتانەی ڕەتدەکردەوە، چونکە ئەوە قەرەبونەوەی لێدەکەوتەوە و ئەو ناوچە دابڕاوانەش کە پێشتر لەلایەن تورکیاوە دەستیان بەسەرا گرابو بخرێنەوە سەر وڵاتی ئەرمینیا و بگەرێنەوە بۆ گەلی ئەرمەن، لەساڵی (١٩٨٧)دا یەکێتی ئەوروپا بەیاننامەیەکی دەرکرد و تیایدا ئەوەی ڕاگەیاند، کە ئەو ڕوداوانەی دەرهەق بە گەلی ئەرمەن کراون لە نێوان ساڵانی (١٩١٥- ١٩١٧) جینۆساید و قڕکردنی گەلی ئەرمەن بووە لەلایەن تورکیاوە و ئەمیش بەپێی پێوەر و بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی (١٩٤٨) چونە ناوەوە و قبوڵکردنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا بەستراوەتەوە بە دانپیانانی تورکیا بەو قەتڵ و عامەی ئەرمەن و ڕوداوەکانییەوە، بەلاّم بەبێ لێکۆڵینەوەی سیاسی و یاسای یان مادی، لەساڵی (٢٠٠٥)یشدا دوبارە یەکێتی ئەوروپا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە و دو بڕیاری وەك مەرجێك بۆ

قبولکردنی تورکیا لەو یەکێتییە دەرکرد، ئەوانیش یەکەم دان بە دەوڵەتی (قبرص) دابنێ و دووەمیش کوشتارەکەی ئەرمەن لەلایەن خۆیەوە قبوڵ بکات و حکومەتی تورکیاش لەسەر زاری (رەجەب تەیب ئەردۆگان)ە و کەوتە داکۆکی کردن لەو مەسەلەیە و ئەوەی ڕاگەیاند کە بەلایانەوە گرنگ نییە و پێوەی پابەند نابن و نین.

تائێستاش هەندێ ئەرمەنی لەسەر خاکی تورکیا دەژین وەك هەر هاولاتییەکی ئەو ولاتە گوزەرانیان باشە، بەلام وەك کەمایەتییەك مامەڵە دەکرێن، هەر لەبەر ئەمەشە لە زۆر کێشە و بۆچوندا کۆسپ و تەگەرەیان دەخرێتە پێش و کارئاسانیان بۆ ناکرێت، وەك نۆژەن نەکردنەوەی کلێسا و قوتابخانەکانیان، لە سوریاش وەك هەر هاولاتییەك دەژین، لە لوبنانیش هەمو مافێکیان دەستەبەر کراوە و بەتێکرای مافەکانی خۆیان شادن بەبێ هیچ جیاوازییەك. لە کۆتایشدا پێویستە بوترێ کە کێشەی ئەرمەن و ئەرمەنییەکان بە هەستیاری دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی حکومەتی تورکیا دان بەو تاوانی قەتلٌ و عامەدا دەنێت، بەلای ئەرمەن و ئەرمەنییەکانەوە کێشەکەیان تەنها قەرەبوکردنەوەی مادی یان گێرانەوەی بەشێك لە خاکی نیشتمانە زەوتکراوەکەیان نییە، بەڵکو مەبەستیانە کێشەکەیان وەك کێشەیەکی مرۆڤایەتی و عەدالەتی مرۆڤایەتی بگاتە ئەنجام و ڕێرەوی خۆی بگرێت و بە دنیای بناسێنرێت.

**سەرچاوە** / www. yabey rut.com



# گروپی کفری

## لە نێوان داهێنان و بەردەوامی مانەوەدا

د. عادل گەرمیانی

ئەدەبی کوردی لە سالأنی شەستەکاندا زیاتر بریتی بو لە هۆنراوە و چیرۆك، ئەدەبیاتی کوردی لە کوردستانی عێراقدا لە بارودۆخێکی ڕامیاریی ناخۆشدا بو، چونکە لەلایەکەوە وتوێژی نێوان حکومەتی مەرکەزی و حیزبە کوردییەکان نەگەشتبووە ئەنجامێك، هەروەها کێشەی جیابونەوەش لە نێوان باڵەکانی پارتیدا لە ساڵی (١٩٦٦) کاریگەریی خۆی هەبو بەسەر ئاڵۆزبونی باری ڕامیاری و ڕۆشنبیریی کورد لە لایەکی دیکەوە، جگە لەوەی چاپەمەنی کوردیش لەو سەردەمەدا لە حاڵەتی کزیدا بو، هەروەها بیروباوەڕی نەتەوەیی زیاتر زاڵبو بەسەر بیرکردنەوەی نوسەران و ئەدیبانی ئەو سەردەمە، ئەمانە هەموی فاکتەری گرنگ بون بۆ سەرهەڵدانی بەستەڵەکی



فیکری لە نێو ئەدەبی کوردیدا، بەشێوەیەك سەرچاوەی هەلگەڕانەوە و بەرپابونی شۆڕش بەسەر ئەو شێوازە ئەدبییە دەستی بە نەشونما کردبو، ئەوە بو لە کۆتایی سالأنی شەستەکاندا چەند گەنجێکی خاوەن قەڵەم لە شاری کفریدا پەیدابون و زیاتر لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی ئەو سەردەمە هەوڵی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیان دا، بە تایبەتی لەساڵی (١٩٦٩)دا گروپی شیعریی (٦٩)ی جەماعەتی (فازڵ عەزاوی) کەوا لە بەغدا بەیاننامەیەکیان دەرکرد بۆ نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبی عەرەبی لە عێراقدا و ئەو بەیاننامەیە هاندەرێکی کاریگەربو بۆ دەرچونی بەیاننامەی گروپی کفری، لەو ساڵەدا کەوا لەلایەن (لەتیف حامد)ی چیرۆکنوس و (فەرهاد شاکەلی و لەتیف هەڵمەت)ی هۆنیار ئیمزا کرا، بە مەبەستی شەڵەقاندنی گۆمی ئەدەبی کوردی سەردەمەکەیان و دەربازبونی ئەدیبان و هۆنیاران لە بەستەڵەکی بیری نەتەتەوەیی.

ئەم گروپە چالاکە داهێنان بەلایانەوە خەمێکی سەرەکی بو، هەروەها توانستیان چەند دەقێکی ئەدەبی سەرەنجڕاکێش لە ڕوی شێواز و ناوەڕۆکەوە پێشکەش بکەن و بە ڕاستی مۆرکی داهێنانیان پێوە دیاربو، بۆ نمونە لەتیف حامد هەرچەندە خاوەن ژمارەیەکی کەمی چیرۆك بو، بەلام لە ڕوی تەکنیکی چیرۆکنوسینەوە پێشڕەوەی خۆی نواندووە لە نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردی لەو سەردەمەدا، هەروەها فەرهاد شاکەلی خاوەن دەستڕەنگینی خۆی بو لە پێشکەشکردنی هەندێ هۆنراوەی نوێخواز لە ڕوی شێوە و ناوەڕۆکەوە، تەنانەت ئەم هۆنیارە تا ئێستاش لەسەر ئەو ڕێبازەی



بەردەوامە، هەروەها لەتیف هەڵمەتیش کەوا لەگەڵ لەتیف حامد و فەرهاد شاکەلی جۆرە خزمایەتییەك لە نێوانیاندا هەبووە، خاوەن شێوازی خۆی بو لە نوسینی هۆنراوەدا.

نکۆڵی لەوەش ناکرێت، کە لەتیف هەڵمەت تاوەکو ئەم ڕۆژگارە لەنگەری نەگرتووە بەسەر ڕێبازێکەوە، بەڵکو خاوەن شەقڵی تایبەتی خۆیەتی لە نوێکردنەوەی هۆنراوەی کوردیدا و لە نێو هۆنراوەکانی شاکەلی و هەڵمەتدا بابەتی وەك سۆفیگەری و عەشقبازی و کێشەی مرۆڤایەتی و ئەشکەنجەی ناخەوەی مرۆڤی کورد لە چەندین هۆنراوەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم گروپە پێشڕەوە خاوەن تەمەنێکی درێژ خایەن نەبون، چونکە ڕێگایان پێ نەدرا بەیاننامەکەیان بلاوبکرێتەوە، هەروەها لەلایەن نوسەران و ئەدیبانی ئەو سەردەمە بەرهەڵستی کران، جگە لەوەی بارودۆخی ڕۆشنبیریی میللەتی کورد لەو سەردەمەدا ئەوەندە لەبار نەبو بۆ تەشەنکردنی شێوازی داهێنان و جۆری بیروباوەڕی ئەدەبی ئەو گروپە، کەوا ڕۆژگار هەریەکەیانی بەرەو لایەك ناچارکرد کە سەر هەڵبگرن، ئەوە بو لەتیف حامد مەرگ مەودای زیاتر داهێنان و نوسینی لێ سەندەوە، هەروەها فەرهاد شاکەلیش بۆ تەواوکردنی خوێندن لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا شاری کفری بەجێهێشت و پاشتریش بەهۆی چالاکی کوردایەتییەوە ماوەیەك خۆی و خێزانەکەی کەوتنە بەر ئەشکەنجە و ئازاردانی ڕژێمی ئەو سەردەمەی بەغدا و پاشتر بەرەو سوید سەری هەڵگرت، هەروەها لەتیف هەڵمەتیش کەوتە بەر کاریگەریی خەم و گوزەرانی ژیانی

خۆی و ماوەیەك لە ڕۆژنامەنوسی كوردی لە بەغدا بۆ خۆی كاری كرد و پاشتر لە شاری سلێمانی بە یەكجاری نیشتەجێ بو، بەڵام دەنگی شیعری لەتیف هەڵمەت تا ئەم ڕۆژگارە لە بەرەو پێشچوندایە و خاوەن قەڵەم ڕەنگینی خۆیەتی لە داهێنانی شیعریدا، هەروەها فەرهاد شاكەلیش لە ولاتی غوربەتدا هەوڵی بەردەوامی خۆی ئەنوێنێت.

بە شێوەیەكی گشتی ئەتوانین بڵێین هەوڵەكەی گروپی كفری زەمینە خۆشكەر بو بۆ سەرهەڵدانی گروپی ڕوانگە لە سەرەتای سالأنی حەفتاكاندا.



# گچکە گەشتێك لەئەتڵەسی بەندو باو و سیحر و نوشتەو فاڵ و ئیدو باوەڕو جادوودا

لەتیف هەڵمەت



من لەمنداڵییەوە هۆگرو عاشقی رادیۆم و تاكو ئێستاش رۆژانە كاتێكی زۆر گوێ لەڕادیۆ دەگرم و دڵ بۆ بەرنامەكانی هەڵدەخەم و بەداخەوە لەهەندێ رادیۆوە هەندێ جار بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە شاڵاوو هێرشی توندوتیژی ناڕەوا دەكەنە سەر بیروباوەڕو ئیدی زگماكی خەڵك و بەسەرلێشێواوو هەڵخەڵەتاوو نەزان ناوزەدیان دەكەن... هەربۆنموونە چەند جارێك لەرادیۆیەكی ئیسلامییەوە فاڵ و دۆعاو جادوو سیحر بەچاوبەست و درۆو دەلەسەو بەندو باو لەقەڵەم دراوە..



من حەزم دەكەم لەم بارەیەوە ئەوە بهێنمەوە یاد كە سیحر وەكو زانستێك لەقورئانی پیرۆزدا باسكراوە و خوای مەزن باسی سیحربازەكانی سەردەمی فیرعەونی كردووە كە چۆن دەورو پشتی حەزرەتی مووسایان بەزەبری سیحر پڕكردووە لەمارو ئەژدیهاو حەزرەتی مووساش لەخواوە فەرمانی دراوەتێ مەترسەو دارەكەی دەستت هەڵبدەو هەموویان لووش دەكات....

هەروەها پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) كە جبرەئیل لەلای خواوە پەیامی پێغەمبەرایەتی بۆ هێنا پێغەمبەر (د.خ) بۆ لێكدانەوەی ئەوە لەگەڵ خەدیجە خانمی هاوسەریدا چوو بۆلای وەرەقەی كوڕی نۆفڵ كە یەكێك بوو لەوانەی لەدوورگەی عەرەبیدا پێشبینی داهاتوویان دەكردو ئەستێرەی بەخت و چارەنووسی دەخوێندەوە پێی گوت تۆ دەبیتە پێغەمبەر...

هەروەها لەقورئانی پیرۆزدا باسی ئەوە كراوە كە دێوێك بەچاوتروكاندنێك تەختەكەی بەڵقیسی لەشاری سەبەئەوە هێناوە بۆ بارەگاكەی حەزرەتی سولەیمان لەفەلەستین... ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەكارهێنانی هێزێكی نهێنییەوە ئەوە دەسەلمێنێ كە كەسانێك لەدێوو مرۆڤ هەن دەتوانن شتگەلێك ئەنجام بدەن كەسانی دی ناتوانن جێبەجێی بكەن...

لەبیرمە جارێكیان لەتەمەنی چواردە پازدە ساڵیدا فاڵچییەك بەكۆڵانەكەماندا هات و بەپەنجا فلس ئەوسا بەختی خوێندمەوە و پێی گوتم تۆ دەبیتە كەسێكی زۆر ناسراو و تەمەنت لەهەشتا ساڵ تێدەپەڕێ... من نازانم ئێستا كەسێكی ناسراوم یا نا... بەڵام ئەوەی





دەمناسێ خۆی وەڵامەكەی لەلایەو بەتەماشم پشت بەخوای گەورە و میهرەبان نزیكەی سەد ساڵ بژیم... ئەگەرچی دەخوازم حەوت سەد هەشت سەد ساڵ بژیم... من رۆڵەی بنەماڵیەكی شێخی كەسنەزانم و بەچاوی خۆم دەیان شێت و پەركەمدارو فێدارو سەدان و هەزاران نەخۆشی دیم دیوە لەماڵماندا چاك بۆتەوە و گەلێك لەو كەسانە بوونەتە دەروێشی كەمەندكێشی باوكم كە كوڕەزای شێخ حەسەنی كەسنەزانە... جگە لەوەش دەیان ژن كە منداڵیان نەبووە هاتووە لەلای باوكم دۆعای منداڵبوونیان كردووە و خوا بەدۆعاكەی باوكم منداڵی داوە پێیان و خۆیان خەڵات و بەراتی باشیان بۆ باوكم هێناوە... مەسەلەی ئیتقات و ئیدو بڕوا لەمرۆڤدا شتێكی زگماكییەو جاری وا هەیە نەخۆشێكی زۆر شكستە باوەڕی وایە كەبچێ بۆ زیارەتی فلأن مەرقەد یاخود بچێ بۆ لای فلأن شێخ نەخۆشییەكەی چاك دەبێتەوە و هەروەهاشە زۆرجار دوای جێبەجێكردنی ئەو

نیازە نەخۆشەکە پشت بەخوا شیفای بۆ هاتووە و ئەمە بابەتێکی دەروونییەو نەشەرع و نەزانست بۆیان نییە قسەی ڕاست و چەپی لەسەر بکەن...

چونکە ئەم حاڵەتە لەسەرووی ڕەوتی شەریعەت و زانستەوەیە و تەنها خوا خۆی هۆکاری چاکبوونەوەی نەخۆشەکە دەزانێ.. ئەم جۆرە ئیدو ئیتقات و باوەڕەش لەسەرجەمی ئاینە ئاسمانییەکان و ئاینە زەمینییەکاندا هەیە...

مەسەلەی فاڵ گرتنەوە و سیحرو جادوو ئیتقات بوون بە دۆعاو نوشتەو کەسایەتییەکی ئایینی پەیوەندی بەلایەنە دەروونییەکانی مرۆڤەوە هەیەو پەیوەندی بەدواکەوتن و پێشکەوتن و ڕۆشنبیری و ناڕۆشنبیرییەوە نییەو ئەم جۆرە دیاردانە زۆر بەزەقی لەکلتووری کۆن و نوێی ئەوروپاشدا هەیەو شارستانیەت و بەجیهانی بوون نەیتوانیوە بنەبڕی بکات و بەڕای من ناشتوانێ و خۆ ئەگەر تاک و کۆمەڵگا لەم دیاردە دەروونی و ڕۆحییانە دابڕێن من وادەزانم نەخۆشییە دەروونییەکان پەرە دەستێنێ و زاوزێ دەکات و سەرەنجامەکەی باش نابێ....

من لەگەڵ ئازادی مرۆڤ و لەگەڵ فرە ئایینی و فرە مەزهەبی و فرە بیرکردنەوەدام و بەڕەوای نازانم دەست لەبیروباوەڕو ئیدو ئیتقاتی کەسانی دی (بەناوی ئاینی - یا زانستەوە) وەربدەین و هەر لەخۆمانەوە ببین بەمامۆستای بەرامبەرەکەمان و ئامۆژگاری و ڕێنمایی بکەین...

خۆ ئەگەر ئێمە ئەو دیاردانە بەدرۆو دەلەسە و بەندوباو بزانین





ئەوا دەبێ باوەڕمان بەسووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا نەبێ، چونکە ئەوەش هەر قسەی زاناکانەو کەسمان نەماندیوە زەوی بەدەوری خۆردا بسوڕێتەوە....

حەز دەکەم بەو کەسانەی کە لەزەویدا بەناوی خواوە قسە دەکەن بڵێم: سەربوردەیەکی ئایینی هەیە باسی ئەوە دەکات شوانێك شێت و شەیدای بینینی خوای مەزن دەبێ و دەڵێ خوایە گیان وا من شیری مەڕم بۆت کوڵاندووە و نانی جۆی جوانم بۆت دروست کردووە و ماڵەکەمم بۆ پێشوازی تۆ ڕازاندۆتەوە... تۆ لەکوێی بۆ نایەی میوانداریم بکەیت و نمەکم بکەی... دەڵێن حەزرەتی مووسا بەمە دەزانێ و دەڕوات سەرزەنشتی شوانەکە دەکات و گۆزەو دیزەی تێکدەشێکێنێ و خوای مەزن گلەیی لە حەزرەتی مووسا دەکات و پێی فەرموو تۆ هەقت چی بوو بەسەر ئەو بەندەیەی منەوە... ئەو بەو جۆرە منی دەناسی منی دەپەرست و تۆ وات لێکرد من نەناسێ و بڕۆ دڵنەوایی بکەو پۆزشی بۆ بێنەرەوە... منیش دەڵێم کە خوا خۆی ئەوەندە لەگەڵ ئازادی مرۆڤدا بێ....چ پێویستە هەندێ کەس



لەزەویدا بەناوی خواوە ڕووبەڕو جوگرافیای مرۆڤ تەسك بکەنەوە و لەسەر هەموو وردو درشتێکی تانەو تەشەری تێبگرن و بەنەزانی و سەرلێشێواوی بزانن..

هەر لەبارەی ئیدو باوەڕی خەڵکەوە ڕۆماننووسی گەورەی عەرەب (ئەلتەیب ساڵح) لە کورتە چیرۆکێکدا باسی ئەوە دەکات داگیرکاریی بەریتانیا کاتێ کە وڵاتی سوودانیان داگیرکردبوو ویستیان شەقامێکی هاوچەرخ لەیەکێ لەشارەکانی سوودانا دروست بکەن و دەبوایە - وەکو لەچیرۆکەکەدا هاتووە- شەقامەکە بەسەر نەزەرگەی پیاوچاکێکدا بڕوات و نەزەرگەکە ببێ بەقوربانی شەقامە هاوچەرخەکە... لەم چیرۆکەدا شەقامەکە ڕەمزی شارستانیەتی ئەوروپایە و دەگەیەندرێتە سوودان و نەزەرگاکەشی ڕەمزی نەریت و کلتوورو بەندوباوی خەڵکی سوودانە... بەڵام ئەلتەیب ساڵح کە دەیان ساڵ لەبەریتانیا ژیاوە و دیدەنی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای کردووە ئەو بارودۆخە پەسەند ناکات و لەچیرۆکەکەدا خەڵکی دەگرن و خۆپیشاندانی بەردەوام دەکەن و داوای ئەوە دەکەن کە شەقامەکە دروست بکرێ... بەڵام با لەولای نەزەرگاکەوە بێ... و دەڵێن شارەکەمان بەشەقامەکەو نەزەرگاکەوە جوانتر دەبێ...

ئەلتەیب ساڵح لێرەدا ئەوە دەخاتەڕوو کە گەلانی جیهان دەتوانن سوود لەشارستانیەت و ژیاری ئەوروپایی وەربگرن... بەڵام بەمەرجێ داب و نەریت و ڕێوەرسم و کلتووری ڕۆشنبیری و ڕۆحی و نەتەوەیی خۆیان نەدۆڕێنن.. جا ئیتر با ئەو کلتوورە ئەفسانەو بەندو باوو بۆچوون گەلێك و چەمك گەلێکی نازانستیش بێ... من



لەکاتی نووسینی ئەم بابەتەمدا نووسینەکەم بەنیوەناچڵی بەجێهێشت و چوومە دەرەوە و وا ڕێکەوت ڕێگاکەم بەلای نەزەرگایەکی ناوشاری سلێمانیدا بڕوات و پیاوێکم دی دەستی دەخستە سەر نەزەرگاکەو ئەنجا دەستی لەشان و ملی خۆی دەسویی... بێگومانم پیاوەکە شان و ملی ئازارو ژانی بووە و باوەڕی وابوو لەو نەزەرگایە شیفای بۆ دێ و زۆریش دڵنیام شیفای بۆ هاتووە... یا هەر نەبێ تەسکینی بەگیانیدا هاتووە... ئەمە بیروباوەڕەو ئیتقاتەو نە مزگەوت و نەدەسەڵات هەرگیز بۆیان نییەو نیە خۆیان هەڵقورتێنن و بەزەبری فتواو یاسا قەدەغەی بکەن...

چونکە ئەمە بابەتێکە پەیوەندی بەئازادی خودی مرۆڤەوە هەیەو مرۆڤ ئازادە بەهەر جۆرێك گوزارشت لەبیروباوەڕو ئیدی ناخی خۆی بکات و من بەرەهایی دەیڵێم خۆم باوەڕم بە دۆعاو نوشتەو فاڵ و ئەستێرەی بەخت و خوێندنەوەی چارەنووس هەیە... لەم بارەیەوە ئەگەر پێویست بکات لە نووسینێکی دیدا ئەزموونی خۆم لەبواری ئەم دیاردانەدا دەخەمەڕوو بەتایبەتی لەبواری دۆعاو هەندێ شتەوە کە شەریعەتمەداران و زانستخوازان بە بەندو باوو درۆو دەلەسەی دەزانن.

کورتە چیرۆك

# فڕین بۆ نەگەڕانەوە

**عومەر شەریف**

لە سوچێکی ژورە بچوکەکەیەوە کولەکەیەکی وشکەوەکراو هەڵواسرابو ، سواڵەیەك گەنمی بژپڕی تیا دانراوبو ، کوژەیەکی کەوە بە چەند مورویەکی سور و شینەوە کرابووە ملی کولەکەکەوە ، جاڵجاڵۆلەیەکی بۆر بەلای ڕاستی کولەکەکە و لە بنمیچی خانووەکەوە تۆڕی خۆی هەڵدابو ، نوشتەیەکی سەوزی تۆز لێنیشتو لەگەڵ چوار پارچە داری ژاڵەی سێگۆشە بڕاودا بە بزمارێکی دو ئینجیدا بە تنیشتیانەوە قایم کرابو ، خەجاو چوار پێنج سەرینی لەسەر لاکیشە و گلێمە ڕەش و بازۆوەکان لەسەر یەك دانا ، تروسکەی هیوا لە ڕومەت و چاوەکانیدا نەدەبینرا ، بە دیقەت تەماشات بکردایە ، ڕێچکەی گریان بە چاوەکانیدا دیاردەکەوت ، شادەمارەکانی سەردەست و لاباسکی لاوازی شینیان دەکردەوە , سەرپۆشێکی کاڵەوەبوی چرچ و لۆچ نەیدە توانی بەفر لێنیشتوی ڕەشای سەری خەجاو شارنەوە , لە تەنیا تەنیا تر و لە بێکەس بێکەستر و دور لە یاران و بێناز لە کۆمەڵگای ( .... ) ژیان دەیهاڕیت و دەیتلێنێتەوە , ساتەکانی چاوەڕوانی مردن ، شەن و کەوی پێ



دەکات ، دەیزانی چاوەڕوانی مردن زۆر لە خودی مردن ناخۆشترە ، بەڵام چی دەڵێی لەگەڵ ڕۆژگار بە هەمو هێزیەوە گەردەلولی خۆی لەو پێچاندووە ، ئاوێنەیەکی بەرباخەڵی نیوە ڕەشەوەبوی لە تەنەکە گیرا و لەبەر باخەڵی سوخمەکەی دەرهێنا و بۆ هەزارەمین جار خۆی تیا بینیوە و ئەو ڕۆژەی بیر هاتەوە ، کە دڵخوازەکەی بۆی فیرێدادەبووە تەنوربانەکەی خۆیانەوە لە دێ ، ئیتر هەر ئەوە بو براپەوە و ئەنفال و زیل و جاش و شۆفڵ و دار بەردیان ڕاپێچی نادیارکرد , سەلام وەك زۆری خەڵکی ناوچەکە بۆ یەکجارەکی و هەمیشە گۆڕگوم کرا ، تازە نە بەتەمای هەواڵێك و نە ئیتر کەسێکیش مژدەیەکی بۆ دەهێنێ , ئەو لێوانەی کە عەیامێکە خەندە و بزەی لە بیر چووەتەوە ڕۆشنایان تێ بخات ، کام هێز و توانا هەیە ، ئەو پرچە ماش و برنجەی ڕەشکاتەوە ، لە ناخەوە خۆی دەخواردەوە و دەیوت خۆزگە ئەو ڕۆژ بمردایەم ، کە دەستە خوشکەکانم دەیانوت تا خەجاو شونەکات ئێمە دەبێ هەرچاوی چاوەڕوانیمان بڕەژین !

دەرودەرهاوسێێ خەجاو لە عەقڵ و فامی کەوتبونە گومانەوە ، بگرە هەندێکیان بە شێتێکی ڕاستەقینەیان دەزانی ، ئاخۆ کێ هەیە بوخچەی بوکێنی هەژدەساڵ پێش ئێستا هەڵبگرێت ، ورێنەی ماڵ و منداڵێك دەکات کە بونیان نییە و نابێت ، خەجاو بە چاکی دەزانێت ، ئەو خەونەی چاوەڕوانی دەکات بۆ هەمیشە نایەتەدی ، بەڵام چی لە دڵ و دەرون بکات ، ناتوانێت تروسکای کونا باجەیەکیان لەسەر دابخات ، خەمی گەورەی ئەوەیە ، نە کەسێك هەیە دڵی بداتەوە و لە



ئازارەکانی کەم کاتەوە و تازە بە تازەش هیچ شەماڵێك لە باخچەی ژاکاوی ماڵە خامۆشەکەی نادات و گیانێك بۆنی تاسەی لێبێ بەوێدا گوزەر ناکات ، ئەوەندەیان پێ وت: بۆ جارێك لە ماڵ دەرناچێت و تەماشایەکی دنیا بکەیت ، دواجار بڕیاریدا سەرێك لە دێکەی خۆیان بدات و کلیلی دەرگای ماڵەکەی لای دەرهاوسێکان بەجێ هێڵا و پێی ڕاگەیاندن ئەگەر سەلام و منداڵەکان گەڕانەوە بیاندەنێ ، با لەبەر دەرگا نەوەستن و من ئێوارە دێمەوە.... ئەو ئێوارەیەش وەك هەمو چاوەڕوانییەکانی تر بۆ هەتاهەتایی دانایەت و ناگەڕێتەوە ...



## سێبەر

عیسا چایی



**برای بەڕێز ئەحمەد باوەڕ..**

**سەڵاو ..هەواڵتان دەپرسم ..**

بەرێکەوت گۆڤاری گیرفانی ژمارە (٢)ـەم بینی نوسینێکی تیابو دەربارەی سەرەتای بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانی گەرمیان، لە ڕاستیدا ئەوە شتێکی گرنگ و دڵخۆشکەرە ، کە دوای ئەو ماوە تاریکانە ڕوناکی بکەوێتە سەر دەڤەرێك کە لە حاڵەتی ئاساییشدا جێگایەکی تاریك و دورەدەستە، زیاتریش مەبەستم ئەو لایەنەیە کە نوسین دەربارەی گەرمیان لە ئەمڕۆدا هەندێ سەرنجراکێشی تیایە، زۆرتریش من لەم حاڵەتە دو دڵم ، دو دڵم لە هەمو باوێك، گومان دەکەم لە هەمو بابەتێکی باو، بەڵام بەو گومانانەی منیشەوە لە زۆر حاڵەتدا ڕوناکی خستنەسەر هەر بابەتێ، هەر هەوڵێ لە کوێربونەوە و بیرچونە باشترە ، بەتایبەتیش ڕەنگە لە هیچ ڕۆژگارێکی ڕابردودا ئەم هەلانەی ئەمڕۆ دەستەبەر نەبوبێ، ئەمانە پەنجەرەیەك بون بۆ هاتنە ژورەوەی گۆشەیەکی تایبەت بە بابەتەکەی ئێوەوە ، کە لە









ڕاستیدا من ئەوەندەی پەیوەندی بە تۆمارکردنی لایەنێکی ژیاری ئەم ناوچەوەیە، ئەوەندەی خزمەت بە گەیاندنی حەقیقەت بکات، پێم خۆشبو چەند خاڵێکی بۆ زیاد بکەم، هەم بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەی ئێوە و هەم بۆ ئەو مێژووەش کە تۆماری دەکەن.

هەروەکو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری (پشوی کوردستانی نوێ)شدا ژمارە(١٩)ی شوباتی (٢٠٠١)دا بە شێوەیەکی پانۆرامایی بە سەریدا تێپەڕیوم و بە کورتی ئاوای باس دەکەم: لە هاوینی ( ١٩٨٤/١٩٨٥)دا کۆمەڵە خوێندکارێکی گوندەکانی (دێبنە، شاکەل، سەیدە) مانگانەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیمان دەردەکرد بەناوی (سێبەر) .. ئەم مانگنامەیە لە گوندی (دێبنە) دەردەچو ، پاش ئەوەی لەوێ دەخوێنرایەوە دەگەیەنرایە شاکەل ، دوای ئەوەی لەوێش دەخوێنرایەوە دەبرا بۆ سەیدە .. هەیکەلی ئیداری ئاوابو:

سەرنوسەری: نەبەز بەرزنجی ..(عیسا چیایی) ئێستا.

سکرتاریەتی نوسین: (ئاسۆ)..(ئەحمەد شاکەلی) ڕۆڵی ئەو بۆ ئێمە زۆر گرنگبو .. لە سەرەتاوە زۆری دەپرسی و لە کۆتایشدا ناونیشانەکەی زۆر پێ باشبو، زۆر کارئاسانی بۆ دەکردین، لە هەر لایەکەوە کورتی بهێنایە بە شیعرێکی شێخ ڕەزا بۆی پینە دەکردین ، هەوڵەکانی ئەو لەو پۆستە گەورەتربو، من پێم خۆشبو کارەکە بەناوی ئەوەوە بێت ، بەڵام ئەو هەر ڕازی نەبو ، وەکو هورەیەکیش بۆ ئێمە، ئەو بیانووەی دەهێنایەوە کە ئەو بەهۆی هەڵاتنییەوە لە سەربازی زۆرتر لە هاتوچۆدایە و کەمتر دەکەوێتە ماڵ و ئێمەش پێویستە بەردەوام بین.



(ژوان).. ناسك محەمەد سلێمان .. دوای مامۆستا ئەحمەد شاکەلی قسەمان بۆ ئەوکرد، لە ڕاستیدا تا تەواوبونی دواژمارە وابزانم ژمارە (٥) بو ، دوای ئەوە بەهۆی دەستپێکردنەوەی وەرزی قوتابخانەوە کۆتاییمان پێهێنا، هاوکارێکی زۆرچاك و لە هەموان زۆرتری نامە و بەرهەمی بۆ دەناردین.

(مگشر).. سلێمان محمد سلێمان .. هاوکارێکی گرنگبو ، وادەزانم کۆمەکیشی کردین بە قەڵەم و کاغەز ، زۆرتر گۆشەی بۆ زاخاوی مێشك و بۆ پێکەنینی بۆ ئامادەدەکردین ، کە ئێمە بە شەرمەوە باسمان لە خۆمان دەکرد ، ئەو لەو ڕووەوە لە ئێمە باشتربو، چەشنە ڕاگەیاندنێکی بڵاوکراوەکەمان بو.

(خەبات) ..خەولە محەمەد سلێمان .. زۆرتر هەواڵی هونەری و پێکەنین و دەنگوباسی هونەرمەندە ناودارەکان و لە چەند کاتێکی تردا هەواڵی ئاگادارکردنەوەشی بۆ دەناردین بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی نەکردنی سەربازییەوە کە لە حکومەتی ئەو کاتە یاخی بون.

سەڵاح محەمەد سلێمان . . بەهۆی نائارامی ناوچەکەوە ئەویش بە چەکەوە لە سەربازی هەڵاتبو و کەمتر لای ئێمە بو ، زۆرتر لە گوندی ژاڵەی سەفەر بو ، لە سێ ژمارەی کۆتاییدا بەشداری کردین بە نوسین و گرنگترین کاریشی گۆڕینی فەنتی ناونیشانی گۆڤارەکە بو .. پێشتر ئێمە زۆر گوێمان نەدەدایە ناونیشان نوسین ، کە ئەو هاتەوە فەنتی ناونیشانەکەی گۆڕی بە (فارسی).

کوردستان .. مەلیحە عەبدولکەریم ڕەزا لە سەیدە بو ، ئەوەندەم

بیر دێ ، کە باسی ئیشەکەمان بۆ کرد زۆری پێ خۆش بو و بەڵێنیشی دا کە بەرهەمان بۆ بنێرێ، بەڵام هەر چەندەکەم شتێکی ئەوم بیرنایە ، کە بۆی ناردبێتین.

لەبەر ئەو حاڵە ناجێگیرەی کە لە سەرەتا و ناوەڕاستی (١٩٨٧)ـەوە توشی کوردستان هات، ژمارەکانی سێبەرم لێ ونبووە ، یان تا ئێستا ونبووە ، چونکە ماوەیەك پێش ئێستا لە هەندێ پریاسکەی ماڵەوەدا کۆمەڵێ شتومەکی ئەو کاتەم دۆزییەوە ، لەوانە ڕەشنوسی پێشەکی ژمارە سفری تاقیکردنەوە بە خەتی مامۆستا ئەحمەد شاکەلی و سێ نامەی ژوان و دو نامەی خەبات و کۆنوسی دانیشتنێك لە دێبنە ئەنجامدراوە بۆ نامەنوسین بۆ گۆرانی داواکراو (وا دەزانم ئەمەش پرۆژەیەك بووە لە پەراوێزی کارە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو بڵاوکراوەیەدا کە بە تەما بوین ئەنجامی بدەین) ، بۆ ئەم کارە چەند تێبینی نوسراوە و چەند لیژنەیەکیش پێکهاتووە ، وەکو:

- پێویستییەکانی بەڕێوەچونی کاروباری کاغەزنوسین...
- کاغەز و زەرف .. بەتایبەتی زەرف ...
- ئەندامەکانی لیژنەی کاغەزنوسین: کە پێکهاتووە لە (١٠) ناو.

لەسەر ئەو کاغەزەی لای منە ، تەنها ناوی دو گۆرانیبێژ ماوە ، کە بەتەما بوین گۆرانییەکانیان داوابکەین لەگەڵ گۆرانییە داواکراوەکانیاندا ، کە ئەمانەن:

تەنیا عارەب: هایلێلێ، پەرێشانم، دێوانەم، نارنجە ، ئەگەر ڕۆژێ نەتبینم.

جەلال سەعید: هۆی نازەنینم، بۆچی دەگری، بێریڤان،



ئەڵێن زەندانە.

ناڵێم ئەم بڵاوکراوەیە کارێکی نمونەیی بووە ، بەڵام ئەو چەند نامە کەمانەی کە ماون و لەبەر دەستمدان گوزارشت لە زۆر حاڵەتی جوان و بە دەنگەوە هاتن و پەرۆشی بۆ کارێکی گەورەتر دەکەن.

ئەمە پێشەکی ژمارە (سفر)ی تاقیکردنەوەیە: (خوێنەری خۆشەویست/ هاتوچۆی ڕوداوەکان لەم هەرێمەدا ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبێ و ئەنجامی ئەوتۆ دێتەکایەوە چاوەڕوان نەکراوە، بەلای کەمەوە لە ئانوساتێکی وادا کەس بە تەمای نەبووە ، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ زانای تیوری ڕێژەیی کە دەفەرمویت ئەوەی لەساتێکدا لەلای ڕاستەوەیە دورنییە لە ساتێکی تردا کەوتبێتە لای چەپەوە ، واتە شتی بەڵگەدار و بێ گومان کەمە و ژیانەکەش لە گۆڕانێکی ئێجگار خێرادایە ، خوا ڕەحم بە ئیمانمان بکات و بتوانین بگەینە کەناری ئاشتی و سەرفیرازی، بە کوێرایی چاوی هەمو بەدخواهان ...).

ئەمانە کەمی ئەو شتە بەجێماوەنەی ئەو بڵاوکراوەیەیە، وەکو بیرم بێ لە ژمارەیەکیدا:

* (ئەحمەد شاکەلی و سەلاح شاکەلی) باسیان لە گەشتێکی خۆیان دەکرد بۆ لەتیلەکۆ بەرەو ژور ، ئەو ناوچانە لەو کاتەدا لە چاو دەوروبەری ئێمەدا ناوچەیەکی ڕزگارکراوبو و هەر لە تویێی باسەکەیاندا باسی کەسایەتییەکی میللیان دەکرد بەناوی ( مینە بەردخۆر)..

* (ژوان) لە کۆتایی نامەیەکیدا ئەم پرسیارەی کردووە: ئایا



گۆڤارەکەتان بۆچی ناوتان ناوە (سێبەر) هۆی چییە؟

بیرم دێ ئەم پرسیارە ڕوبەڕوی من کرایەوە: لە ژمارەی دواتردا وەڵامم دابویەوە، وادەزانم وتبوم: ئێستا هاوینە لەم دەشتەدا زۆرتر پێویستیمان بە سێبەرە، ڕەنگە لە زستاندا ناوێکی تری لێ بنێین ..!

* (خەبات) .. لە نامەیەکیدا ئەم هەواڵەی بۆ ناردوین (تازەترین قوماش کە دەرچووە بۆ ئافرەت مەتری بە (٣٠) دینارە).

* خۆم لە ژمارەیەکدا شتێکم نوسیبو دەربارەی ساڵی نەهات و نەمانی بژێوی ئاژەڵ لە گەرمیان و بەرەو کوێستان چونی هەندێ لە مەڕدارەکانی گەرمیان ...

بە کورتی ئەم هەوڵەش دەکرێ بخرێتە پاڵ هەوڵەکانی تری ئەو سەرەتایەی باسمان لێکردووە ، کاری من تەنها بیرخستنەوەیەتی ، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا پێم خۆشە خاسیەتەکانی ئەو ماوە مێژوویە و ئەو بڵاوکراوەیە ئەویش هەر بە کورتی باس بکەم:

١- ئەم بڵاوکراوەیە وەکو هەر هەوڵێکی ڕۆشنبیریی گەنجانە ویستویەتی دادێك بێ .. پەنجەرەیەك بێ .. سێبەرێك بێ بۆ ئەو هەمو ڕوت و قوتی و برسێتییە کەڵەکەبووەی کە هەیە ، بەتایبەتی لە گەرمیاندا و بۆ خەڵکی خوێندەوار،کە زۆر جار من وای لێکدەدەمەوە ، وەکو تەنکە ئاوێکە جێگای خەونی گەورە و مەلەوانی تەواوی تیا نابێتەوە، بە فۆرمێکی تر لە هاوارە خنکاوەکانی سەلیم بەرەکات دەچێ لە (شێرەکوللەی/ئاسنین)دا.

٢- بەراورد بەو کاتە جۆرە پسپۆڕیەك هەبووە ، کە هەر نوسەرێك



بابەتێکی تایبەتی هەبووە و زیاتر لەو بوارەدا هاوکاری کردوین، بۆ نمونە لە نامەیەکدا (ژوان) لە پاش ئەوەی داوای یارمەتی لە (مگشر) دەکات ، پاشان بابەتی بۆ گۆشەی بۆ زاخاوی مێشك نوسیوە ، کە ئەو گۆشەیە تایبەت بووە بە (مگشر).

٣- هەوڵدانێك بووە بۆ بەسەر کاغەز خستنی ئەو ژیانەی ئەوێ و دەرخستنی بۆنی قەڵەم و کتێب لە پاڵ بۆنەکانی تری ژیاندا ، کە تا ڕادەیەك نامۆتر بووە.

# بڕیاردان
## چۆن بڕیار بدەین

نوسینی: ئەندازیاری دەرونی NLP (زانا خەیام)
هەولێر



بابەتێکی گرنگی ئەندازیاری دەرونی کە خۆی لەخۆیدا ژیان لەسەر ئەم بنەمایە بەندە ئەویش بابەتی بڕیاردانە ژیان هەمووی کۆمەڵە بڕیارێکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ کۆمەڵە بڕیارێکە لەسەر یەکەوا کە ئێمە ئەیدەن بڕیار وەکو لەهەڵسوکەوتی رۆژانە ئەم کاتەی لەخەو هەڵدەستین بڕیارە کە هەستین بەیانی نان بخۆین کەی دەرچین کەی بگەڕێینەوە بڕیاری چی بدەین پڕۆژەی ئەمڕۆ چیە کەی بڕیارە بگەڕێتەوە. هەمووی هەر بڕیارە



بەسەریەکەوە ئینجا بڕیارە گەورەکانیش خۆی لەخۆیدا باسێکی ترە ئایا تۆ بۆ دەخوێنیت و ئینجا دەکەوی. هۆی چییە هەزاران پڕۆژەو هەزاران بڕیار یاخود بڕیاردان لەکات و ساتی خۆی زۆر رووداو هەن لەژیاندا بەپەلە دێن و بڕیاری بەپەلە دەدەی، دەبێ ئێمە بزانین چۆن ئەم بڕیارانە دەدەین یاخوت بدەین بەشێوەیەکی زانستیانە.

کەواتە بڕیار بریتییە لەچەند رێگایەك لەرێگاکانی دەوروبەرمان لەیەك کاتی جێگیر وە ئێمە دایمەن لەدووای چاکترین بڕیار دەگەرێین تاوەکو چاکترین رەفتارو چالاکترین دەرئەنجام بێت.

خۆی لەخۆیدا هەر بڕیارێ بدرێ بڕیارە بەلام گرنگی لەوەدایە کامەیان چاکترین بڕیارە (ایکم احسنٌ عملاً) ئێمە دەمانەوێ ئەمڕۆ بەخوێنەر رابگەیەنین هەر چەند لەناو کۆمەڵگەی ئێمە ئاشنا نییە.

بۆدانانی بڕیار پێویستە بەم چوار قۆناغەدا بڕۆین:

**پیلان دانان**

**بیرکردنەوە** **پێداچوونەوە**

**جێبەجێ کردن**

یەکەم/ بیری لێ دەکەینەوە بزانین چی بکەین چ بڕیارێ بدەین یاخوت چ کارێك بکەین بڕیار دەدەین.

دووەم/ پیلان بۆ ئەم بڕیارە دەدەین کە دەمانەوێت بیکەین چۆن چۆنی سەرکەوتن بەدەست دەهێنین.

سێیەم/ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەی داومانە.

چوارەم/ پێداچوونەوە لەم خالانەی پێشوو ئایا سەرکەوتن یاخود سەرکەوتوو بووین یان نا وە ئایا ئێمە پێویستە ئێمە بڕیار جار جار



لەگەڵ یەکتر بگۆڕین ئەگەر سەرکەوتن بەدەست نەهات دەبێ بڕیار بگۆڕین ئینجا جارێکی تر پیلان دادەنێین و جارێکی تر جێبەجێی دەکەین جارێکی تر پێداچوونەوە دەکەین. ئەگەر بێتو ئێمە بەم بازنەیەدا بچین خالە گرنگەکانمان بۆ دەردەکەوێت تێدەگەین ئایە چۆن سەرکەوتوو دەبین لەبڕیارەکاندا واتە ئێمە پێویستە پەروەردەی بابەت فێربین ئەم بابەتەش پێویستە لەگەڵ ژیانماندا بژین لەدەرەوە و لەماڵەوە بەتایبەتی لەماڵەوە ئێمە هیچ گرنگی بەم یاسایانە نادەین بەتایبەتی دایكو باوك و منداڵ فێری بڕیاردان ناکەین.

هەوڵ ئەدەن جلوبەرگ بۆ منداڵ بکەن ناهێڵین ئازادبن لەکڕینی جلوبەرگ بۆ منداڵ بکەن لەکرینی جلوبەرگ ئەوەی منداڵ بەحەزی خۆی هەلی دەبژێرێت دڵنیابە پارێزگاریشی لێ دەکات وە ئەگەر هەڵەش بێت لەکرین هەر با بەدڵی ئەو بێت چونکە فێردەبێت جارێکی تر هەڵە نەکات، وە جگە لەوەی خۆمان بۆی هەڵدەبژێرین وە قەد بۆی روون ناکەینەوە کە بۆ ئەوەی بۆ هەلدەبژێرین.

ئێمە بەگیانی دکتاتۆریانە پێی دەڵێین دەبێ ئەمە هەڵبژێری. ئەگەرنا دەتکوژم گەر نا چاوت دەردێنم زۆر جار منداڵ لەقینی ئەوەی بەدڵی خۆی نەیکڕیوە هەوڵدەدات زوو بی دڕێنێت. یاخود کون کونی کات تا دانەیەکی تری بۆ بکڕیت وە یاخود لەبەرکردنی جلوبەرگ لەکاتی دەرچوون هەرگیز ناهێڵین بەئازادی جلوبەرگ هەڵبژێرێت بۆ دەرچوون یان بۆ ئەم شوێنەی کە دەچن نابێ فێری بڕیاردان بێت هەردەبێ ئێمە بڕیار بدەین وە هەرگیز هەست



بەوەناکەین ئەمە بۆپاشە رۆژی منداڵ باشە باوکودایك هەتاهەتایە بۆ منداڵە نامێنێتەوە دەبێ منداڵ لەمنداڵیدا فێر بکرێت. لەپاشەرۆژدا پێویستی بەکەس نەبێ جگەلەوەی کە دەبێ ببێتە شوانی کەس بەرامبەر هەتا لەسەیرکردنی تەلەفزیۆن هەربۆئەوەی کەوا خۆراهێنانێك بێت بۆ فێری بکە ئایا سەیری ئەم بەرنامەیە بکەین یاخود بچینە ئەم باخچەیە خۆی لەخۆیدا رەنگە تۆ بۆمنداڵەکە بچیتە دەرەوە دە باشە مادام بۆ منداڵەکەیە با بەدڵی ئەو بێت پەروەردەکردنی منداڵ و قوتابی پێویستە لەسەئەوەی کە متمانە بەخۆی بکات.

١-هەرگیز بڕیاری بەپەلە مەدە:

چونکە زۆرجار بەهەڵە دەچی یاخود لەناوەڕۆکی بابەت نەگەیشون.

٢-لەکاتی ناسروشتی بڕیار مەدە:

کاتی توڕەیی- یان پەلەیی- یان لەکاتی برسیبون – مێشکت سەرقاڵە.

هەرگیز بڕیار مەدە چونکە توشی شەرمەزاری یاخود دەبێ داوای لێبووردن بکەین تاوەکو لە نصی ئیسلامی پێویستە قازی حوکم نەکات ئەگەر بێتو ئەم چەند خاڵەی تێدابوو چونکە حوکمەکەی هەڵەیە وە لەکاتی تویژکردن گەر نان ئامادە بوو پێشتر نانەکە بخوات ئینجا نوێژ بکات چونکە هەر مێشکت لای خواردنەکە دەبێت.

لە ئەمەریکا یاسا هیچ لێکۆڵنەوەیەکت لەگەڵ ناکات تاوەکو باش ئیسراحەت دەکەیت و ئینجا پارێزگار دەگری بۆخۆت پارێزەرەکەت

هەڵدەستێ بەوتووێژکردن ئەمەش یەکێ لەچواردە خاڵەکانی یاسای تاوانبارانە. وە بۆی هەیە هیچ قسەیەکت لەگەڵ نەکات.

٣-رارانەبوون لەکاتی بڕیاردان:

هەرچەندە بڕیار هەڵەش بێت تۆ لەوە باشترە رارابی واتە هەرچەقە مەبێ بتەوێ بڕیاری بدەی رارابی واتە هەر وابێ ( احمل احظ ولاتتردد) وەس وەسە مەکە لەبڕیاردان بڕیاری هەڵە نەدات بڕیاری چاکترە (اذا ماعزمت وتوکل علی الله).

٤-قەد لەبڕیار پاشگەز مەبە:

بڕیار بدە با بەدڵی تۆش بۆت نەهێتەوە دیارە قەدەرت وایە پاشگەزمەبە جارێکی تریش بدە بەڵام تەتەوری پێ بکە تا دەگەیتە سەرکەوتن هەوڵی بۆبدە (سەرکەوتن لەبەردەوامیدایە) سوربە لەسەری و (ئەمرۆ رۆژی بڕیارێکە بەیانی بڕیارێکی تر).

بۆیە پێغەمبەری (د.خ) دەفەرموێت: (لا تیلدغ المؤمن في جُحرٍ مرتین) واتە محمد (د.خ) نابێت موسڵمان لەکونێکدا دوجاران پێوەبدرێت.





# جلوبەرگ و کاریگەرییە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیان

**نوسینی/ م. مستەفا سەعید**

جلوبەرگ (clothing) لە پێویستە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە ، لە هەمان ئاستی خواردن و خواردنەوەدایە ، بۆیە دەبینین زانایانی دەرونناسی کە باسی پێداویستییە ئەندامە بنەڕەتییەکانی تاک دەکەن ، ناوی پێداویستی جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە و شوێنی حەوانەوە بەیەکەوە دەبەن ، نەبونی هەریەک لەو پێداویستییانەی ناومان بردن ، ئەوا تاک هەست بە شڵەژان و دڵەڕاوکێ و نائارامی دەکات ، خوا باسی مافەکانی ئادەم دەکات لە بەهەشتدا دەفەرموێت: (ان لك الا تجوع فیها و لاتعری ، وانك لاتظمأ



فیها و لاتضحی) داپۆشران و ڕوتبونەوە مافێکی بنەڕەتییە کە خوای گەورە داویەتی بە ئادەم لەو ڕۆژەدا.

*** بۆچی خەڵکی جلوبەرگ لەبەر دەکەن؟**

لەوانەیە ئەم پرسیارە زۆر ساکار بێت و هەندێک یەکسەر وەڵامی بدەنەوە بە ئاسانی و ئامادەکراوی و خێرا لەبەر ئەوەی خەڵکی جلوبەرگ لەبەر دەکەن ، تا خۆیان لە سەرما و گەرما و گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا بپارێزن ، هەروەها بۆ عەورەت داپۆشین و کەمکردنەوە لە وروژاندنی سێکسی ، لە ڕاستیدا ئەم پاڵنەرانە بۆ جلوبەرگ لەبەرکردن هەمویان دروستن ، بەڵام چەندین پاڵنەری تر هەیە ، کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت جلوبەرگ بپۆشێت ، زۆریش گفتوگۆ و قسەوباسی لەسەر ئەو پاڵنەرانە کراوە ، لەوانە گفتوگۆ لەسەر ئەو بۆچونەی کە دەڵێت: جلوبەرگ لەبەرکردن بە مەبەستی کپکردنەوەی غەریزەی سێکسی و کەمکردنەوەی وروژاندنی بووە ، بەڵام زۆرێک لە زانایانی دەرونناسی لەگەڵ ئەم بۆچونەدا نین ، ئەوان وای دەبینن داپۆشینی چەند بەشێك لە لاشە بە پارچە پەڕۆیەک کارناکات بۆ کەمکردنەوەی وروژاندنی سێکسی ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی زیادکردنی وروژاندنی سێکسی ، ئەو زانایانە نمونەی مەمکی ئافرەت دەهێننەوە و دەڵێن: لە ئەفریقادا هەندێك خێڵی سەرەتایی هەن ، ژنەکانیان بنگ و مەمکیان ڕوتە و هیچ وروژاندێکی سێکسیش دروست ناکەن ، لەوەش زیاتر دەڕۆن و دەڵێن ئەو سنگ و بەرۆکە ڕوتە دوای داپۆشینی زیاتر دەبێتە مایەی وروژاندنی سێکسی و حەز لە



سەیرکردنی ، لە لێکۆڵینەوەیەکدا پرسیار لە چەند زانایەکی دەرونناسی کرا ، کە بۆچی خەڵکی جلوبەرگ لەبەردەکەن ، وەڵامەکان بەمجۆرە بون:

٤١٪ وتیان خەڵکی لەبەرئەوەی جلوبەرگ لەبەردەکەن ، تا خۆیان لە (سەرما و گەرما و باران ...) بپارێزن.

١-٢ ٦٪ خەڵکی بۆیە جلوبەرگ لەبەردەکەن ، تا خۆیان لە نەخۆشی و مار و مێرو بپارێزن.

١-٢ ٣٪ وەڵامی تری جۆراوجۆر.

لە ڕاستیدا جلوبەرگ قازانجی زۆر بە تاکەکان دەگەیەنێت ، لەبەرئەوە بووە مرۆڤ هەر کە هاتۆتە سەر زەوی هەوڵی داوە بە گەڵای دار خۆی داپۆشێت ، دوای ئەوە جلوبەرگ پێشکەوتووە و هەوڵی داوە سەرەڕای داپۆشینی ناشیرینییەکانی لاشەی لە گەرما و سەرما و مێرووەکان بپارێزن ، دوای ئەوە جلوبەرگ بۆ خۆجوانکردنەوە بەکارهێنراوە ، هەروەها بۆ دەرکەوتنی تاک لەناو ئەو کۆمەڵەدا کە تیایاندا ژیاوە ، بە تێپەڕبونی چەندین سەدە جلوبەرگ گەیشتە ئەو ئاستەی ئێستا دەیبینین ، ئەگەر بە خێراییەک سەیرێکی پێشکەوتنی جلوبەرگ بکەین و بزانین بە چ ڕادەیەک پێشکەوتووە ، هەر لەو جلوبەرگانەوە کە لە گەڵای داران دروستدەکران ، تا ئەو جلوبەرگانەی لە پێستی ئاژەڵان و خورییەکانیان دروستدەکران ، تا دەگاتە ئەو جلانەوەی لە ڕیشاڵی هەندێک ڕووەک دروستدەکران بە دەست تا دەگاتە ئێستا ، کە لە هەمو جۆر و بابەتێک جلوبەرگ دروست دەکرێت ، ئەوەی یارمەتی

جلوبەرگی داوە بگاتە ئەم ئاستە دەیان هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مێژویی و کەش و هەوا بووە ، هەر گەل و نەتەوەیەك جلوبەرگی میللی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە سروشت و شێوە و ڕەنگ و ئەو پارچەیەی دروست دەکرێن لە یەك جیاوازترن.

*** پەیوندیی نێوان کەس و تاك و ئەوەی لەبەری دەکات چییە؟**

پەیوەندیی بەتین لە نێوان کەسایەتی تاك و ئەو جلوبەرگەی لەبەری دەکات ، بۆ نمونە کەسێکی داخراو لە ڕەوشت و بیرکردنەوەدا ئەو ڕەوشتەشی لەسەر جلوبەرگەکەی ڕەنگ دەداتەوە ، دەبینین حەزی لە جلی نوێ نییە و هەمیشە هەوڵ دەدات پابەند بێت بە جلە کۆنەکانەوە و ئەگەر لەگەڵ مۆدێلی ئەو سەردەمەشدا نەگونجێت ، ئافرەتی واش هەیە زۆر گرنگی بە خۆجوانکردن و جلوبەرگەکانی دەدات ، جلی ڕەنگاوڕەنگ هەڵدەبژێرێت ، کە لەگەڵ مۆدێلی ڕۆژدا بگونجێت ، هۆی هەڵبژاردنی ئەو جلانە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ کەسایەتیدا ، ئەم جۆرە ڕەوشتەش حەزێکی نەستییە و دان نانێت بەوەدا کە پیر و گەورە بووە لە تەمەندا.

جاری وا هەیە کەسەکە بێ باکە لە هەمو شتێك و جۆرە جلوبەرگێك لەبەردەکات ، کە لەگەڵ کار و تەمەن و پلەکەیدا ناگونجێت ، جاری واهەیە کەسەکە کەسێکی دەست بڵاوە جلی واگران لەبەردەکات کە لەگەڵ بوجە و گیرفانیدا ناگونجێت.





*** جلوبەرگ چۆن تاکەکان تێر دەکات؟**

بێگومان جلوبەرگ لایەنی دەرونی مرۆڤ لە زۆر ڕووەوە تێر دەکات ، جلوبەرگ وای لێدەکات پەیوەندیی هەبێت بۆ کۆمەڵ و خۆی بە یەکێك لە ئەوان بزانێت ، هەروەها جلوبەرگ یارمەتی تاك دەدات ، کە بچێتە ژێر ڕکێفی پێوانە و بەهاکانی کۆمەڵگاوە ، جلوبەرگ وادەکات لە تاك باوەڕی زیاتری بە خۆی هەبێت ، لە ڕێگەی دەرخستنی لاشەیەوە بە شێوەیەکی جوانتر و شاردنەوەی عەیبەکانی کە کاریگەریی خراپ دروست دەکات لەسەر کەسایەتی و بۆچونەکانی لەسەر خۆی ، کەسێکی زۆر لاواز پەنا دەباتە بەر جلوبەرگ ، بۆ ئەوەی لاوازییەکەی خۆی پێ بشارێتەوە و کەسێکی قەڵەویش



ئەو جۆرە جلانە هەڵدەبژێرێت ، کە کەمترین قەڵەوی لێ پیشان بدات ، ئەو کەسانەی کە بەدەستی تێکچونی ئێسکەکانی شانیانەوە دەناڵێنن ، جلوبەرگ وایان لێدەکات کە بە کەمترین شێوە دەربکەوێت ، کەسە باڵاکورتەکان پەنادەبەنە بەر لە پێکردنی پێڵاوی پازنە بەرز ، بۆ ئەوەی لای خەڵك وادیار بدەن کە باڵایان بەرزە ، بێگومان جلوبەرگ بەو شێوەیە کاردەکات بۆ پشتگیریکردن لە تاك لە لایەن خۆیەوە ، وەك چۆن کاردەکات بۆ پشتیوانی کردنی تاك بە باوەڕ بون بە خۆی ، هەندێك جار جلوبەرگ بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەك دەبێت ، کاتێك هەست بە کەمبونێك دەکات و هەڕەشە لە بڕوا بەخۆبونی خۆی دەکات ، بۆیە پەنا دەباتە بەر پڕکردنەوەی ئەو ناتەواوییە.

نمونەی لەو جۆرانە: هەندێك جار دەبینین فەرمانبەرانی بچکۆڵە یان مام ناوەندی زیادەڕەوی دەکەن لە جلوبەرگ و لە داهاتی خۆیان زیاتر دەدەن بەو جلوبەرگانەی لەبەری دەکەن ، ئەمەش هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ناتەواوی ئەو لایەنەی کە هەستی پێدەکەن.

زۆرجار جلوبەرگ وەك ساختەیەکی دەرونی بەکاردەهێنرێت لەلایەن کەسانێکەوە بۆ خۆبردنە کەوڵی ئەندامانی چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ، جلوبەرگ کاردەکات بۆ پشتیوانی کردنی کەسایەتی کۆمەڵایەتی تاك ، جلوبەرگی گونجاو ڕێزی تاك لای خەڵکانی تردا زیاد دەکات لەگەڵ زیادکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئەواندا ، جلوبەرگ پێداویستی تاك تێر دەکات لە پەیوەندیکردن بۆ کۆمەڵ ، هەروەها واشی لێدەکات خۆی بە کەسێکی سەربەخۆ



بنوسێنێت ، ئەو کەسە جلوبەرگ لەبەردەکات کە لەلایەن کۆمەڵەوە قبوڵکراو بێت و لە هەمان کاتیشدا بە شێوەیەك لەبەری دەکات کە لەوانی جیا بکاتەوە.

*** ئەو کاریگەرییەی کە جلوبەرگ لەسەر خەڵکی بەجێی دەهێڵێت چییە؟**

لەبەرکردنی جلوبەرگ کاریگەریی دەرونی لەسەر تەنها ئەو کەسە نابێت کە لەبەری دەکات ، بەڵکو کاریگەریی زۆری لەسەر خەڵکانی تریش دەبێت ، کاتێك دو کەس بەیەك دەگەن و قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن کاریگەریی لەسەر یەکتر بەجێ دەهێڵن ، کە پێی دەوترێ کاریگەریی یەکەم ، ئەو کاریگەرییە کەمە لە ئەنجامی چەند هۆکارێکەوەیە کە لە سەروی هەموانەوە جلوبەرگە ، دەشێت ئەو دو کەسە ماوەیەکی هێندە کورت بەیەکەوە بن و ماوەی ئەوەیان نەبێت یەکتر بناسن و حوکم بەسەر یەکتردا بدەن ، بۆیە لە ڕێگەی جلوبەرگەوە کاریگەریی لەسەر یەکتر دادەنێنن ، هەریەك لەو دو کەسە سەیری بەرامبەرەکەی دەکات تا بزانێت جلوبەرگەکەی پۆشتە و جوانە یان شل و شێواوە ، بۆیە حوکمی بە سەردا دەدات کە کەسێکی دەوڵەمەند یان هەژارە یان مام ناوەندییە ، زۆرجار خەڵکی لە ڕێگەی جلوبەرگەوە حوکم دەدەن بەسەر ئەو کەسانەدا کە ڕۆژانە توشیان دەبن ، بۆ نمونە کەسێك جلی ڕەشی لەبەردایە بە غەمبار دایدەنێین ، یان پیرەژنێك جلێکی ڕەنگاوڕەنگ و ڕازاوەەی لەبەردایە بە ئافرەتێکی موراهیقی دادەنێین ، بەڵام بێ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشت و کەسایەتی و بیروبۆچونیان ، هەمو ئەو بۆچونانە شتێکی هەڵەیە.

*** پەیوەندیی ڕەنگی جلوبەرگی تاك بە كەسایەتییەوە چییە؟**

زۆر كەس لە پەیوەندیی هەڵبژاردنی ڕەنگەكان بە كەسایەتی تاكەكانەوە دەدوێن ، بۆ نمونە زۆر كەس حەزیان لە ڕەنگی زیقە ، هەندێكی تریش ڕەنگی متیان پێ باشە وەك خۆڵەمێشی و ڕەصاصی ، هەندێكی تریش ڕەنگی ڕون و ئاشكرا نییە لە نێوان هەڵبژاردنی ڕەنگی جلوبەرگ و كەسایەتی كەسەكەوە ، بە تایبەت لە ژناندا كە بە زۆری لەسەر مۆدیل دەچنە ڕێوە ، ئافرەتی سپی زیاتر حەز بە ڕەنگی تاریك و مت دەكەن كە پێچەوانەی ڕەنگی دەموچاویان بێت ، ئەسمەرەكانیش حەزیان لە ڕەنگێكی دیاری كراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین زۆرێك لە ژنان جلی جیاواز و زۆر ڕەنگاوڕەنگ لەبەر دەكەن ، ڕەنگی جلوبەرگ دەلالەتێكی دەرونی هەیە ، بە تایبەت ئەگەر كۆمەڵێك زۆر خەڵكی نیشتەجێی ناوچەیەكی دیاریكراو ڕەنگێكی باو لەبەردەكەن ، بۆ نمونە ڕەنگی جلوبەرگی گوندنشینەكان بەزۆری بەرەو ڕەشە ، كە ئەمەش لەبەر ماندوبون و هیلاكییە كە بەسەر ژیانیاندا زاڵە ، لەگەڵ ئەوەی تائێستا پەیوەندییەكی ئاشكرا نەسەلمێنراوە لە نێوان كەسایەتی ژن و ڕەنگی جلەكانیدا ، بەلاَم بە لێكۆڵینەوە سەلمێنراوە كە هەندێك پەیوەندیی هەیە لە نێوان ڕەنگی جلوبەرگی پیاوان و كەسایەتیاندا ، ئەو پیاوانەی حەزیان لە ڕەنگی هێمنە یان تاریكە ، ئەوانە كەسانێكی بە سروشت كەم تێكەڵ و مڕ و موچن و كەمتر توڕە دەبن و لە ڕەوشت و هەڵسوكەوتدا قورسن ، ئەو پیاوانەش حەزیان لە ڕەنگی زیقە بەردەوام ڕەوشتیان لە گۆڕاندایە ، بەلاَم گەشبین ترن لە خەڵكانی



تر ، بەلاَم ئەو پەیوەندییەی نێوان ڕەنگەكان كە بە لای ئەو كەسانەوە پەسەندە بۆ لەبەركردن و نێوان كەسایەتی ڕون و ئاشكرا نییە لە زۆر حاڵەتدا ڕێژەییە.

*** ئەو هۆكارانەی كە كاردەكەن لە جۆری ئەو جلانەی كە خەڵكی لەبەری دەكەن كامانەن؟**

زۆر هۆكار هەن كار دەكەن لە جۆری ئەو جلوبەرگانەی خەڵكی لە شوێنێك یان سەردەمێكی دیاریكراودا لەبەری دەكەن ، لەوانە:

١- **هۆكاری كەش و هەوا:**

هۆكاری كەش و هەوا كار لە جۆری ئەو جلوبەرگانە دەكەن كە خەڵكی لەبەری دەكەن ، ئەوانەی لە ناوچە جەمسەرییەكان دەژین ، بە درێژایی ساڵ جلوبەرگی ئەستور و قورس لەبەردەكەن بە تایبەت لە وەرزی زستاندا ، بە پێچەوانەی ئەوەی كە لە خەڵكی ناوچەی ئیستیوائی ڕودەدات ، كە تەنها لە پێكردنی نەعلێك و كراسێكی تەنك بەسیانە.

٢- **هۆكاری ئابوری:**

هۆكاری ئابوریش كاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ئەو جلانەی كە خەڵكی لەبەری دەكەن ، لە وڵاتە هەژارەكاندا ئاستی نزمی ئابوریی دانیشتوان لەسەر جلوبەرگەكانیان ڕەنگ دەداتەوە ، كە زۆربەیان جلوبەرگی سادە و ساكار و هەرزان لەبەردەكەن و كەمترین كات مۆدێلات كاریگەریی دەبێت لەسەریان ، لەبەر ئەوەی خەڵكی ناتوانن لەبەر كەم دەرامەتی جلوبەرگەكانیان بگۆڕن.



٣- **<u>یاساكان و دابونەریتەكان</u>:**

جلوبەرگ كاریگەریی دەبێت بە دابونەریتەوە ، ئەگەر عورف وابو هەمو پیاوان كلاَو لە سەرنێن ، ئەوا بەكارهێنانی لەناو پیاواندا بلاَودەبێتەوە ، ئەگەر كۆمەڵگەیەك سەررِوتكردنی ژنان قەدەغە بكات ، ئەوا دەبێت هەمویان سەرپۆش بە سەریاندا بدەن ، هەندێك جار پیشەكان دەیسەپێنن ، كە كرێكارەكان چ جۆرە جلوبەرگێك لەبەردەكەن ، وەك پەرستارانی نەخۆشخانە یان پێشوازی كەران لە نێو فڕۆكە و فڕۆكەخانەدا و .....هتد.

٤- **<u>ئاراستەكان</u>:**

بۆچونی تاكیش لەسەر جلوبەرگ كاریگەریی زۆری هەیە ، هەندێك كەس بە شتێكی زۆری توانا و پارە و پوڵ و كاتی خۆیان لە جلوبەرگدا خەرج دەكەن ، لە كاتێكدا دەبینین كەسانێكی تر گرنگییەكی ئەوتۆ نادەن بە جلوبەرگ ، تەنها ئەوەندەی دەبینین ، كە هۆیەكە بۆ خۆپاراستن لە گەرما و سەرما و داپۆشینی عەورەت ، بۆیە دەبینین گرنگی دانیان بە جلوبەرگ زۆر كەمە و تەنها هێندەی بەكاردێنن كە دایان پۆشێت ، بێ گوێدانە مەعنەوی و دەرونییەكان.

٥- **<u>تەمەن</u>:**

تەمەن هۆكارێكی گرنگە كە كار دەكات لەو جلوبەرگەی كە كەسێك لەبەری دەكات ، منداڵی بچوك گرنگی بە جلوبەرگ نادات ، هێندە نەبێت كە جلوبەرگەكان ئەوەندە تەسك نەبێت پەكی یاریكردنی بخات و گوێ ناداتە ئەوەی جلوبەرگەكانی لای برادەرانی جوانە یان جوان نییە ، لە كاتێكدا دەبینین گەنج (هەرزەكار) زۆر



گرنگی بە جلوبەرگ و دیمەنی دەرەوەی خۆی دەدات ، بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەرەكەی لە كچان بۆ لای خۆی ڕابكێشێت ، هەروەها لە نێو هاوڕێكانیشیدا ڕێزلێگیراو بێت ، لە تەمەنی لاوێتیدا كەسی ئاسایی گرنگییەكی ئاسایی بە جلوبەرگەكانی دەدات ، ئەو گرنگی دانەش لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت ، جلوبەرگی گونجاو كاردەكات بۆ پێشخستنی تاك و قبوڵكردنی لەلایەن خەڵكەوە ، لە تەمەنی پیریدا زۆربەی خەڵكی كەمتر گرنگی بە جلوبەرگ دەدەن و زۆر لە پیرەكان جلەكانیان چەندە كۆن بێت دەستبەرداری نابن ، لەبەر ئەوەی هەندێك یادگاریی خۆشیان لەگەڵیدا هەیە ، زۆر كەم پیر دەبینی گرنگی بە جلوبەرگی خۆیان دەدەن ، لە كاتێكدا هەندێك لە پیران لە ڕێگەی جلوبەرگەوە دەتوانن هەندێك لە كاریگەرییە خراپەكانی پیری كە بەسەر دەم و چاو و شێوە و لاشەیانەوە دیارە لابەرن.

# توندوتیژیی خێزانی

نوسینی/ د. عبدالله بن دهیم
وەرگێڕانی/ ڕەحمان عەلی

لەم کاتەدا توندوتیژیی خێزانی بەناوبانگترین توندوتیژیی مرۆیی بەربلاوە، سەرەڕای ئەوەی ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی وردمان نییە، کە ڕێژەی ئەو توندوتیژییەمان بۆ دەربخات کە لە خێزانەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕودەدەن، بەلاَم بە شێوەیەکی هەستپێکراو دەردەکەوێت، کە ڕێژەکەی لە بەرزبونەوەدایە و پێویستی بە هەمو لایەنەکانی کۆمەڵگە هەیە، کە هەوڵی خێرا بدەن بۆ وەستاندنی ئەو گەشەکردنە بە چاکسازییەك، ئەوەی کە دەکرێ چاك بکرێنەوە.

پێش چونە ناو ناوەڕۆکی توندوتیژیی خێزانی، پێویستە لە سەرمان پێناسەی خێزان بکەین و باسی هەندێ فەرمانی گرنگ لە ژیانی خێزانی و پەیوەندیی خێزانی بکەین، یان هیچ نەبێ هەندێکیان پێناسە بکەین، بەم شێوەیە بەردێکی بنەڕەتی دابنێین لە بنیاتنانی بەربەستێکی بەهێز بەرانبەر دیاردەی توندوتیژیی خێزانی.

* **<u>پێناسەی خێزان</u>:** دامەزراوەیەکی کۆمەلاَیەتییە، کە لە ئەنجامی



نزیکبونەوەی پیاو و ژن دێتەدی بەگرێ بەستێك، کە ئامانجی دروستکردنی منداڵە کە بەشدارە لە بنیاتنانی کۆمەڵگە، گرنگترین کۆڵەکەکانی ئەمانەن:-

١- مێرد یان باوك.

٢- ژن یان دایك.

٣- منداڵ: کوڕ یان کچ.

و خێزان بۆ مرۆڤ (شوێنێکی گەرم، پەناگەی ئاسایش، یەکەم قوتابخانە و مەڵبەندی خۆشەویستی و ئارامی و گۆرشەپانی بێدەنگی و دڵنیاییە).

*** <u>نەرمی و چاکی بنەڕەتی پەیوەندیی خێزانی تەندروستە</u>:**

١- خۆشەویستی ئەم پەیڕەوە ئەگەر هاوبەش بێت لە نێوان هەمو تاکەکانی خێزاندا، بەلاَم بەرپرسیارەتی ئەمە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر ژن، ئەو بەبێ پێکهاتەی سۆزداری کە خوای گەورە دروستی کردووە بە ئەندامی زیاترین بە توانای نێو خێزان دادەنرێت بۆ پڕکردنەوەی کەشوهەوای خۆشەویستی لە تاو خێزاندا.

٢- هەروەزی: ئەمەش هەمو کاروباری ژیان دەگرێتەوە و بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ماڵ، ئەم لایەنەی پەیڕەوەکە کە ئیسلام پێشکەشی کردووە بۆ خێزان پێویستە بە بەخشین و دەستهەڵگرتن لە داواکارییەکان زیاتر لە لایەن مێردەوە بێت.

٣- ڕێزگرتنی بەرامبەر: ئاینی ئیسلام بە وردی دەڕوانێتە ڕێزگرتن لە ئەندامەکانی خێزان بۆ یەکدی لە دەرونی ئەندامەکانیدا.



لە نەگۆڕاوەکانی کە پێویستە بەڕێوەبەری خێزان (مێرد) لە بەرچاوی بگری، هەروەها خوای پایەبەرز هیچ دەسەلاَتی نەداوە بە پیاو بە سەر ژنەکەیدا، تەنها ئەوە نەبێت کە پەیوەندیی ڕابواردنی سێکسییەوە نەبێت و هیچ دەسەلاَتێکی بە سەریەوە نییە لە دەرەوەی ئەوەدا، تەنها لە ڕێگای هەندێ ئەرکی (شەرعی)وە نەبێت، کە هەندێ پیاوانی (فقه) سنوری جیایان بۆ داناوە، کە پەیوەندیی بە چونەدەرەوەی ژن هەیە لە ماڵەوە بەبێ ڕێگەدانی مێردەکەی، بەلاَم ئەوەی کە ژن پێی هەڵدەستێ لە ئەرکەکانی ماڵەوە کە لە ڕێگایەوە ژن خزمەتی مێرد و خێزانی دەکات، ئەوە تەنها بە خۆبەخش خۆی دەیکات و هیچی تر، جگە لەوە ئەو لە سەری نییە بەپێی (شەرع) ئەو هەمو کارە بکات، هەرچەندە هەندێك دەیگەیەننە هاوشانی ئەرکەکانی کە بە ئەرکی ڕەوشتی گوزارشتی لێدەکرێت، کە ڕەوشتی ئیسلامی دەیسەپێنێ.

گەر مێرد ئاگاداری ئەو فەرمانە ماڵداریانە بێت کە ژن دەیبەخشێت و ئەرکی ئەویش نییە، بەڵکو ئافرەت چاکە خوازە تیایدا، چونکە چاکە پێشکەشکردنە بەبێ داواکاری، کەواتە چی لەسەر پیاوە بەرانبەر ئەو هەمو چاکەیەی ژن؟

نابێ بەبێ هۆشداری و لێرە پێویستە مرۆڤ سوپاسگوزار بێت بەرانبەر چاکەی ژنەکەی، نەك بە وشکی ڕوبەڕوی بێتەوە، ئەم ڕاستییە کە هۆش دەیسەپێنێ هەر ئەوەیە کە (قورئان) سورە لە سەری (هل جزاء ألاحسان الا ألاحسان) و کەمترین سوپاس ناکرێ، دەکرێ باشترین سوپاس بکرێت لە لایەن مێردەوە بۆ ژنەکەی



ئەوەیە هەمو شتێك بکات، بۆ ئەوەی ڕێزی ئازار و هەستەکان و ماندوبونی و تێکۆشان و خاڵە لاوازەکانی لەبەر چاو بگرێ و ڕێزیان بگرێ.

*** <u>بەرپرسیارێتی مێرد بەرامبەر ژنەکەی</u>:**

١- قایلبون: هەوڵی ڕازیکردنی بدات و خۆشی بوێ و بە حەزی ئەو بکات.

٢- ڕەوشتی باش بێت لەگەڵیدا: بەکارهێنانی ڕەوشتی باش بۆ ڕاکێشانی دڵی بە جوان خۆپۆشین و خۆجوانکردن.

٣- دڵ فراوان بێ لەگەڵیدا.

بەرپرسیارەتی ژن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کوڕاندا لێرە زیاتر وردبونەوەیە لەو لایەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمیان زیاتر مامەڵە لەگەڵ کوڕاندا دەکەن زیاتر لە پیاو:

١- ڕازاندنەوەی ڕەوشتی جوان لای کوڕان و ئاراستەکردنی سەرنجیان بە هۆکارە بەردەستەکانی کە هەیە بۆ باش پەیڕەوکردنی ئەو ڕەوشتانە و بەرهەمی ڕەوشت و شوێنەوارەکان لەسەریانە لە دونیا و لە ڕۆژی دوایی.

٢- ناشیرینکردنی ڕەوشتی خراپ و لادەر لە لایان و دورخستنەوەی سەرنجیان چەند توانای هەبو و هوشیارکردنەوەیان لە خراپییەکانی و ئەو لایەنە خراپانەی کە لە دوای ئەو ڕەوشتانە دێن.

٣- پەروەردەکردنی کچان لەسەر نەرم و نیانی و پاکی و ڕێنمایی کردنیان بۆ لەبەرچاوگرتنی ئافرەتە ناودارەکان و ئاگاداریان بکەنەوە کە ئافرەتی خراپ وەك نمونەی بالاَی خۆیان نەزانن و

دورکەوتنەوە لە کاری خراپ و گوێ نەگرتن لە پوچەڵییەکان و ئەوانەی دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتین.

٤- یەکسانی لە سۆزدان بە کچان و کوڕان و نازدان بە منداڵ، کە دەبێتە هۆی هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەو قۆناغانەی ژیانی، کە پێویستە بە بەرپرسیارێتی تێدا هەڵگرێت.

٥- ئاراستەکردنی سەرنجی منداڵ بۆ ئەو پێگەیەی کە باوك لە خێزاندا هەیەتی و دەبێ ڕێزی لێ بگرن، بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی باوکایەتی خۆی ببینێ و چاکسازی لە دیاردە خراپەکان بکات لە ڕەوشتیاندا.

٦- دورکەوتنەوە لە پێکدادان لەبەرچاوی منداڵان، چونکە دەبێتە هۆی دورکەوتنەوە لە نێوانیان و هەروەها ترس و دڵەڕاوکێ و هەڵچونی منداڵان.

٧- پێویستە باوك ئاگاداری هەمو ڕەوشتە خراپەکانی منداڵەکانی بکرێتەوە، کە دەبێتە هۆی لادان و نەترس لەوەی کە باوك کاردانەوەی چۆن دەبێ.

٨- پاراستنی منداڵان لە تێکەڵبون لەگەڵ هاوڕێی نادروست و دورخستنەوەیان لە فڕیودانی شەقام، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی چەواشەکار کە لە لایەن پرۆگرامەکانەوە چەواشە دەکرێ، هەروەها کتێبە چەواشەکارەکان.

٩- پارێزگاری لە دیاردەکانی هاوسەنگی لە پێش منداڵەکان، بۆ ئەوەی منداڵان وابەستەی نەبن، پاشان گەر نەیتوانی جێبەجێی بکات، ئەوا دەکەونە بارێکی دژ بەیەك لە نێوان ئەوەی کە دایك



دەیلێ و ئەوەی کە بە کردن دەیکات.

*** بەرپرسیاێتی باوك بەرامبەر بە کوڕان:**

١- دەستنیشانکردنی ئافرەتێکی باش بۆی کە لە ژینگەیەکی باش پەروەردە کرابێ.

٢- ئامادەکردنی باری ژیانی گونجاو کە بتوانن بە خۆشی بژین.

٣- باش هەڵبژاردنی ناو کە مافی منداڵە لەسەر باوك و دایك.

٤- پەروەردەی باشیان بکات بە ڕێگای دروست، بۆ ئەوەی ببن بە ئەندامێکی باش و ئامادەکراو بۆ خزمەتی کۆمەڵگە.

٥- لە کاتی خۆیدا ژیانی هاوسەریان بۆ پێکبێنێ.

ئێستا دوای ئەوەی گرنگی خێزانمان خستە پێش چاو و مافی تاکەکان و پەیوەندییەکان دەگەڕێنەوە بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی بنەڕەتی خۆمان کە توندوتیژییە:

لەبەر ئەوەی ئێمە کۆکین لەسەر ئەوەی کە خێزان بنەڕەتی کۆمەڵگەیە و سەرچاوەی هێزەکەی و سەرکەوتنی، هەروەها سورین لەسەر ئەوەی کە توندوتیژیی خێزانی دەبێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەکان وەك شەڕەکان و پەناگاکان، چونکە دەبێتە هۆی چوکانەوەی کۆمەڵگە و بنەڕەتەکەی و دەیڕوخێنێ و لاوازی دەکات و لێرەدا گرنگی خێراکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە دێتە پێشەوە بەر لەوەی پەرەبسێنێ.

*** با هەندێ لە هۆکارەکانی بخەینە پێش چاو:**

دیاردەی توندوتیژیی خێزانی لە ئەنجامی ژیانی هاوچەرخ هاتووە، پەستانی دەرونی داڕوخان کە لە ژیانی هاوچەرخی ڕۆژانەوە



دێتەکایەوە، بە سەرچاوەی یەکەمی بنەڕەتی کێشەی توندوتیژیی خێزانی دادەنرێت، توندوتیژی خویەکی وەرگیراوە و تاك فێری دەبێ لە ڕێگای ڕەوشتە دروستبووە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەو تاکانەی کە ئەبنە قوربانی لە منداڵییاندا، ئەوانیش لەدوا ڕۆژدا دوبارە جێبەجێی دەکەنەوە لە نێو خێزانەکانیاندا، هەروەها بەها ڕۆشنبیرییەکان و پێوانە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی باش و گرنگ دەبینن بۆ پاساوکردنی توندوتیژی، چونکە بەهای شەرەف و پێگەی کۆمەڵایەتی پێوانەی دیاریکراو دەیسەپێنێ، هەندێ جار توندوتیژی وەکو ئەرکێك یان فرمانێك دەیکات یان وەك کەسی باڵادەستی نێو خێزان و تاکڕەو پێی هەڵدەستێ و بەسەر کەسی لاوازی نێوخێزاندا جێبەجێ دەکرێت.

*** کێن ئەوانەی زۆرتر توشی توندوتیژیی خێزانی دەبن:**

لە لێکۆڵینەوەکاندا کە وڵاتە عەرەبیەکان ئەنجامیانداوە دەرکەوتووە کە لە توندوتیژیی خێزانیدا و لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا ئافرەت هەمیشە قوربانی یەکەمە و هەروەها مێردیش هەمیشە دەستدرێژیکار بووە، دوای ئەوە لە ڕیزبەندیدا کوڕان و کچان دێن وەکو قوربانی کە دەستدرێژیان دەکرێتە سەر لەلایەن باوك یان برای گەورە یان مام و بە ڕێژەی (٩٩٪)ی سەرچاوەی توندوتیژیی خێزانی پیاوانن.

*** هۆکارەکانی توندوتیژیی خێزانی:**

هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە لە ئاستی جیهانی خۆرئاوا و عەربیدا و سعودیەشی لەگەڵدا بێت بەپێی ئەو وتەیەی کە لە



ڕۆژنامەی (الوطن) بلاوکراوەتەوە، دیارترین هۆکارەکانی و زیاترینیان کە بەربلاون دەگەڕێتەوە بۆ خواردنە کەحولییەکان و بێهۆشکەرەکان، پاشی ئەوان لە ڕیزبەندیدا نەخۆشییە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان دێن، کە یەك مێرد یان ئافرەت توشی بووە یان هەردوکیان توشی بون، پاشان تێکچونی پەیوەندیی لە نێوان ژنومێرد بە هەر هۆکارێکی تر کە لە سەرەوە باسی کراوە.

*** پاڵنەرەکانی توندوتیژیی خێزانی:**

١- پاڵنەرەکانی خود: ئەو پاڵنەرانەیە کە لە ناخی مرۆڤ خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ، کە پاڵی پێوە دەنێ بۆ توندوتیژیی خێزانی.

٢- پاڵنەرە ئابورییەکان: لە چوارچێوەی خێزاندا باوك هەوڵی دەستکەوتی ئابوری نادات بە بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر خێزانەکەی، بەڵکو بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو بارە بێ هیوا و هەژاریەیە، کە شوێنەوارەکەی کاردانەوەی بە توندوتیژی دەبێت لە لایەن باوکەوە بەرامبەر خێزانەکەی.

٣- پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان: دابونەریت کە کۆمەڵگە پێی ڕاهاتووە، داوادەکات لە پیاو بەپێی داوای نەریت هەندێ پیاوەتی بنوێنێت لە سەرۆکایەتی خێزانەکەی لە ڕێگای توندوتیژی و هێزەوە، کە ئەوەش پێوانەی پیاوەتی دەردەخات، گەر وانەبێ بە پیاوی تەواو دانانرێت و ئەو پاڵنەرانە ڕاستەوانە دەگونجێ لەگەڵ ئەو کلتورەی کە کۆمەڵگە هەڵیگرتووە بەتایبەت کلتوری خێزانی، چەند کۆمەڵگە لە پلەیەکی بەرزی ڕۆشنبیریدا بێت، ئەوەندە ڕۆڵی ئەو پاڵنەرانە کەم دەبێتەوە یان نامێنێت لە کۆمەڵگە

پێشکەوتوەکاندا و بەپێچەوانەوە جیاوازی دەبێت لە نێوان پلەکانی کارتێکردنی ئەم پاڵنەرانە بە گوێرەی جیاوازی داروخانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەکان.

* **ئەنجامەکانی توندوتیژی:**

١- کارتێکردنی توندوتیژی لەسەر ئەو کەسەی بەرامبەری کراوە، زۆر کاریگەریی جۆراوجۆری هەیە لەسەر ئەو کەسە، لەوانە:

أ- توندوتیژی کە هۆکاری ئەو گرێ دەرونیانەیە کە دروستبووە و زیادی کردووە و کۆبوەتەوە و گەیشتۆتە باری نەخۆشی یان ڕەوشتی دژایەتی و تاوانی لێکەوتۆتەوە.

ب- زۆرجار ئەو کەسەی کە توشی توندوتیژی بووە، هەمان شێوە خۆیشی دەیکاتەوە بەرامبەر دەوروبەر.

٢- کارتێکردنی توندوتیژی لەسەر خێزان: چونکە خێزان ناوکی کۆمەڵگەیە، بۆیە هەر هەڕەشەیەك ڕوبەڕوی خێزان ببێتەوە، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هەڕەشەیەك لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی.

* **چارەسەرەکان:**

١- ئامۆژگاری و ڕێنوێنی ئاینی و مرۆڤدۆستی گرنگن بۆ پارێزگاریی کۆمەڵگە لە کێشەکانی توندوتیژیی خێزانی، چونکە ئاینی ئیسلام بە ڕونی گرنگی داوە بە سۆز و پێکەوە گرێدان لە نێوان تاکەکانی خێزاندا.

٢- پێشکەشکردنی ڕاوێژی دەرونی و کۆمەڵایەتی و خێزانی بۆ تاکەکان، کە لەو خێزانانەی کە توندوتیژیان تێدا بڵاوبوەتەوە.

٣- پێویستە دەوڵەت تەدەخول بکات لە فەرماندان بە



وەرگرتنەوەی خاوەنداریتی لەو کەسەی کە هەیە، گەر سەلمێنرا ئەو کەسە توانای ئەو کارەی هەیە و بدرێت بە کەسێکی نزیکیان و پێویستە لەسەر کەسی یەکەم خەرجیان بدات، گەر ئەوەش نەکرا، دەکرێ خێزانی تر بدۆزرێتەوە، بۆ ئەو منداڵانەی کە دەبنە قوربانی توندوتیژی بۆ بەخێوکردنیان.

٤- دۆزینەوەی پەیوەندیی لە نێوان قوربانییەکان و ئەو لایەنە ڕاوێژکارانە کە هەن بە ڕێگای هێڵی ڕاستەوخۆکانی ئەو لایەنانەی کە دەتوانن ڕاوێژی پێویست و یارمەتی ئەو کەسانە بدەن، گەر پێویستی کرد.

* **بە کورتی و پوختی:**

ـ پێویستە لەسەرمان پەوەردەی ڕۆشنبیریی منداڵەکانمان بکەین، بە شێوەیەك کە کوڕوکچ تەواوکەری یەکن.

ـ ئافرەت وەك ڕەگەزی مێینە بە سۆز و خۆشەویستی و نەرم و نیانە، پیاوەتی پیاویش بە ورە بەرزی و بە توانایی و لە ڕوبەڕوبونەوەی ڕوداوەکان دەبێ پیاو کەمتر لە ژنان سۆز و خۆشەویستی و نەرمیان تیایە، بەلام ژنان لافاوی ئەوەیان تێدایە، بۆیە دەبێ ژنان ئەوە ببەخشن و ژنان بەتای پیاوان (لتسكنو اليها)، لە هەمانکاتدا ژنان کەمتر خاوەنی ورە بەرزی و سوربون و توانان، کە پیاوان لافاوێك لەوانەیان هەیە، بۆیە دەبێ پیاوان ئەوانە ببەخشن بە ژنان، بۆیە خوای گەورە دەڵێ (الرجال قوامون على نساء).

ـ پەروەردە دەبێ لەسەر بنچینەی ئەوە بێ، کە پیاو و ژن



تەواوکەری یەکن، ڕێگا زۆرن کە بگرێتە بەر بۆ یارمەتی دانی ژنان و منداڵان، کە ڕوبەڕوی توندوتیژیی خێزانی بونەوە، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە زیاترین زانیاری کۆبکرێتەوە دەربارەی کارێزمای خێزان:

١- دابینکردنی شوێنی دڵنیایی بۆ ژنان و منداڵان، کە تیایدا هەست بە ئارامی بکەن بۆ کاتێکی بەربلاو کە بتوانرێت چاودێری بکرێن لە لایەن شارەزایانەوە.

٢- کارکردن بۆ فێرکردنی ژنان و منداڵان بۆ پێشخستنی پلانەکان بۆ دڵنیابونی خۆیان لەناو ماڵ و دەرەوە.

٣- هاوکاری لەگەڵ لایەنە شارەزاکانی تایبەت بە خێزان و منداڵان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ هەمو خێزانێك بە تەنیا.

٤- ڕاهێنانی منداڵان لەسەر ئەوەی کە کاردانەوەی توندوتیژیان نەبێت بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو توندوتیژییەی کە بەرامبەریان کراوە.

٥- فێرکردنی منداڵان بە ڕەوشتە چاکەکان، بە شێوەیەك کە بتوانن کۆنترۆڵی شەپۆلە توڕەییەکان و هەستە خراپەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەین کە پەیوەندیی دروست و ئارام دروست بکەن لەدوا ڕۆژدا.

**سەرچاوە// ئینتەرنێت.**





# نامۆیی و لاوەکی منداڵ

نوسینی/ د. لطيفه حسني الكندري
وەرگێڕانی/ د. فاروق نەقشبەندی

مرۆڤ وەك بونەوەری سروشتی تێکەڵاوی و هاوڕێیەتی بەرنامەکی بەم دیدە ناتوانێ دورەپەرێز بژی ، لەم تێکەڵاوییەدا کەڵك وەردەگرێ و بەوان دەگەیەنێت ، دژواری ئەم بیرۆکەیە ڕاستەوخۆ وەکو دیاردەیەکی جیاواز دەبینرێ، کە منداڵ لە قۆناغی گەشەکردنیدا زۆرجار نامۆ دەبێت و لاوەکی پێوە دیار دەبێت و لە هاوڕێیانی دور دەکەوێتەوە، هەتا وەکو ئاستی یاریی منداڵانیش ئەم هاوبەشی ناکات، ئاینی ئیسلامی پیرۆزیش لە دەمی پێغەمبەر (د.خ) وەوە دەگێڕێتەوە کە باوەڕداری ڕاستەقینە ئەوەیە تێکەڵاوی خەڵك

دەبێت و ئازار و ئەشکەنجەیان هەڵدەگرێ و بێزار نابێ، بەم جۆرەش خێزانی کوردەواری موسڵمان خۆیی لەم کارە بەدور نەگرتووە، سەرانی بیری ئیسلام زۆر گرنگییان بەم بابەتە داوە و لێکۆڵینەوەیان بۆ کردووە , هەمیشە لە دورەپەرێز وەکو ئاستێکی زیانبەخشی دواون.

یەکێ لەو ڕابەرە گەورانە لەم مەودایەدا ئاستی گەردنی زۆر بەرزە و پڕ تەرزە لە ئاستەکەی کە هەمو بواری ژیان دەگرێتەوە دەڵێت: (فێرکردن و فێربون و کەڵك بە کەسان گەیاندن و کەڵك لە خەڵکان وەرگرتن و ڕەوشتی جوان و تەبایی و خۆشنودی بە خەڵکانەوە)[1]، گونجاندن و یەك بیری پاداشت وەرگرتن لە بەردەم کاری چاك وەرگرتنی مافی ڕەوا و کەڵك وەرگرتن لە ئەزمونی خەڵکانی تر و وەرگرتن لێیان، ئەمانە هەموی بواری چاکی پەروەردەیین.

منداڵی دورەپەرێز و نامۆ ئەو منداڵانەن کە تێکەڵاو بە هاوڕێیانی کۆی ژینگەکەیان لە ئاستێکی وادا کە شەرم دایان دەگرێت لە نزیکبونەوە لە تافەکانی کۆمەڵگەیاندا , ئەم کارەش دەبینرێ لە بواری چالاکی و کاری بە کۆ و تاکدا کە زۆر گرنگە مرۆڤ لە سەردەمی منداڵییەوە کەڵك لە دەوروبەری وەرگرێت! جا بۆ لەم مەبەستە بواری یاری کردنی منداڵان لە هەمو بوارەکانی تر زیاتر چالاکی تیا دابین دەکرێت، لەلایەکی ترەوە (ئیبنو سینا) دیدوبۆچونی وابو منداڵان بخرێتە حوجرە فێری ئادابی خێزان و خوێندەواری ببن، ئەوەشی لاپەسەند نەبو منداڵان لەلایەن



مامۆستای تایبەتی فێربکرێن! لەبەرئەوەی منداڵ لە تەنهاییدا ڕەشبین و ناهەموار پەروەردە دەبێت، بە دژواری ئەم بیرەوە لە تێکەڵاوی لەگەڵ منداڵاندا زیاتر کراوە و مێشك کراوە و سەرکەوتو دەبێت.

**هۆکاری لاوازی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی:**

هۆکاری لاوازی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکی بریتییە لە ناوەندی خێزان و ناوەندی قوتابخانە , لەگەڵ کاریگەریی هاوڕێیان و هەڵسوکەوت لەگەڵییاندا دەبێتە هۆی لاساری و بێئاگای لە ڕێگا دەرچونی منداڵان، لە خواریشەوە کۆمەڵێ هۆی سەرەکی ڕون دەکەینەوە، کەوا لە منداڵان دەکەن دورەپەرێز ناوازەی هاوڕێیان بن:

١) لاوازی پەیوەندیی ئەندامانی خێزان بەهۆی دابین نەکردنی داواکارییەکان لەلایەن بەرپرسانی خێزانەوە.

٢) زیاتر بەخێوکردنیان بە ناز و نوك و دورخستنەوەیان لە چالاکی گشتییەکان، بۆ ئەوەی بەرچاو نەکەون و بە چاوەوە نەبن و توشی ئازار ئەبن!

٣) گرنگیدانی خێزان و قوتابخانە بە پێشکەشکردنی هەندێ زانیاری بە منداڵ , بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی هەبێت بە هیچ بەرنامەیەکی گەشەی توانستە ژیانیەکانی، تا بتوانێت لەو بەرنامەیەوە کێشەکانی ژیانی قۆناغی منداڵی چارەسەر بکات.

٤) زیادەڕەوی دەسەڵاتی خێزانی لە جۆرێ لە پەروەردەی پابەند و باو بە ڕوگیر و توانج و پلارتێگرتن و ڕوشکێنی ئەو منداڵانە، کە ئەمەش دژی نەرمونیانی و پەروەردەکردنێکی پڕ لە ڕوخۆشییە.



٥) ناحاڵی بونی منداڵان لە ڕوی بوارە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: گرتنەبەری ڕێگەی هاوڕێ گرتن , چۆنێتی ڕوخسەت وەرگرتن , سڵاوکردن و هونەری چاك گوێ بیستی و چاك گوێگرتن، شێوازی گفتوگۆکردن.

٦) هەندێ ڕەخنەی توندوتیژ لەلایەن کەسوکار و هاوڕێیانەوە بە ڕوی ئەو منداڵانەدا دەدرێ، بێجگە لە سوکایەتی کردن پێیان و کەمکردنەوەی ئاستی کەسایەتییان دەگاتە ڕادەیەك کە باوەڕ بەخۆبون لە دەرونیاندا دەتاسێ!

٧) کارەساتە دڵتەزێنەکان وێنەی باوك و دایك مردن و هەندێ کێشەی باری تەندروست و کێشەی کۆمەڵایەتی و نەهامەتییەکانی ژیان، وا دەبێت منداڵ وزەی بەرەنگاری سروشتی پێ هەڵنەسوڕێ لە بەرانبەری ئەو کارەساتەدا , جگە لە گوێزانەوەی منداڵ لەگەڵ خێزانەکەی لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر، ئەم بوارەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی شپرزەیی نابەجێ لە ڕەوشتکەری ئەو منداڵەدا، بۆیە لە دورکەوتنەوەی ئەو منداڵە لە کەسوکاری و هاوڕێیانی توشی هەندێ نەخۆشی دەبێت، یان هەندێ بەرەو قەڵەویەکی چەشەیی خێرا هەستی پێ دەکرێ , یان هەژاریەکی لەپڕ وا لە منداڵەکە دەکات دورەپەرێز بوەستێ، بۆیە لێرەوە گۆشەگیری پێوە دیار دەبێت، ئەم پەناگرتنە بە دورەپەرێزی دەبێتە خۆشاردنەوە بەرەو گۆشەمان.

٨) هەندێ دیدوبۆچونی لەلایەن دایکوباوك و کەسوکارەوە وا لە



منداڵان دەکات، کە چالاکی نەنوێنی لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، وەکو ئەم دوبارەکردنەوەی ئەم ڕستەیە:

بۆ کوڕ (کوڕەکەمان بێ کەڵك و لانەوازە، ناتوانی هاوکاریی دەوروبەری بکات بۆ ژیان)، بۆ کچیش ئەم وتەیە دەوترێت (کچە تەمەڵە و پۆڕخزە و لەگەڵ کەسان یاری ناکات و نەگونجاوە هەر لە منداڵییەوە ئەم ئەتوارانە دەنوێنێ) , لە ڕاستیدا ئەم بەند و باوە هەڵەیە و نابەجێیە، چونکە هەمو مرۆڤی لە هەر ڕەگەزێکیان بێت، خەونەکانی مێشکی ڕوناکی و توانست و هێزی بیر و چالاکییەکانی بە پێی بەرنامەکاری بۆ بکرێت، بە بڕوا بەخۆبون و بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدەگرێت! بۆیە ئەم دیدە ناپەسەندە کەسێتییەکی لاواز و دورەپەراوێز دروست دەکات.

**دیاردەکان:**

بەڵگە نەویستە منداڵی کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لاواز بێت، هەمیشە شەرمن و دورەپەرێز و نامۆ لە هەڵسوکەوتیدا دەردەچێت , هەست ناکەی پەیوەندیی تێکەڵاوی لەگەڵ کەسانی تر پێخۆش دەبێت , بۆیە هەتا وەکو ئەگەر ئاهەنگ و خۆشی لەسەر ئاستی خێزانی و کۆمەڵگادا، بۆیە لێرەوە دەتوانرێ ئەو جۆرە منداڵانە لەم ڕوگانەی خوارەوە بەر چاو بخرێن:

١) حەز ناکەن بە ڕوی گەورە ببنەوە، چونکە ڕەخنە و تیر و توانجیان تێدەگرن.

٢) پابەند بە ژینگەیەکی داخراوەوە بەهۆی شێوازی دایك و باوکیەوە.

٣) پەرچدانەوەی لەوەی نەتوانێ ئەوەی خواستبێتێ و بیڵێ و بیکات.

٤) دورکەوتنەوە لەو چالاکییانەی لە یاریگە و شانۆ و لەوانەی لە ئیستگەکانەوە پەخش دەکرێت.

٥) تۆڕی هاوڵێتی لەگەڵ هاوڕێیانیدا تیژڕەو و تەمەن کورتە، ناتوانێ هاوکاریی هاوڕێیانی لادروست ببێت.

٦) هەمیشە چالاکی تاکی لاپەسەندە لە گروپ و پۆلەکەیدا لە بواری (وێنەکێشان و خوێندنەوە)دا ناتوانن بە ئاسانی بەو کارانە هەڵسن کە سەرجەم هاوڕێیانی پێی هەڵدەسن.

٧) نەگونجاوە لەگەڵ دەستەی هاوڕێیانی بۆ یەك کار و چالاکی.

٨) پەست و خەم دایدەگرێ لە بەرەو ڕوبونەوەی لەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییاندا , لەبەر ئەوە لەم ساتەماندا زمانی دەگێڕێ و ئەپەشۆکێ و بیرکردنەوەی پەرژ و بڵاو دەبێت و ڕەنگی سور هەڵدەگەڕێ و دەمی وشك دەبێت و دڵی دەکەوێتە خێرا لێدان.

٩) منداڵی شەرمن ئەکەوێتە بواری گومان و سەرلێشێوان لەگەڵ کەسانی دەوروبەری،لە کاتێکدا کە پێی بوترێ بۆ نمونە (تۆمان ناوێ، تۆ بێ کەڵکی، تۆ منداڵێکی دورەپەرێزی، نازانی بدوێی، نامانەوێ یاری بکەی لەگەڵماندا، چونکە خۆپەرستی، کەسێکی نامۆی، لوتت ناشیرینە و پێکەنیناوییە..........)، ئەم وشانە دەبنە هۆی ئەوەی چەپاندنی بیر، کە وەختێ لە هاوڕێیانی خۆی دەبیست یان لە میانەی خێزانەکەی و کەسوکاریدا پێی دەڵێن، دەبێتە هۆی لە دایکبونی (کاتژمێرێکی پڕ لە توڕەی)، بە شێوەیەك دەچەسپێ لە



دڵ و دەرونیا، کە ئەو دیاردانەی پێ گوتراوە، هەمویان ڕاستەقینەن، لەبەر ئەوەی ئێجگار زۆر کاریگەری دەبێ لەسەر کەسێتی ئەو منالە.

١٠) خۆ بەزۆر نەخۆش خستن لەبەر دورەپەرێزی لە هاوکاری بە کۆمەڵ لەگەڵ هاوڕێیانیدا.

١١) ترسانی لە ڕادەربڕین و پرسیارکردن و ئەگەر گونجاویش بێت شپرزە لە قسەکانی و خەمۆکی زۆر دای دەگرێ، نەك پەیوەندیی هاوڕێیانی تازە دروست بکا و سەرکەوتو نەبێت.

١٢) زۆر سەیری تەلەفزیۆن و بەرنامەی کۆمپیوتەر و زیادەڕەوی لە ئاستی بەجێهێنانی کۆمەڵایەتیدا کە بنەڕەتین.

١٣) ڕەشبینی و بیرە ناپەسەندەکان کە لاساری لە هاوپەیوەندیدا دروست دەبێت.

١٤) زۆرینەی جۆرە بێزاریەك لە دەرونیدا دروست دەبێت لە بواری خۆێندن و لاوازی بەکارهێنانی زمانیش سەرباری ئەمانە هەموی دەبێت.

١٥) حەز دەکات لە دورەوە خەڵکان بناسی، بەڵام ئەوە بەلایەوە پەسەند نییە، کە هاوکاری بۆنە تایبەتییەکانیان بکات، چونکە بڕوای بەخۆبونی لە بواری بەردەوامی پەیوەنیدا لاواز دەبینێ.

## چارەسەر و پارێزگاری:

ئەم هۆکارانەی دیاری دەکرێن بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەی کە چەقی ڕەشبینی و لاوازی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە لە دەرونی ناسکی ئەو منداڵانەدا دابینرێت و هەرچەندە ئەو ئامار و



نەخشەیەی کە لێی دواین جۆرەها منداڵی جیاواز لە بیر و دیدوبۆچوندا دەگرێتە خۆ لە جیاوازی نێوان تاکەکاندا، پسپۆڕان ژمارەیەك خاڵیان داناوە بۆ ئەو دیاردەیە:

١) زانینی هۆکارەکان و کەمکردنەوەی ئاڵۆزی و سنوری کاریگەرییەکان.

٢) بە پێویستی دەزانرێت کە سوپاسگوزاری و ئافەرین بۆ ئەو منداڵانە بە دڵێکی پڕ لە سۆزەوە پێشکەش بکرێ، ئەمەش وەکو دیاردەیەك خۆی لە خۆیدا جوانکارییە و خواوەندی گەورەش لە جوانترین شێوازدا بونەوەر و مرۆڤی دروستکردووە , ئەو سیما و شتە جوانانەی کە داویەتین سەرچاوەی ڕوناکین.

٣) وەك کەناڵی گفتوگۆ و ڕاستگۆی بەرانبەر قسەی لەگەڵدا بکرێ، دایکوباوك و هاوڕێیانی و کەسوکار زیاتر باوەڕ بەخۆبونی پێ ببەخشن و لە ئازارە دەرونییەکانی ئەو منداڵە کەم بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە بوارە ترسەکە ڕزگاری ببی، کە توانا و تارمایی نەستیەکانی لەناو بردووە، تا وەهای لێ دێت توانای خۆی سنوری ناخۆشییە دەرونییەکان ببڕێت.

٤) گێڕانەوەی گەورەکان بۆ بەسەرهاتەکانی خۆیان بۆ منداڵان، جۆرە هەڵوێستی لە ناخۆشی نامۆیی دروست دەکات، کە وەك باری کۆمەڵایەتی ناتوانێ لە ترسناکییەکان ڕزگاری ببێت، بۆیە دەبێت چاك هەڵبژاردنێك هەبێت لە هەڵبژاردنی بابەتی ڕیالیزمی و مێژویی و گێڕانەوەی بابەتیان بە زمانی سادە و ساکار و بێ گری بۆ ئەو منداڵانە.

٥) جۆرێك لە ڕاهێنان و چالاکی پێشکەش ئەو منداڵانە بکرێ



لەسەر حەز و خولیا تایبەتییەکانیان، کە میانەی پەیوەندیی دروست دەکەن و کۆمەڵایەتی سەرکەوتو و بە جۆرێکی وەها ڕێخرێ لە زنجیرەی بیریدا کە هەستی نامۆیی لە دڵی ئەو منالەدا بنبڕ بکرێت، نمونەی چاك بۆ ئەم دیدوبۆچونە وەك چارەسەرێکی دەرونی پەروەردەی: (فێری ئەوە بکرێ بەبێ ترس قسە بکات لەگەڵ خەڵکانی تردا , وای لێ بکرێت ئارەزومەند بێت بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەوروبەر و هاوڕێیانیدا , ڕێزی دەوروبەر لەناو دڵیدا دروست بکرێت، بۆ ئەوەی خولیا و حەزەکانی گەشەی خۆی بنوێنێ , بگاتە ئەو ئاستەی گوزارەی چاك هەڵبژێری بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانیدا، وەکو (تکایە یارمەتی ئەدەن، هاوبەشتان بکەم لە یاری کردندا .. حەز ئەکەیت یاریت لەگەڵدا بکەم) ، بۆ ئەوەی هەمیشە ئەم خاڵەی دەسپێك بێت لە بواری هەڵبژاردنی هەڵوێستی ڕەهای فێربونی یاری کردندا.

٦) هەندێ جار دورکەوتنەوەش لە شوێنەواری ترسناك، پارێزگارێکی گونجاوە لە کەمکردنەوەی کێشەکان , ئەمەش ئەو لایەنە دەگرێتەوە کە لە هاوڕێی خراپ دور بخرێتەوە لەلایەن دایەن و مامۆستا و بەرپرسی خێزانەکەیەوە.

٧) زۆر بەراورد بەکارنەهێنرێ لەگەڵ منداڵاندا لەگەڵ کەسانی دەوروبەری لە بەکارهێنانی توانا و چالاکی و حەز و خوالیاکانیدا، چونکە هەر منداڵێك ئاستی کاریگەریی لەسەرە وەك ژیان.

٨) دەبێت منداڵانی شەرمن دوربخرێنەوە لەو کار و پەیوەندییانەی کە بەزۆر دەسەپێت بەسەریاندا، کە دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕێیاندا.

٩) ئەو منداڵانەی لە ژوری پۆلی خانەوادەی خۆیاندا خەماوی خەمۆکی زۆریان لێ نەکرێت.

١٠) نزا و پاڕانەوەی بەردەوام فێری منداڵ بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو پەردانە بدڕێنی، کە ئائارامی و ئازارەکان کەم دەکەنەوە، چونکە لە ڕوی ئاینییەوە نزا و پاڕانەوە چەندە پارێزگارییە، هێندەش ڕێگایەکی پیرۆزە بۆ سەرکەوتن بەسەر کارە نالەبارەکان.

١١) گرنگی دان بە یانە کۆمەڵایەتی و وەرزش و ڕۆشنفیکرییەکان لەلایەن کەسوکاری ئەو منداڵانەوە، چونکە لەو تێکەڵاوبونەدا گیانی هاوکاری باوەڕ بەخۆبون دروست دەبێت.

- ئەوەش لە یاد نەچێت کە هاوڕێیەتی ڕاستەقینە لەو بوارە دا دروست دەبێت، کە ئەم خاڵانە بیری منداڵەکە بخرێتەوە:

★ هەمو پەیوەندی لەسەر سەکۆی ڕاستگۆی چاك دروست دەبێت.

★ خۆشەویستی و لێبوردەی بناغەی ئاینی ئیسلامن.

★ چاکردنی هەڵەکان بەرەو ڕێگای سەرکەوتنمان دەبات.

★ بزەی سەر لێو وشە خۆشنودەکان جۆرە پردی لە خۆشەویستی دروست دەکەن.

★ ڕوشکاندن و وتەی خراپ و وشەی نابەجێ وەکو (تۆ هیلاکی.. تۆ شپرزەی .. تۆ سەرمان ئەیەشێنی)، کۆمەڵێ وشەن بریندارکەرن، کە دڵی منداڵان دەتۆرێن و ڕقیان هەڵدەسێنی بەرەو ئاکامی دورەپەرێزی دەیانبات.

پەراوێز:

(١) أبی حامد الغزالي وحیاء علوم الدني ط١.



# فیمینیزم و

## خەبات بۆ یەکسانی

نوسینی هیوا ئەحمەد

کە باس لە فیمینیزم دەکەین ، ڕاستەوخۆ کۆمەڵێك هەڵوێستە و پرسیار و بۆچون و پێناسەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە , ئەمەش واتای فرەمانیایی ئەم چەمکە دەگەیەنێت کە ئێمە دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێین.

وشەی فیمینیزم کە لە وشەیەکی فەرەنسی (femme) کە بەواتای ژن وەرگیراوە، مانی لایەنگیری کردن دەبەخشێت لە پێناو یەکسانیدا، وەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێدەدرێت ، یەکەمین هۆشیاری فیمینیستی لەلای ئافرەتە ڕەشپێستەکانی ئەمریکاوە سەرهەڵدەدات ، بۆئەوەی هەر لە سەرەتادا باسەکەمان بە ئاقارێکدا نەچێت ، کە ببێت بە یاریکردن بە هەندێ چەمك و زاراوە ، کە لە بواری خەباتی مافەکانی ژناندا بەکارهاتووە ، دەبێت بڵێین ماف پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی بە لایەنی کەمی هۆشیارییەوە هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافە , یان هێشتا ئەو وتەزایە بە گرنگ دەزانم کە دەڵێت "ماف دەسەنرێت ، نادرێت".

مێژوی ژیار و شارستانیەتی مرۆڤایەتی ، چیرۆکی هەوڵدان و



" زانینی ڕاستەقینە چرکەیەکی سەرەکی جوڵەیە بەرەو گۆڕانکاری و بیرکردنەوە لە دۆخێکی باڵاتر و باشتر.... ئەم مەسەلەیەش لە هیچ شتێکدا هێندەی باسکردن لە مەسەلەی ژن ئاشکرا نییە"

"ڕێبین هەردی"

خەباتە لە پێناوی باشترکردنی ژیاندا ، خەبات لە پێناوی زانیندا ، خەبات لە پێناو یەکسانیدا ، ڕەنگە یەکەم چرکەی هەستکردن بە گرنگی زانین و پێشکەوتن و خۆ بەدورگرتن لە دواکەوتن و نەزانین هەمان ئەو وتەیەی سوکراتی کەڵە پیاوی فەلسەفە بێت ، کە دەڵێت: "ئەو کەسەی کە تەنها شتێك دەزانێت ، ئەوەیە کەنایزانێت".

لەم گۆشەنیگایەوە دەپەڕینەوە ناو کرۆکی باسەکامان ، کە پەیوەندیی بە ژن و خەباتی ژنانەوە هەیە کە ناوی فیمینیزمە" feminism" ، دەکرێت وەك دەروازەیەك چەند پرسیارێك بخەینە بەردەم خۆمان ، ئاخۆ فیمینزم چییە؟ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ، مێژوی زانراوی سەرهەڵدانی ، ئامانجەکانی ، کاریگەرییەکانی و لە کۆتایدا گوزەرێکی خێرا بەناو دۆخی ژیانی ژن و ئافرەتی کورددا دەکەین.

**فیمینیزم چییە؟**

ژنە ڕۆشنبیری کورد "کازیوە ساڵح" لە پێناسەی فیمینیزمدا دەڵێت" فیمینیزم واتە زانستی ژن ناسی , واتە ئەو میکانیزم و



فاکتەرەیە کە بە شێوەیەکی زانستی خەبات دەکات بە ئامانجی بەرامبەری مافەکانی ژن" ، لێرەوە دەتوانین بڵێین بزوتنەوەی فیمینستی ئەو وزە ڕێکخراوەیە لە بەرگێکی مێینەدا کە لە چرکەساتی هەستکردن بە نابەرامبەری و ناعەدالەتی و خراپی دۆزی ڕەگەزی مێینە لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و .. هتد دروست دەبێت.

ڕۆشنبیری گەورە "مەریوان وریا قانع" لە بارەی فیمینیزمەوە دەڵێت: "فیمینیزم بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی فرەڕەنگە کە خۆی بە کێشە و گرفتەکانی ژیانی ئافرەتانەوە خەریك دەکات ، بزوتنەوەکە لە دیدی ئافرەتەوە لە جیهان و کۆمەڵگا و دیاردەکان دەڕوانێت و لە هەمان دیدەوە لەو مەعریفەیەش دەڕوانێت کە لەسەر جیهان و کۆمەڵگا و دیاردەکان بەرهەمهاتووە".

ئەم بزوتنەوەیە دەیەوێت ، ئافرەت بباتە ناو کۆی کایەکانی ژیانەوە و سەرەتاش جیهان وەك گشتێکی پیاوانە ڕەخنە دەکات , وەك فەیلەسوفی فەرەنسی دی بۆفوار وتبوی "کۆمەڵگا هەمیشە کۆمەڵگای پیاوان بووە و دەسەڵاتی سیاسیش هەمیشە لە دەست

" ئێمە پێمان وایە ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئافرەت و پیاو دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان ئەو دو ڕەگەزە، بەڵام ئەمە وانیە، پەیوەندیی نێوان پیاوان و ژنان لە بنەڕەتدا پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانە"

" ئەریک فرۆم"

پیاوان بووە" ، جارێك جاك دێریدا وتبوی "لە هەمو پرۆسەیەکی مەعریفی و لە هەمو بزاف و بونێکدا کەلێنێك هەیە بۆ نەزانین و نەتوانین" ، بزوتنەوەی فیمینیزمیش لەو سەردەمەوە دەست پێدەکات ، کە هەستکردن بە کەلێنی عەقڵی مرۆڤایەتی بەرامبەر بە رەگەزی مێینە , لەلای ئەم رەگەزە دەگاتە رادەی پێویست لەناو مەعریفەی کۆمەڵایەتیدا ، دەبێت ئەوەش بڵێم باسەکە خۆی لە کێشە و قەیرانی ژنی کورد نادات , یان راستر بڵێم نایەوێت خۆی لێبدات ، چونکە لەو باوەڕەدام تەنها کەسێك کە دەتوانێت دۆخی ژن تاکاتێك بەرەو باشتر ببات تەنها ژنان خۆیانن , نەك رەگەزی بەرامبەر کە بە درێژایی مێژووەوە تائێستا ئامادەنەبونە لە بەرمبەر مافەکانی ژناندا بە بروابێن ، هەروەك "رێبین هەردی" لە شوێنێکدا دەڵێت: "لە بنەرەتدا گرفتی ژن لەو کاتەوە دەستی پێکرد ، کە پیاوان هێواش هێواش کەوتنە قسەکردن لەسەر ژنان" ، یان دەڵێت "کۆیلایەتی و گرفتی ژن لە لێشاو ئەو گوتارانەوە لەدایکبو کە پیاوان بەدرێژایی مێژو لەسەر ژن بەرهەمیان هێنا...." , وەك لەدوای ئەوە ئاماژەی پێدەدا ، هەمو ئەو گوتارانەی کە پیاو لەسەر ژن بەرهەمیان هێنا ، جۆرێك لە شوناس و تایبەتمەندێتی بۆ دروستکردن , تاوەکو بتوانن جارێکیتر بە ئاسانی ژنان بکەنەوە بە کۆیلە.

## مێژوی سەرهەڵدانی فیمینیزم:

"کازیوە سالح" سەرەتای سەرهەڵدانی فیمینیزم وەکو واتاکاری ژن , دەباتەوە بۆ ئەو مێژووە دورەی کە کەپیتالیزم تیایا سەری



هەڵدا ، لە لایەکی ترەوە دەیبەستێتەوە بەو حەز و خولیایانەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا تاڕادەیەك گۆڕانی جەوهەری لە دیدوتێڕوانینەکان دروستکرد ، کە ئەمەش تاڕادەیەك باری گوزەرانی رەگەزی مێینە دەگۆڕێت بەرەو باشتر ، هەرچەندە سەرچاوەیەکمان لەبەردەستدا نییە ئاماژە بە کەسی فیمینیست و گروپی رێکخراو و تایبەت بەو بوارە بکات , کە مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەراست ، بەڵام لە سەدەی هەژدە و ناوەڕاستی ئەو سەدەیە بەدواوە لاپەڕەکای مێژو پڕە لە تۆماری خەبات و قوربانیدانی رەگەزی

> **"ئافرەت وەک ئافرەت لەدایک نابێت , بەڵکو دەکرێت بە ئافرەت"**
>
> ژنە فەیلەسوفی گەورەی فەرەنسی "سیمۆن دی بۆڤوار"

مێینە ، یەکەم دەرکەوتنیش رۆژگاری شەڕی سەربەخۆی ئەمریکایە , کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٧٧٥-١٧٨٣) ، ئەمەش کاتێك کە ژنان هەستیانکرد مافی سیاسی و پیشەیی و ئابورییان نییە و داوای مافی هەڵبژاردنیان کرد.....

هەمان بیروباوەڕی پێشکەتن و یەکسانخوازی بو کە لە ئەمریکاوە پەڕیوە بۆ فەرەنسا و لەناو شۆڕشی فەرەنسادا هەشت هەزار ژنی کرێکار و سەوزەفرۆش هێرشیان کردە سەر کۆشکی (ڤێرسای) ، ئەمەش لەساڵی (١٧٨٩) رویدا.

هەرچەندە ئەم بزوتنەوانە ژنانە بون و بۆ مافی ژن دەکۆشان و داوای ژیانێکی باشتریان لە دەسەڵاتی کاتی خۆیان دەکرد ، بەڵام لە



ژێر ناوی بزوتنەوەیەکی فیمینیستی کە مرۆکێکی ژنانەی پێوەبێت کۆنابنەوە ، بەڵکو کۆمەڵێك جموجوڵی تاکوتەرای رێکنەخراوی ژنانە بون ، کە بۆ سەردەمێك دروستبون و پاشان هەڵوەشایەوە , بە پێچەوانەی "کازیوە صالح"ەوە ، "دکتۆر رۆیا تلوعی" ژنە خەباتکاری کوردی رۆژهەڵات ، مێژوی فیمینیزم ناباتەوە بۆ ناو سەدەکانی ناوەراست ، دکتۆر رۆیا بزوتنەوەی فیمینیزم دەکات بە سێ شەپۆلەوە: شەپۆلی یەکەم دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٠-١٨٣٠) و پێی وایە گرنگترین مافە سەرەتاییەکان لەسەر دەستی ئەم شەپۆلە کرا بە دروشم و خەبات لە پێناویدا دەستی پێکرد وەك مافی خوێندن و دەنگدان و سەرپەرشتی کردنی منداڵ ، "مەریوان وریا قانع"یش هاورای "دکتۆ رۆیا"یە لە مێژوی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی فیمینیستیدا و بە شێوەیەکی گشتی بزوتنەوەی فیمینیستی دەکات بە دو قۆناغەوە , وەك هەر یەکەیان ئامانجی جیا و خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان هەیە.

"مەریوان" شەپۆلی یەکەم بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و شەپۆلی دووەم بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم دەگەرێنێتەوە , بەڵام پێی وایە مێژوی بەگژاچونەوەی پاتریارکیەت زۆر لەوە کۆنترە و لە هەمو سەردەم و شارستانیەتەکاندا ئامادەگیان هەبووە بۆ داواکردنی مافەکانیان , "مەریوان" دەڵێ یەکەم بزوتنەوەی فیمینیزمی لە ( ٣١ی مانگی حەوتی ساڵی ١٨٤٨)دا دروستبو لە ئەمریکا , کە ناوی (بزوتنەوەی مافەکانی ئافرەت) بو ، "مەریوان وریا" بەگشتی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەپۆلی یەکەمی فیمینیزم دەگەرێنێتەوە



بۆ کۆمەڵێك هۆکار ، یەك لەوانە دروستبونی ئەو پێکدادانە کۆمەڵایەتییانەی هەمو ئەوروپای گرتبووەوە و ئافرەتانیش بیانەوێ یان نە بەشێکبون لەو ململانێیە ، "مەریوان" هۆکارێکی دیکە لە هەناوی مێژووەوە دەستنیشان دەکات , کە ساڵانی سی سەدەی نۆزدە دەگێرێتەوە ، ئەمەش ئەو کاتەیە کە بەشێکی زۆر لە نوسەر و رۆشنبیرە گەورەکانی ئەوروپا کۆچدەکەن بەرەو ئەمریکا و لەوێوە زەمینە دەرخسێنن بۆ بیروباوەڕە یۆتۆپیاکانی خۆیان , لەم رووەوە کەم نەبون ئەو گروپ و ریفۆرمیستانەی کە سەرچاوەیان دەچووەوە سەر کتێبی فەیلەسوفە کۆچکردووەکانی ئەوروپا کە لە ئەمریکا نیشتەجێ بوبون.

> **"مرۆڤ بونی ئێمە پەیوەندیی بە نواندنی ئێمەوە هەیە بۆ بەخشینی مانا بە دونیا و دەوروبەر ، پێناسەکردن و هەڵبژاردنی بەها مرۆییەکان"**
>
> فیمینیستی ئەمریکی "بۆنی بێرستۆ"

رەهەندێکی دیکەی پەرەسەندنی بزوتنەوەی فیمینیستی پەیوەندیی بە دەرهاویشتەکانی قۆناغی رۆشنگەرییەوە بو , وەك بەگژاچونەوەی هەژاری و بە دەمەوەچونی نەداران , کە بێگومان بەشێکی بەرچاوی ئەو هەژار و نەدارانە ژنان پێکیان دەهێنا , چونکە ژن ئەو چینە کۆمەڵایەتییە بو ، کە هیچ سەرچاوەیەکی کار و دەرامەتیان نەبو.

گەورەترین خاڵی لاوازی شەپۆلی یەکەم بریتی بو لەو بۆچونەی

که پێی وابو ، گەر ئافرەت مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی بدرێتێ ، دەتوانێت لە ناو جومگەکانی بڕیاردا جێگەی خۆی بکاتەوە و لەوێوە بۆ مافەکانی هەوڵبدات و کۆتایی بە سیاسەتی جیاوازی و پەراوێزخستن و بە ڕەگەزی دووەم سەیرکردن بهێنن , بۆیە زیادەڕەوی نییە ، گەر بڵێین فەلسەفەی شەپۆلی یەکەم لە سەرهەڵدانیەوە تا کۆتایی هێنانی بە دەوری ئەو ستراتیژەدا دەسوڕایەوە ، گەر ئافرەت بەشداری هەڵبژاردن بکات ، ئەوا لەوێوە دەتوانێت خەبات بۆ سەرکەوتنی یەکجاری بکات.

هەندێك لە بزوتنەوەکانی ژنان دەیانگوت گەر دەرفەت هەبێ بۆ بەشداریکردنی ئافرەت لە هەڵبژاردنەکاندا , پێویست بەوە ناکات ، کە سەندیکا و ئۆرگانی تایبەت بە خۆمان دامەزرێنین ، چونکە داواکارییەکانمان لە ڕێگەی دەزگای گشتی و حکومییەوە شۆڕ دەکەینەوە بۆ ناو کایەکانی تری کۆمەڵگا و لەوێوە تێڕوانینی سەرجەم کۆمەڵگا بەرامبەر ئافرەت گۆڕانکاری پێدەکەین ، بۆیە بە جێگیربونی داواکەیان کە مافی هەڵبژاردنە , دەستیان لە خەباتی ڕێکخراوەیی هەڵگرت ، بەڵام ئەوەی ئەوان پێشبینیان دەکرد وانەبو ، چونکە مافی ئافرەت تەنها لەناو یاسا و کتێبەکاندا مایەوە و ڕەنگدانەوەی بەسەر کەلتوری دارزاو و دیدی کۆی گشتی کۆمەڵگاوە نەبو.

بەم حاڵەنەشەوە کە بزوتنەوەی فیمینیستی خەباتی بۆ دەکرد شەپۆلی یەکەمی کۆتایی پێهات و لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا شەپۆلێکی تر سەری هەڵدا.



"ڕێبین هەردی" لە شوێنێکدا دەڵێت:"ژنان دەبێت بێنە ناو کاری گشتییەوە , نەك لەبەر ئەوەی کە شانبەشانی پیاوان ڕابوەستن , بەڵکو بۆ ئەوەی خودی خەسڵەت و سیفەتە گشتییەکانی سیستەمی ژیان بگۆڕن"، لەم دیدەوە ئەوەی کە شەپۆلی یەکەم خەباتی بۆ کرد و بەدەستی هێنا , بەشداری ژن بو لە هەڵبژاردن و سەیرکردنی لەگەڵ پیاودا بو بە یەکسانی , بەڵام ئەم داواکارییانە نەبونە هۆی ئەوەی کە بە قەد بەشداری ئافرەت لە کایەکانی ژیاندا نۆرم و ئەخلاقی ئافرەتانە شۆڕبێتەوە بۆ ناو گشت بوار و کایەکانی کۆمەڵگا و لانی کەمی بەرهەمی درێژخایەنی شەپۆلی یەکەمی بزوتنەوەی ژنان دەرەنجامێکی ئەوتۆی نەبو ، بەگشتی شەپۆلی یەکەمی فیمینیزم وایان دەزانی ، کە چوارچێوە یاساییەکان دەتوانن دەستکاری ئەو فەزا کۆنکریتیە بکەن کە لە ئەو کاتەی ئەوروپادا هەبو..

بە ڕای دکتۆر ڕوئیا تلوعی شەپۆلی دووەمی بزوتنەوەی فیمینیستی لەساڵی (١٩٦٠)وە دەستی پێکردووە , کە ئامانجی سەرەکییان یەکسان سەیرکردنی ئافرەت و پیاو بووە لە کارکردندا ، هەروەها جێگەی ئاماژەپێدانە کە شەپۆلی دووەمی فیمینیستی کۆمەڵێك داواکاریی نوێی خستە ناو بەرنامەی خەباتییەوە کە لەوەودوا دەردەکەوێت , ئەم داواکارییانە چ گۆڕانێکی جەوهەرییان هێنا بەسەر ڕەوشی ژیانی ڕەگەزی مێ لە گشت جیهاندا , وەك مافی لەباربردنی کۆرپەلە و مافی کۆنترۆڵکردنی منداڵبون و برەودان بە ئەدەبیاتی ژنان.



هەرچەندە "دوکتۆر ڕوئیا" ڕای "فینیسنت" دەهێنێتەوە ، کە پێیوایە شەپۆلی سێیەمی بزوتنەوەی فیمینیستیش هەیە ، کە ئاماژە بە فیمینیستە پۆست مۆدێرنەکان دەکات , کە لەسەر ئەو بڕوایەن ڕەنگی پێست و کلتور و ڕەگەز و نەتەوە و چینایەتی و.... هتد کاریگەری لەسەر کێشەی ژنان هەیە و ناکرێ ئەم فاکتەرانە لەبەرچاو نەگیرێ ، بەڵام بە پێچەوانەی "دکتۆر ڕوئیا تلوعی"یەوە کە بزوتنەوەی پۆست مۆدێرنەکان بە شەپۆلی سێیەم ناوزەد دەکات , "مەریوان وریا قانع" پێی وایە فیمینیستە پۆست مۆدێرنەکان قوتابخانەیەکن لەناو شەپۆلی دووەمدا نەك شەپۆلی سێیەم بن ، هەم لە ڕوی ساڵ و هەم لە ڕووی شوێنی سەرهەڵدانییەوە ، مەریوان وریا قانع بە پێچەوانەی " دکتۆر ڕوئیا" باس لەوە دەکات ، کە بزوتنەوەی دووەمی فیمینیستی لە ئەمریکا ساڵی ١٩٦٥ و لە ئەوروپا ساڵی ١٩٦٧ دەست پێدەکات , شەپۆلی دووەم لەسەر کەلاوەی شەپۆلی یەکەم خۆی بینا دەکاتەوە , بەڵکو هەندێ جار زۆر ڕادیکاڵانەتر داوای گۆڕینی کۆی سیستەم و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

سەرەڕای ئەوەی "مەریوان وریا" لە شوێنێکدا ئاماژە بە کاریگەریی نێگەتیفی شۆڕشی پیشەسازی دەکات لەسەر بزوتنەوەی فیمینیستی , کە بووەتە هۆی لێکجیاکردنەوەی کارگەکانی بەرهەمهێنان و شوێنی حەسانەوە (ماڵ) , چونکە لە پێشدا ماڵ و کارگە لە تەنیشت یەکەوە بون و بەو بۆنەیەوە ئافرەتانیش دەیانتوانی کار بکەن , ئاماژە بە بەدوا داهێنانی گەورەی تەکنەلۆژی



دەکات ، کە دەوری ئێجگار گەورەیان بینی لە سەرهەڵدانی شەپۆلی دووەمی فیمینیستی.

یەکەمیان: دروستکردنی حەبی دژی سکپڕبونە , کە وا دەکات ئافرەت ئازاد بێت لەوەی کە دەیەوێت ببێ بە خاوەنی منداڵ و ڕۆڵی دایکایەتی ببینێ , یان بەلای کەمەوە بتوانێت قۆناغی دایکایەتی دوابخات بۆ کاتێك کە گونجاو بێت , ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەکارهێنانی ئەم حەبە وادەکات ، کە مەسەلەی جنسی مانایەکی تری لێبکەوێتەوە و ئافرەت تەنها بەو چاوەوە سەیر نەکرێت، کە ماشینێکی بەرهەمهێنانی منداڵ زیاتر نییە.

دووەمیش: داهێنانی ئامێری جل شۆرین و پاککردنەوەیە ، کە ئەمەش توانی کاتێکی زۆر بۆ ئافرەت بگێڕێتەوە ، کە لە شۆردنی جلدا بە خەرجی دەدا , ئەمە جگە لەوەی کە بواری کاری نوێ دێتە کایەوە ، کە هەم لەلایەن پیاوەوە و هەم لە لایەن ژنەوە ئەنجام دەدرێت و پێویستی بە وزە و توانای بازو نییە ، وەك کۆمپیوتەر و حاسیبە و تەلەفۆن و گەلێك ئامێری تر...

هەمو ئەم میکانیزم و مەسەلە تازانە وایانکرد ، کە شەپۆلی دووەم بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ بەدوای ڕەگ و ڕیشەی پاشکۆیەتی ئافرەتدا بگەڕێت و پرسی: چۆن ئەو ئایدۆلۆژیایە دروستبو کە ئافرەت وەك بونەوەرێکی کەمتر لە پیاو سەیر بکرێت؟ کاراکتەری پاتریارکیەت چییە و چۆن کار دەکات؟ ئەو میکانیزمانە چین کە لە کایەی ئابوری , پەروەردە , خوێندن , میدیا و شوکردن و دروستکردنی خێزاندا چەوسانەوە بەرهەم دێنن و دوبارەی

دەکەنەوە؟ چەوساندنەوەی جنسی چۆن دروستبو؟ جنس چ ڕۆڵێك دەبینێت لە پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەتدا و .....هتد؟

لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ ئاماژەدان بە کتێبی "ڕەگەزی دووەم"ی فەیلەسوفی فەرەنسی "سیمۆنە دی بۆڤوار" کە لە ساڵی (١٩٤٩)دا نوسیویەتی: (زەحمەتە بتوانین قسە لەسەر شەپۆلی دووەمی فیمینیستی بکەین , بەتایبەت کە زۆرێك پێیان وابو ، کە ئەو کتێبە بۆ شەپۆلی دووەم وەك ئینجیلێك وایە) , "مەریوان وریا قانع" لە ناوەڕاستی ئەو وتارەی کە لە ژمارە (١٩,١٨)ی ڕەهەنددا بڵاوی کردووەتەوە ، ئاماژە بە گرنگی ئەو کتێبە دەکات و دەڵێت:"لە ڕاستیدا گرنگترین تێزی کتێبەکەی "بۆڤوار" ئەو تێزەیە کە دەڵێت:"ئافرەت دیاردەیەکی سروشتی نییە ، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتورییە , ئافرەت بە ئافرەتی لە دایك نابێت ، بەڵکو لەناو کلتور و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا دەبێت بە ئافرەت".

جێگای ئاماژە پێدانە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵگاکانی ئەوروپا سکپڕ دەبن بە کۆمەڵێك ئەگەری گۆڕانکاری هەر ئەم ئەگەرانەشە کە دەورێکی ئێجگار گەورە دەگێڕن لەوەی کە شەپۆلی دووەمی فیمینیستی سەرهەڵبدات , ئەو هۆکارانەی کە زەمینەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی شەپۆلی دووەم بە خێرای بریتی بون لەمانە:

وشیاربونەوەی ئافرەتان بەرامبەر بە هەلومەرجی ژیانی خۆیان , گۆڕانی کەش و هەوای فەرهەنگی و کلتوری ئەوروپا لە ساڵانی شەستەکاندا , بەرزبونەوە و ئەگەری ڕاددەی خوێندەواری



بون لەناو بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا , بونی جنس بە بابەتی گفتوگۆ و لێدوان و هاتنەکایەی بیر و بۆچونی نوێ لەسەر کایەی جنس , زیادبونی ژمارەی ئافرەتانی جیابووەوە لە پیاوان.

دیارە هەمو ئەو قۆناغ و مێژو و شەپۆلانەی کە فیمینیزمی پێدا تێپەڕیوە , کارێکی کردووە کە ئەستەم بێت هەمو بزوتنەوە فیمینیستەکان لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانیەوە هەتاوەکو ئێستا لەژێر یەك ناو و ناسنامە و ئامانجدا کورت بکەینەوە , بۆ ئەم بەشەی باسەکەشمان ناچارین دوبارە وەك لە چەند شوێنی تردا دەستمان بۆ بردووە , دەست بەرینەوە بۆ ئەو گوتارە نایابەی "مەریوان وریا قانع" کە لە گۆڤاری ڕەهەنددا بلاوی کردووەتەوە , دەبێت ئەوەش بهێنینەوە بیری خۆمان ، سەرەڕای ناوهێنان و ئامانجی ئەو قوتابخانە جیاوازانەی کە ناویان دێنین , بەلام هەمویان لەسەر دو گریمانەی سەرەکی و سەرەتایی ڕێکن , یەکەمیان ئەوەی کە ئافرەت کراوەتە ژێردەستەی پیاو , دووەمیان ئەوەیە کە دەبێت ئەم ژێردەستەییە کۆتایی پێبهێنرێت.

بە واتایەکی تر یەکەمیان بڕوا کردن دەگەیەنێت بەوەی کە دۆزی ئافرەت لە قەیراندایە و خاوەنی شوناس و ناسنامەی خۆی نییە و داگیرکراوە , دووەمیان ئەوەیە ئەو داگیرکارییە کۆتایی پێ بهێنرێت و شوناس و سەروەری بگەڕێنرێتەوە بۆ ئافرەت خۆی.

**یەکەم// فیمینیزمی لیبراڵ:** یەکسانی نێوان ژن و پیاو , واتە ژن و پیاو دو بونەوەری یەکسانن , هەروەها لێکچونی ژن و پیاو , گرنگترین ئەو دو خاڵەن ، کە ئەم جۆرە قەتابخانەیە کردونیەتی بە



سەنتەری ئامانجەکانی خۆی , لای ئەم قوتابخانەیە عەقڵ سەرچاوەی هەمو کار و خەسڵەت و مەڵبەندی زانیارییەکانی مرۆڤە ، ژن و پیاویش دو بونەوەری عاقڵن , بۆیە عەقڵ ئەو سەرزەمینەیە کە ئەم دو بونەوەرە پێکەوە دەبەستێتەوە , بە کورتی فیمینیزمی لیبراڵ گرنگییەکی گەورە بە مەسەلەی عەقلانیەت و توانا عەقلیەکانی ئینسان دەدات , بەلام ئەم عەقڵ و عەقلانییە بۆ ئەوەی بە یەکسانی گەشە بکەن و چالاك بن و دەبێت بە تەواوی ئازادبن , لە شوێنێکی تردا "ڕێبین هەردی" ئاماژە بۆ گرنگی ئازادی دەکات و دەڵێت :"ئازادی چییە جگە لەو دۆخەی مرۆڤ تیایدا لە بەردەم گەورەترین و زۆرترین هەڵبژاردندایە".

ئەم گروپە لەسەر ئەوە پێداگری دەکەن ، کە یەکەمین دەستکەوتێك کە دەتوانێت بەرەو مرۆڤێکی سەربەخۆیان بەرێت , ئازادیی سیاسی و هەڵبژاردن و خۆ کاندیدکردن و بەشداری کردنە لە جومگەی قەرار و سیاسەتدا و لای ئەم گروپە گۆڕان پرۆسەیەکی هێواش و لەسەرخۆیە و دەبێت وردەوردەی دەستکاری یاساکان و دەزگا حکومییەکان بکرێت و لە نوێنەرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەم ڕەوتە ژنە فیمینیستی لیبراڵ و فەیلەسوفی ئەمریکی ( مارتا نوسباوم)ە.

**دووەم// فیمینیستە ڕادیکاڵەکان:** ڕێك بە پێچەوانەی ڕەوتی فیمینیستی لیبرالیە ، ئەم ڕەوتە بە دوای خاڵی جیاوازیی نێوان نێر و مێدا دەگەڕێت , فیمینیستە ڕادیکاڵەکان دەڵێن کۆمەڵێك خەسڵەتی جیاوازیی سروشتی هەن ، کە ژن و پیاو لەیەك



جیادەکەنەوە , ئەم جیاوازییەش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت , گرنگترینیان توانای ئافرەتە لە دروستکردنی منداڵ ، ئەمەش وا دەکات کە مرۆڤایەتی هەمیشە پێویستی بە ئافرەت هەبێت بۆ نوێبونەوە ، ئەمانە لەو باوەڕەدان دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردو ڕەگەز دەبێت بۆ بنچینەی کێشەکان بگەڕێیتەوە , وەك دەڵێن پیاو هەر لە ئەزەلەوە ژن دەچەوسێنێتەوە , چەوساندنەوە دەرکەوتەی ئەم قۆناغە نییە بە تەنها ، ئەم قۆناغەی فیمینیزم بەدوای گۆڕانی ڕیشەیی و خێرادا دەگەڕێت و هەمیشە ئەدەبیاتیان لێوانلێوە لە شەڕ و ڕوبەڕوبونەوە و یاخی بون و شۆڕش و ......هتد.

ئەم گروپە پێی وایە کە پاترارکیەت تەنها لەناو سیستەمی سیاسی و ئابوری و یاساداناندا ئامادە نییە , بەڵکو لە هەمو کون و قوژبنێکی ژیاندا ئامادەیە , تەنانەت لەناو تیۆر و مەعریفە و میتۆدەکانیشدا , پاترارکیەت لە دیدی ئەم گروپەوە بنەمای ڕێکخستنی هەمو ژیانی کۆمەڵایەتییە و لە هەمو شوێنێکدا هەیە و سەروەرە.

**سێیەم// فیمینیستە مارکسییەکان:** لە دیدی فیمینیستە مارکسییەکاندا چەوساندنەوەی ئافرەت لەسەر بناغەی چینایەتییە و ئەمەش پێچەوانەی بیروڕای فیمینیستە ڕادیکاڵەکانە ، کە لەو باوەڕەدان چەوسانەوەی ئافرەت لەسەر جیاوازیی ڕەگەز دروستبووە , هەرچەندە ئەم گروپە لە چەند ڕەوتێك دروستبووە ، کە یەکێکیان (فیمینیزمی جیهانبینی) یان فیمینیزمی گۆشە نیگایە , بەلام ئەم قوتابخانەیە لە بارەی گۆڕانی ڕیشەیی و خێرای

دامودەزگا کۆمەلأیەتی و سیاسی و یاساییەکان لەگەڵ ڕەوتی فیمینیستە ڕادیکالەکان هاوڕان ، ئەمانە پێیان وایە ئافرەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هیچ کات مافەکانی دەستەبەر ناکرێت , تاوەکو کێشەی چینایەتی چارەسەر نەکرێت , چونکە ئافرەت لەسەر بناغەی چینایەتی دەچەوسێنرێتەوە..

**چوارەم// فیمینیستە سۆسیالیستەکان:** ئەم ڕەوتە دو تێڕوانینی جیاوازیی دو قوتابخانەی جیاواز بەیەکەوە گرێدەدات , یەکەم: گرنگیدان بە ئابوری کە لای مارکسییەکان ئامادەیە تێکەڵی دەکەن بە ڕەگەز یان جنس , بەلأم ئەمان چەوساندنەوەی ئافرەت نابەستنەوە بە سەرمایەداری ، بەڵکو لایان وایە کە ڕەگەز و جێندەر لەم مەسەلەیەدا دەور دەبێت , لای ئەم گروپە دابەشکردنی کارگە گەورەترین چەوساندنەوەیە کە ئافرەت توشی دەبێت.

**پێنجەم// فیمینیزمی ڕەخنەیی:** **ئەم** ڕەوتە لە سەرێکەوە لەگەڵ مارکسیزمەکان نزیکن ، تیۆریەکانی مارکسیزم درێژە پێدەدەن و بەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی کلتوری و گۆڕانە تەکنۆلۆژیەکاندا پیادە دەکەن ، بەکورتی فیمینیزمی ڕەخنەیی گرنگی بە لێکدانەوەی دەزگاکان دەدەن و خوازیاری ڕیفۆرم کردنیانن ، مەسەلەی عەدالەت و ماف کۆڵەکەی سەرەکی داواکارییەکانیانە.

**شەشەم// فیمینیزمی کلتوری:** گرنگیدان بە ڕەهەندی ئەتنی و کلتوری و ڕەگەزی لە گرنگترین ستراتیژەکانی ئەم ڕەوتەیە ، بۆیە هەندێك جار مەسەلەی چەوساندنەوەی ئافرەت و نایەکسانی لەم نێوەندەدا لەبیر دەکرێت ، بۆ نمونە دەڵێن شوناسی مێینە لە پاڵ



هەریەك لەو ڕەگەزانەی سەرەوەدا دروست دەبێت ، بۆیە پێناسەکردنی شوناسی ئافرەت لە دیدی فیمینیزمی فرە کلتوریەوە دابەشدەبێت بۆ زیاد لە شوناسێکی لۆکاڵی ، کە هەر یەکەیان تایبەتمەندی و کێشە و قەیرانی تایبەت بە خۆی هەیە ، ڕێگەچارەکانیش لە بڕگەی جیاواز دەبن.

**حەوتەم// فیمێنیستە پۆست مۆدێرنەکان:** دەتوانین ئەم ڕەوتەش لە خاڵێکی جەوهەریدا لەگەڵ فیمینیزمی کلتوری هاوبەش ببینین , کە ئەم ڕەوتەش پێداگری لەسەر جیاوازیی کێشەی ئافرەتان دەکەن و پێیانوایە چەمکی ئافرەت وەك شتێکی گشتی بازدانە بەسەر ئەو جیاوازییە بەرچاوانەی کە لە دۆزی ئافرەتدا هەیە.

**هەشتەم// فیمینیزمی گلۆباڵی:** لەڕاستیدا هەمو ئەو قوتابخانە و ڕێبازانەی کە پێشتر ناساندمان کار و چالاکی و خولیاکانیان تەنها لە سنوری کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان قەتیس کردبو ، یان ئامانجی هەریەکەیان لە سنوری ناوچەیەکی لۆکاڵدا تێپەڕی نەدەکرد , بە واتایەکی تر خواستی ئەوان گوزارشتکردن بو لە دەنگی ژنانی ڕۆژئاوا بۆ گوزەرانێکی باشتر ، بەلأم قوتابخانەی فیمینیزمی گلۆباڵی خۆی دەدات لە کێشەی ژنانی هەمو جیهان بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندێتی خۆیان بە تایبەت جیهانی سێ ، ئەم ڕەوتەش زیاد لە بیرو بۆچونێکن سەبارەت بە کێشەکانی ئافرەت لەسەر ئاستی جیهان..

**نۆیەم// فیمینیزمی ئیسلامی:** ئەم گروپە لە فیمینیزم دەڵێن هیچ کاتێك ئاین و مەزهەب ڕێگر نەبووە لە بەردەم یەکسانی هەردو



ڕەگەزدا ، بەڵکو ئەوە سیستەمی پاتریارکیەت و باوکسالاریە ، کە نایەوێت بێتە ژێر باری یەکسانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێوە.

**پرسی ئافرەتی کورد و فیمینیزم:**

"ڕێبین هەردی" بە توندی ئەو بۆچونە دەردەبڕێت ، کە گوایە کێشەی ژن لە کێشەی کلتور و کۆمەڵگا جیا نابێتەوە ، لە هەر کوێیەکدا ژن کێشەی هەبو , دەنگی زەوت کرابو , ئیرادەی داگیرکراو بو , ئەوە کۆی کلتور و جیهانبینی کۆمەڵگایە کە لە قەیراندایە..

هەرچەندە گەورەترین کوفری مەعریفییە ، گەر بمانەوێت بە پێوەر و میتۆدە جیهانییەکان دۆزی ئافرەتی کورد بخوێنینەوە ، چونکە لەلایەکەوە ئەو ماف و دەسکەوتانەی ئافرەتی کورد بە دەستی هێناوە ، زیاترە لە بڕێك لەو مافانەی کە شەپۆلی یەکەمی فیمینیزم بە درێژایی مێژوی خۆی بە دەستی هێناوە ، لەلایەکی ترەوە تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ئافرەتی نیوەی مرۆڤایەتی هەمان تێڕوانینی سەدەکانی ناوەڕاستە ، کە بە میراتی بۆمان بەجێ ماوە ، بۆیە زیادەڕۆیی نییە ، گەر بڵێین کێشەی ئافرەتی کورد بە هەمو مانایەك کێشەیەکی لۆکاڵی و ناوچەییە و هێشتا لەگەڵ بزوتنەوە فیمینیستە جیهانییەکان کارلێکێکی وەهای شایانی باسی نەکردووە , تاوەکو لەژێر ڕۆشنایی میتۆدە جیهانییەکان بیان خوێنینەوە , بە جۆرێکی تر لە سەرێکەوە ئافرەتی کورد گەیشتۆتە پلەی یەکەمی وەزیر و خانمی یەکەمی وڵات و پەرلەمانتار , لە سەرێکی ترەوە بارودۆخی کۆمەلأیەتی و ئابوری ژنی کورد بە ناو ئۆقیانوسێك لە تاوان و ناعەدالەتیدا تێپەڕ دەبێت ، بە بڕوای من ئەم بارودۆخە



ناهاوسەنگەی ئافرەتی کورد لە نێوان ماف و ئازادیدا لە دو ئەگەر زیاتر بە خۆیەوە ناگرێت:

یەکەم: ئەو دەسکەوتانەی کە ئافرەتی کورد بەدەستی هێناوە ، هیچ پەیوەندیی بە خەبات و تێکۆشانی ئافرەتەوە نییە و زیاتر وادەردەکەوێت ، کە هەلومەرجی موجامەلاتی سیاسی و حیزبی ئەو ئافرەتە لێپرسراوانەی گەیاندبێتە ئەو پلە و پایەیە , چونکە ناکرێت لە کۆمەڵگایەکدا کە چەندان وەزیر و مدیر عام و بەرپرسی ئافرەت دەبینی , بەلأم لە هەمان کۆمەڵگادا دۆخی گوزەرانی ڕەگەزی مێینە بەهیچ شێوەیەك جێگای دڵخۆشی نییە.

دووەم: کاتێك لەو چوارچێوە کۆمەلأیەتی و سیاسی و کلتورییە دەڕوانین کە ئامادەگیەکی سەرسەختیان هەیە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا , کە هەموی لە خزمەتی پیاوسالاری و سیستەمی پاتریارکیەتدایە , گومان دەخەینە سەر ئەو کەمە ئافرەتەی کە بە پلەیەکی شیاوی ئیداری و سیاسی گەیشتون ، چونکە ئەم سیستەمە پاتریاکیە بە جۆرێك ڕەگی داکوتاوە کە بواری بۆ هیچ دەنگێکی ژنانە نەهێشتووەتەوە ، کە گوزارشت لە ڕەگەزی مێینەیی خۆی بکات ، دۆخی ئافرەت لە باشترین باریدا پاشکۆی حیزبەکانە و تائێستا هیچ سیمایەکی مەدەنیانە نەکەوتۆتە ناو خەباتی ژنی کوردەوە ، بۆیە زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین لەئێستادا هیچ بزوتنەوەیەکی ژنانەی کوردی نییە کە لەژێر ناوی بزوتنەوەی فیمینیزمدا کۆی بکەینەوە , بزوتنەوەیەکی ژنانەی وەها کە سەربەخۆ بێت و خاوەن کەناڵی سەربەخۆ بێت بۆ گوزارشتکردن لە

خۆی ، دەتوانین ئاماژە بۆ چەند کەسایەتیەکی فیمینیزم بکەین ، کە خەباتکردنی بۆ مافی ئافرەت بە سەنتەری کارەکانیان دەزانێت , بەلاّم ئەمەش لە باشترین حالّەتدا پەرتەوازەن و نەیان توانیوە بزوتنەوەیەکی مەعریفی دەستەجەمعی دروست بکەن و لەوێوە فشار بخەنە سەر کۆمەڵگا و دەسەلاّت بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان ، یان یاخی بونی ئەم ئەکتیفستانەی ناو خەباتی ژنی کورد تەنها لەناو تێکستەکاندا ماوەتەوە و تەرجومە نەکراوەتە سەر کۆمەڵە کردارێکی دەستەجەمعی.

"مەریوان وریا قانع" ئەوە ناشارێتەوە کە گەورەترین شکستی پرۆسەی مۆدێرنە و نوێبونەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا لە بواری ئافرەتدا بووە , ئەوەی دەتوانین لە پشت ئەم وتەیەی "مەریوان وریا"وە تێی بگەین ئەوەیە: (گەر مۆدیرنە توانیبێتی بڕێك دەسکاری ئەو هەندەسە کۆمەلاّیەتییە تەقلیدیەی کۆمەلگای کوردی بکات ، ئەوا لە بواری ئافرەتاندا نەیتوانیوە دید و تێڕوانینی کۆمەلگای کوردی بەرامبەر مەسەلەی ئافرەت بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤدا ببات) ، بە سەرنجدانێکی سادە و ساکار لەو هەلومەرجەی کە ئافرەتی کوردی تێدا دەژی , ڕاستی ئەو قسەیەی سەرەوەمان بۆ دوپات دەبێتەوە ...

ئەم شکست هێنانەی مۆدێرنە لە دەستکاریکردنی خەیالّی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئەخلاقی کۆمەڵگای کوردیدا بەرامبەر ئافرەت دۆخێکی وای خولّقاندووە ، کە ئەو کەمە دەسکەوتانەی کە ئافرەت بەدەستی هێناوە ، تەنها لە دۆخە یاساییەکەیدا بمێنێتەوە و



زیاتر وەکو دەقێك تەماشا بکرێت ، کە هیچ زەمینەیەکی پراکتیزەکردنی نەبێت , بە مانایەکی تر ئەوەی کە ئافرەت تائێستا توانیوەیەتی بەدەستی بهێنێت ، کۆمەڵێك دەقی یاسایین ، کە زیاتر وەکو دروشم دەردەکەون , تا ئەوەی کۆمەڵێك گەرەنتی دەستوری بن , کە پێشێلکردنی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە کارێکی ئەستەم بێت.

**سەرچاوەکان**

١- سەرەتایەك دەربارەی فیمینیزم ، نوسینی: مەریوان وریا قانع ، گۆڤاری ڕەهەند ، ژمارە (١٨-١٩) ، لاپەڕە (١٤٠-١٨٢).

٢- خوێندنەوەیەکی فیمینیزم و دۆخی ئێمە ، نوسینی: دکتۆر روئیا تلوعی ، گۆڤاری ڕەهەند ، ژمارە (١٨-١٩) ، لاپەڕە (٣-١٧).

٣- ژن و جیاوازی ، نوسینی: ڕێبین هەردی ، گۆڤاری ڕەهەند ، ژمارە (١٨-١٩) ، لاپەڕە (١٠٥-١٢٠).

٤- فێمێنیست ناسی و بزوتنەوەی سیاسی ، نوسینی: کازیوە صالّح ، گۆڤاری ڕەهەند ، ژمارە (١٨-١٩) ، لاپەڕە (٢٩-٨٣).

٥- گۆڤاری زنار ، ژمارە (٥) ، نیسانی ٢٠٠٧.

٦- (ژن - پیاو) ، نوسینی: ئەریك فرۆم ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: شاسوار کەمال مەحمود.

٧- گۆڤاری ئایدیا ، ژمارە (٧) ، لاپەڕە (٦٦).





# ئافرەت لەروانگەی پیاوەوە

پەری شێخ صالّح

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ژن لەپێش قۆناغی ژن سالاریی و لەقۆناغی پیاو سالاریشدا کە تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامە ژن ڕۆلّ و دوری بالاّی بینیووە لە پێشکەوتنی ژیان و گەشە سەندنی هەموو شارستانییەتەکاندا لەگەلێك قۆناغی مێژوودا ژنی بەتوانا هەلّکەوتوون فەرمانڕەواییان کردووە لە بوارەکانی ژیاندا بەخششی زۆریان بووە لەوانە شاژنە (بەلّقیس) کە فەرمانڕەوایی شاری (سەبەئی) کردووە هەروەها شاژنە (شەعبات) کە لەعێراقی کۆندا فەرمانڕەوایی کردووە شاژنە (کیلۆباترا) کە میسری بەڕێوە بردووە و لەناو کوردیشدا گەلێك ژنی ناودار هەلّکەوتووە لەوانە ( شجرە الدر) کە لە بنەمالّەی ئەیوبیەکانە چەندین سالّ فەرمانڕەوایی ولاّتی میسری کردووە هەروەها ((قەدەم خێر و خانزادی سۆران و حەپسەخانی نەقیب و عادلە خانمی جاف و دەیان و سەدان ژنی دی)).

بێگومان ئەگەر ئافرەتە ناودارەکانی کوردو جیهان بژمێرین پێویستە (ئەنسکلۆپیدیا)یەکی سەد هەزار لاپەڕەیی بنووسینەوە چونکە لەهەموو بوارێك لەبوارەکانی ژیان ژن بەشداریی کردووە



بۆتە هۆکارێك بۆ بەرەو پێش چوونی ژیان و تەنانەت لەبواری سەربازیدا لەکاتێکدا کە فەرەنسییەکان ملیان بۆ دوژمن کەچ کردو پیاوان بەخۆیاندا رانەبینی سەرکردایەتی لەشکرکێشی یەك بکەن دژی دوژمنان جاندارك وەکو برووسکەی راپەری و لەشکری کۆکردەوەو دوژمنی تێکشکان بەلاّم لەپاداشتی ئەو پالّەوانێتییە بێ وێنەیەدا پیاوانی کەنیسە دادگایەکی ناڕەوایان پێکهێنا (جاندارکیان) بەتاوانی ئەوەی نابێ ژن سەرکردایەتی شەڕو جەنگ بکات بەو دادگایەو دادگای ناوبراویش بەبێ هیچ دوودلّییەك سزای ئەوەی بەسەردا سەپان کە بەزیندویەتی بە بەرچاوی خەلّکەوە بسوتێنرێ بۆئەوەی ئیتر هیچ ژنێك پڕکێشی ئەوە نەکات لەشکرکێشی بکات.

بەلاّم سەیرە لەگەلّ ئەوەشدا کە لەناو ژناندا دەیان و سەدان ژنی فەیلەسوف و سیاسەتمەدارو هونەرمەند و شاعیرو سەرلەشکر هەلّکەوتووە... لەگەلّ ئەوەشدا فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی (ئەرستۆ) لەکتێبی (السیاسە)دا ئەلّێ رەگەزی نێرینە لەسەرکردایەتی کردندا لەرەگەزی مێینە شیاوو لەبارترەو دەسەلاّت و هەژموونی پیاوانیش بەسەر ژناندا مەسەلەیەکی زۆر ئاسایی و لەبارە.

بەلاّم بەرامبەر بەو قسانەی ئەرستۆ فەیلەسوفێکی دی یۆنانی (سقرات) ژنە فەیلەسوفی یۆنانی (دیوتیما) بە مامۆستای خۆی دەزانی لەبواری ژیان و فەلسەفەدا دەلّێ (ئەی دیوتیما... هەولّمداوە بێم بۆلات چونکە من پێویستیم بە مامۆستایەکە توبی خودا ئاگادارم کەرەوە).

شایانی باسە لەسەدەی بیستەمدا گەلێك ژنی ناودار هەلّکەوتوون سەرکردایەتی گەلێك ولاّتانی گەورەیان کردووە لەوانە... (ئەندێرا

غاندی و مارگریت تاتشەر) و ژنە شەهیدی پاکستانی (بێنەزیر بۆتۆ) و چەندین ژنی دی هەروەها گەلێك لەخەڵاتکراوانی نۆبڵ لەوانە (تۆنی مۆریسۆن)ی ئەمەریکایی و (فیسلاف شیمبۆرسکا)ی پۆڵەندی و (نللی ساخس)ی سویدی و (غارتیسا دیلیدا) ی ئیتالّی و (سیفرید ئۆندست)ی نەرویجی و (بیرل باك) ی ئەمەریکی و (غابریلا مسترال)ی تشیلی و چەندین ژنی دی... شایانی باسە لەگەڵ ئەوەشدا کە ژن سەلماندویەتی لەبەهرەمەندی و بوارەکانی ژیاندا ژن هاوتای پیاوە.. کەچی پیاوان دەیانەوێ لێکۆڵینەوە و شیکاری دەروونی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن ژن بە ئاڵۆزوو بوونەوەرێکی لاوازو بێ بەرنامە لەقەڵەم بدەن هەر بۆ نموونە لە دوایدا لێکۆڵینەوە دەربارەی جۆرەکانی ژن کراوە و ئەمە کورتەی لێکۆڵینەوەیەکە کە دەڵێ لەجیهاندا پێنج جۆر ژن هەن کە ئەمانەن:

١-ژنی تووڕە: ئەم جۆرە ژنە بەپێکەنینێك دڵی خۆش دەبێت و بەوشەیەکی خۆش دەگەشێتەوە.

٢-ژنی خەیاڵی: ئەم جۆرە ژنە بە باڵی فراوانی خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی بۆ پشت ئاسۆ دوورەکان دەفڕێ و بەخەیاڵکردن دڵی دەشنێتەوە و کاتێ ڕووبەڕووی ئاستەنگە ڕاستەقینەکانی ژیان دەبێتەوە... ئیتر هەست بەتێشکاندن و بەزین دەکات و پەژارەو دڕەدۆنگی دایدەگرێ.

٣-ژنی سەرکێش: ئەم جۆرە ژنە هەموو کارێك بەسەرکێشی و بەبێ بیرکردنەوە و بەبێ تاوتوێکردنی لایەنە جوان و دزێوەکانی کارەکەی... ئەنجام دەدات و سوور دەبێت لەسەر سەرکێشی تاوەکو تێك دەشکێ و گیرۆدەی نائومێدی دەبێت.



٤-ژنی ساویلکە: ئەم جۆرە ژنە وەهم و وڕێنە ئاوەزی کۆنترۆڵ دەکات و سۆزو ئارەزووەکان یاری پێ دەکەن و باوەڕ بەهەموو قسەیەك دەکات و هەر زۆر زوو دەکەوێتە داوی قسەو گفت و بەڵێنی رازاوەی پیاوانەوە و کەسایەتی خۆی لەدەست دەدات.

٥-ژنی ژیر: ئەم جۆرە ژنە زۆر بەئاگاداری و وریاییەوە دڵی خۆی دەکاتەوە و زۆریش بەئاگالەخۆبوون و تاوتوێکردنەوە هەنگاو هەڵدەنێ و هەمیشەش هەوڵی ئەوە دەدات کە هاوسانییەك لە نێوانی دەسەڵاتی سۆزو لۆژیك و جوانی خۆشەویستیدا بەرجەستە بکات..

ماوەتەوە بڵێین ئەم پۆلێنبەندیکردنەی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە کراوە و لەبۆچوونی پیاوەوە هەڵقوڵاوە و پێویستی بەوەیە پەیڤین و گفتوگۆی زۆری لەسەر بکرێ و ژنان خۆیان دەسەڵات و بیروڕاو هەڵوێستی تایبەتی خۆیان هەبێت لەبارەی ئەم جۆرە پۆلێنبەند کردنەوە و پیاوان مافی تەواو بەخۆیان نەدەن لەم جۆرە لێکۆڵینەوەدا بەبێ بەشداری ژنان بیروڕای یەك لایەنە بخەنە روو.... باپیاوان لەبیریان بێت وەکو (نابلیۆن بۆنابارد) وتویەتی ژنێك لەپشت هەموو پیاوێکی مەزنەوەیە واتە هەموو پیاوێکی لێهاتوو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەیارمەتی و پاڵپشتی ژنێك توانیویەتی ببێت بە پیاوێکی لێهاتوو....

**بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

**١-نساء فلاسفة/امام عبدالفتاح امام.**
**٢-مجلة الصحفی/ عدد ٣٥.**
**٣-مجلة الشبكة العراقية/ العدد ١١/ ٢٠٠٦.**
**موسوعة نوبل للآداب/ ابراهيم زيدان.**





# کچێك لە نمونەی وەفایدا

پەخشان محمد

خۆشەویستی جەنگێکە لەنێوان گریان و پێکەنیندا. زۆر کات ئێمە دەبیستین لێرەو لەوێ کە باس لە خۆشەویستی دەکەن خێرا باس لەبێوەفایی و درۆزن و دەست بڕین دەکرێ. واتە زۆر لە عاشقان پێیان وایە هەموو خۆشەویستیەك دەرئەنجامەکەی بێوەفایی و دەست بڕینە. بەلاّم من ئەڵێم ڕاستە لەم رۆژگارەدا خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر کات دەرئەنجامەکەی بە بێوەفایی و بەرژەوەندی تاك کۆتایی دێت. بەلاّم هەندێ جار کە چیرۆك و بەسەرهاتی کەسانی عاشق ئەبیستین بۆمان دەردەکەوێ



کەسانێك هەن خۆشەویستی پاك و راست و بێ بەرژەوەندی ئەزانن.

زۆرجار عاشقەکان خۆیان بەدەستی خۆیان عەشقەکەیان زیندەبەچاڵ دەکەن. بەلاّم هەندێك جار کۆمەڵگەش دڕندانە حوکم ئەدا بەسەر عاشقەکاندا یاخود رۆژگار بێ بەزەییانە عاشقەکان لەیەك دەکات.

هەروەها مردنیش درێغی نەکردووە لە دابڕانی عاشقەکان وەك لەم بەسەرهاتەدا ئەیخوێنینەوە:

چیرۆکی ڕاستەقینە:

تەنیا دەڵێ:

کاتێك کە منداڵ بووم لەکۆڵاّن لەگەڵ هاوڕێکانمدا یاریمان دەکرد. دراوسێیەکمان هەبوو تەنها ژن و پیاوێکی زۆر بەتەمەن بوون. کوڕەزاو کچەزاکانی ئەهاتن بۆلایان و تێکەڵی ئێمە دەبوون. منیش بەدەر لەهەموویان سەرنجی یەکێکیان ڕایکێشام و لای من زۆر تایبەت و جوان بوو. بێ ئەوەی هیچ قسەیەك لەنێوانماندا هەبێت تەنیا سەیر کردن بوو، کوڕەکەش ناوی (نامۆ) بوو.

لەپاش چەند ساڵ کە شێوەو فکری لەخەیاڵمدا بوو هەمیشە (نامۆ)م لەمێشك و خەیاڵ و دڵدا دەرنەئەچوو. رۆژگار هات و رۆیی ئێمە ماڵمان لەو گەڕەکە نەما. دوای چەند ساڵێك هەردوکمان گەورە بووین و (نامۆ) باوکی زۆر دەوڵەمەند بوو زۆر نازی دابو بەنامۆ ئەویش خولیای خوێندنی نەبوو بۆیە باوکی دوکانی بۆ دانا. منیش خوێندنم تا ئامادەیی خوێند. دوایی لەیەکێك فەرمانگەکاندا دامەزرام.

دوای چەند ساڵێك بەرێكەوت ڕۆژێك یەكترمان بینی لەبازاڕ (نامۆ) زۆر سەرسام بوو بەپەرۆشەوە هاتە پێشەوە ویستی قسەم لەگەڵدا بكات بەڵام من دایكم لەگەڵدا بوو هەر بۆیە تا توانیمان سەیری ئەكترمان كرد. دوای ئەوەی یەكەم جار كە قسەم لەگەڵدا كرد دوای ئەو هەموو ساڵە ڕۆژێك لەسەر ڕێگای دائیرە سەیارەكی سووری پێ بوو. دابەزی و وتی: ئەمەوێ قسەت لەگەڵ بكەم زۆر دەمێكە چاوەڕێی ئەم چركەیە دەكەم كە تۆ ببینم. بەڕاستی من لە خۆشیدا نەمئەزانی چی بڵێم زۆریش ئەترسام یەكێك بمبینێ، پێم وت ئێستا ناتوانم قسەت لەگەڵ بكەم وتی باشە یەم بۆلات بۆ دائیرە. بۆ بەیانی هات بۆ دائیرە منیش لەخۆشیدا نەمئەزانی چی بڵێم هەر سەیرم ئەكرد ئەوەندە عەشقی (نامۆ) بووم خۆم بیرچوبۆوە یەكەم وشە كەپێی وتم تا ئەم كاتەش بیرم ناچێتەوە وتی تەنیا گیان زۆر دەمێكە عەشقی تۆم من بەڕاستی تۆم خۆش دەوێ لەمنداڵیەوە. بەڵێن بێ پەیوەندیمان كەم بخایەنێت دێم بۆ داوات، ئیتر ژمارەی تەلەفۆنی خۆی دامێ و منیش ژمارەی تەلەفۆنی ماڵوەم دایێ ئەو كاتە بەس تەلەفۆنی نۆرماڵ هەبوو كاشف نەبوو هەر بۆیە نەترسام ژمارەكەم دایێ.

لەڕاستیدا لەو كاتەدا واتە ساڵی (١٩٩٠) بارودۆخی كوردستان زۆر ناخۆش بوو نامۆ عەسكەر بوو لەكەركووك بارودۆخی ماڵی (نامۆ) زۆر باش نەبوو چونكە دایكو باوكی لەیەك جیابوبونەوە ببونەوە باوكی ژنێكی تری هێنا بوو بەڵام لایەنی مادییان زۆر باش بوو. كوڕی گەورەی ماڵ بوو. بەڵام نامۆ لەماڵوە بێزار بوو لەو كاتەدا كە



عەسكەر بوو پارەی ئەدا بە لێپرسراوی فەوجەكە ئەویش زۆر یارمەتی ئەدا.

هەموو ڕۆژێك كاتژمێر ٣ ئەبوایە بگەشتایەوە ناو سلێمانی و لەسەر ڕێگای دائیرە ڕاوەستا هەتا لەدورەوە چاوی بەمن بكەوتایە سواری پاسەكان ئەبوم پێش گەیشتنم بۆ ماڵەوە لەبەر دەرگا ڕائەوەستا خۆی بە ئوتومبیلەكەوە خەریك دەكرد گوایە ئیش ناكات بەس بۆئەوەی یەكتر ببینن لەدوورەوە. هەموو ئێوارەیەك پێش ئەوەی دوكان دابخات تەلەفۆنی ئەكرد ئەیووت وەرە بەردەرگا یەم بۆلای ماڵتان با لەدووریشەوە بێ بتبینم منیش دەهاتم زۆر دڵخۆش دەبووم.

نازانم چۆن باسی چیرۆكی خۆشەویستی من و نامۆ بكەم ئەوەندە یەكترمان خۆش ئەویست وامئەزانی لەم دنیایەدا لەو زیاتر كەسی ترنیە (نامۆ)یەو بەس لەبیرمە ڕۆژێكیان لەماڵی خاڵی بوو ماڵەكەیان نزیك ماڵی ئێمەبوو خاڵی زۆری خۆش دەویست خاڵی وتبووی مادەم ئەو كچەت ئەوەندە خۆش ئەوێ بەڵێن بێ بۆت دەهێنم دڵت ناشكێنم (نامۆ) هەموو شەو دەهات بۆ ماڵی خاڵی ئەیوت بەڵكو بتبینم.

ڕۆژێكیان وتی وەرە بەردەرگا جلی شاڵم كڕیوە لەبەرمدایە بزانە جوانم، هەمیشە دەیووت كە هاتمە داوات سەرتاپات ئەكەم بەئاڵتون خانوویەكی بچوكت بۆ دەكڕم ئەوسا واز لەدائیرە بێنە خۆت تەرخان بكە بۆمن خۆشترین ژیانت بۆ دابین دەكەم. بەڵام لەو ڕۆژگارەدا گەنجی ئەو ڕۆژە هەر بەعەسكەرییەوە مەشغوڵ بوون هیچ



ئازادیەكیان نەبوو. شەڕی كوێت هاتە ئاراوە، عێراق كوەیتی داگیركرد. دەنگی ئەوە هەبوو ئەگەر عێراق تا ١٧/١ نەكشێتەوە ئەمەریكا لەعێراق دەدا.

من و نامۆ بڕیارماندا ئەگەر شەڕ نەبێ ئەوا لەدوای ١٧/١ دەست بكەین بەپرۆسەی هاوسەرگیری، بەڵام بەداخەوە ئەوە بوو لە ١٧/١ شەڕ دەستی پێكرد، هیچ ئومێدێك نەبوو كەس ئاگای لەكەس نەبوو. زۆر درەنگ یەكترمان دەبینی، لەیادمە بەیانییەكیان هاتمە دەرەوە بچم بۆ دەوام سەیرم كرد سەیارەكەی لەبەر ماڵمان ڕاگرتبوو خۆشی لەدوكانی بەرامبەرمان جگەرخانەبوو بینیم بەپێوە نانی دەخوارد و چاوەڕێ هاتنە دەرەوەی من بوو كە منی بینی یەكسەر هات وتی بەیانیت باش هاتوم بتگەیەنم بۆ دائیرە منیش زۆر دڵخۆش بووم هەرچەندە زۆر ئەترسام كەسێك بمانبینێ بەڵام ئەوەندە خۆشحاڵ بووم بەبینینی هەموو شتێكم بیرچووەوە. بەڕاستی خۆشەویستیەكەمان ئەوەندە پاك بوو ئەویش زۆر پاك و بەوەفا بوو.

كەسوكاری هەردوولامان یەكترمان دەناسی بە حوكمی ئەوە چەند ساڵ بەیەكەوە بووین لەگەڕەكدا. دوای لێدانی عێراق ئەوەبوو لە ٢١/٣ ڕاپەڕین دروست بوو. ڕاپەڕین ڕاستە ڕووناكیەك بوو بۆ هەموو كوردێك بەڵام بۆ من تاریكی بوو، تاریكییەك هەتا هەتایە ژیانم ڕووناك نابێتەوە، لەكاتی ڕاپەڕیندا خەڵك هەمووی مەشغوڵ بوو خەتی تەلەفۆن نەبوو. فەرمانگە نەبوو ئاگامان لەیەكتر نەبوو، زۆر بێزار بووم باش بوو وردە وردە دەوام كرایەوە، منیش لەڕێگای



دەوامەوە چوم بۆ دوكان بۆلای كە منی بینی وەك گوڵ گەشایەوە. ڤاتێ جلی ڕەشی لەبەردابوو زۆر جوان بوو دوای هەواڵ پرسین وتی مێردی پوورم كوژراوە وتی با بتگەیەنم ئیشم پێتە.

وتم عەیبە باوكم لەبەر دەرگا وەستاوە چاوی لێمانە باخراپ تێ نەگات. وتی بابزانێ تۆ دەزگیرانی منی من تۆم خۆش ئەوێ و دەمەوێ بتهێنم. ئیتر لەگەڵی سەركەوتم لەڕێگا وتی:

ئەمەوێ بچم بۆ توركیا لەوێشەوە بۆ دەرەوەی وڵات بەخێزانی هەموومان دەڕۆین وابڕیارم داوە تۆش دەبەم. ئێستا دەچین بۆلای قاچاخچییەكە. ئەوە بوو چووین بۆلای قاچاخچی وتی بەزوترین كات ڕزگارمان بكە ئەمەش دەزگیرانمە ئەویش وتی ئێستا ڕێگا زۆر ناخۆشە چاوەڕێ بن تا ماوەیەكی تر خۆم جوابتان لێ دەگێڕمەوە. لەوێشەوە چوین بۆلای دوو كچی هاوڕێم كە لەدائیرە لەگەڵمدا بوون ئیتر بۆ هەواڵ پرسین... هیچ كات هەستم نەئەكرد ئەو دیدارە دوا دیدار ئەبێت ئیتر بەداخەوە نەمبینیەوە....

حكومەت هێرشی كرد بۆ سلێمانی ئێمەش ئاوارەبووین بۆ ئێران بەڵام هەر دڵم لای نامۆ بوو. بۆیەك چركەیەش لەخەیاڵمدا نەئەڕۆی لەئێران خەریك بوو شێت ئەبووم بیرم هەر لەلای نامۆ بوو. دوای یەك مانگ لەدەربەدەری گەڕاینەوە بۆ سلێمانی دوای چەند ڕۆژێك سەیارەكەیم بینی بەخۆی نەبوو بەبراكەی بوو منیش زۆر سەرسام بووم دڵم خورپەیەكی پیاهات هەستم كرد شتێك بووە بۆ بەیانی بەپەلە چوم بۆلای براكەی بۆ دوكان هەواڵیم پرسی پێی وتم بەداخەوە (نامۆ) كاتی هێرشی حكومەت نەڕۆیشتوە هەر لەناو

شاردا دەمانچەی پێبووە لەنزیك فلكەی ئاسكەكان مەفرەزەی (حرس جمهوری) گرتوویانە و لەناو پاسێكی گەورە چەندەها گەنجی تیابووە. بێ سەرو شوێن بردویانن بەرەو بەغداد هەتا گوایە (نامۆ) بەبراكەی وتوە هیچ نیە ئێستا ئازادم ئەكەن.

منیش بەبیستنی ئەم هەواڵە هەموو دنیام لەبەرچاو ڕەش بوو تەنها پیشەم گریان بوو. هەرچەندە باوك و كەسوكاری زۆر هەوڵیاندا كە هەواڵێكی بزانن بەڵام بێ سوود بوو.

خوا خۆی دەزانێ چارەنووسی (نامۆ) و هەزارانی وەك نامۆ چی بەسەر هاتووە، تاڕووخانی رژێمی سەدام هەر ئەمەلم هەبوو چاوەڕێ بوم رۆژێ لەرۆژان بێتەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ ئومێدێك نەما، لەوساتەوە تا ئەم چركەیە خۆشەویستی نامۆ لەدڵمدا ماوە و هەر ئەمێنێ تا ئەمرم قەت قەت لەبیرم ناچێتەوە مەگەر مردن لەبیرم بباتەوە. چونكە خۆشەویستیەكی زۆر پاك و ڕاست بوو.

ڕاستە نامۆ مردووە بەڵام قەت لای من نامرێ هەمیشە لەگەڵ یادگارییەكانی دەژیم. یادگارییەكانی لەناخمدا لەخوێنمدا دەژین، ئەڵێم خۆزگە وەك خوا لەمنی سەندەوە خۆزگە گۆڕێكی هەبوایە بۆ دڵنەوایی بچومایەتە سەری وەك هەموو مرۆڤێكی تر. من تا ئێستا زەواجم نەكردووە نەمتوانیوە كەسێكی ترم خۆش بوێ چونكە هیواو حەزەكانم خرایە ژێر گڵ. لەكۆتاییدا دەڵێم هەزار نەفرەت لەرژێمی سەدام كە ئازیزترین كەسی لەمن سەند....

**خوێنەری بەڕێز ناوەكان خوازراون**



# پێنج كابینەی حكومەت نەیتوانی كارەبا چارەسەر بكات !!

**مەلا تەحسین گەرمیانی**



لە دنیای حكومەت و وڵات بەڕێوەبردندا دەبێ داخوازی لە دوای داخوازیی میللەت جێبەجێ بكرێت ، یان لانی كەم بڵێین چارەسەر بكرێت ، واتە حكومەت و دەسەڵات بە مانای خزمەتگوزاری بۆ باشتركردنی ژیانی خەڵك لە دۆخێكەوە بۆ دۆخێكی تر ، بەڵام لەم هەرێمەی كوردستان كە (١٧) ساڵە بە دەستێوە گیرمان خواردووە ، ئەویش (كارەبایە) ، كە سادەترین مافی خەڵكە و لە هیچ وڵاتێكیش باوەڕ ناكەم كێشەیەك هەبێ بە ناوی كارەبا ، بەڵام لای ئێمە گەورەترین كیشەیە و كەمترین حیسابیشی بۆ دەكرێ و نەبووەتە



ئەولەویەتی سەروی خزمەتگوزارییەكانی تر ، بەو مانایەی كە كێشەیەكی گەورەیە دەكرا بە قەبارەیەكی گەورەتر لەم كێشەیە بڕوانرێ ، كە (١٧) ساڵە ژیانمانی تێكداوە ، ئێمە خاوەنی (١٧) ساڵ تەمەنی حكومەت و خاوەنی ڕابردوی (٥) كابینەی حكومەت بوین و نەمانتوانیوە كێشەی كارەبای ئەم هەرێمە چارەسەر بكەین؟ ئەی دەكرێ بپرسین و بڵێین كابینەی (٦)م چەندی چارەسەر دەكات ، یان ئەم كابینەیەش هەر وەكو ئەوانی تر هەر خەریكی باڵەخانە و قەسر و قوسر دەبن و دەیگەیەنن بە ئاسمان تا لە دورەوە لاسایی دوبەی بكەینەوە و بڵێین ئێمەش پێشكەوتوین و بە شەوانیش بە دیار چرا و لایتی (شەحنەوە) دابنیشین ، یان هەر بە تەمای ئەمپێرەكەی گەڕەگ بین ، ئاخر كاتی ئەوە نەهاتووە ، دەستبەرداری هەمو شتێك بین تا كێشەی كارەبا بخەین بەلایەكدا و چارەسەری بۆ بكرێت و دواتر بیر لە شتی تر بكەنەوە باشتر نییە ، مادام گەورەترین كۆسپ و كێشەی خەڵك كارەبایە ، بۆچی گەورەترین كاری بۆ نەكرێ ، كە ڕەنگە هەر ئەوەندەی ئەو چەند بینا و باڵە خانانەی تێبچێ كە تەنها بۆ میللەت نییە؟ ئەگەر كۆمەڵێ شتتان پێ ناكرێ ، خۆ ئەوەندەی خاوەن مۆلیدە ئەهلیێكانتان پێ ناكرێ ، كە حكومەت لە جیاتی ئەوان وەك بەدیل دابنرێ و بڕە پارەیەكی كەمتریش لە خەڵك وەرگرن.

بە واتایەكی تر چۆن دەتوانن شانازی بە (٥) كابینەكەی حكومەتەوە بكەن ، كە نەیتوانیوە كارەبا چارەسەر بكات ، یان كابینەی تازە لەسەر چی سوێندی یاسایی دەخوات ، یان چییان پێ



دەكرێ یان دەكرێ سویند نەخۆن ، بەس كارەبای ئەم هەرێمە چارەسەر بكەن؟ یان وەزارەتی كارەبامان بۆ چییە ، ئەگەر بێ كارەبا بین؟ یان دەبێ قسەكەی فائیق ( ........ ) بكەین ، كە دەڵێ: (**من سەرۆك حكومەت بم وەزارەتی سكەی قیتار دادەنێم**) ، ئێ خەڵكیش وتیان فائق قیتار و سكەمان كوا ، تا ئەم وەزارەتەمان هەبێ ، ئەویش لە وەڵامدا وتی: (**خۆ كارەباشمان نییە و وەزارەتیشی هەیە**)!!